# ئەرشەد زێباری و جەوهەر هەرکی ناتوانن بەشداری هەڵبژاردن بکەن



**روودلو-هەولێر**

دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی 15 قەوارەی سیاسی لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەی پەرلەمانی عێراق دوور خستەوەو ئەگەری زیادبوونی ئەو ژمارەیەش لە ئارادایە. ژمارەی ئەو پاڵێوراوانەش کە یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەری دەیانگرێتەوە نزیکەی 400 پاڵێوراو دەبن. لەنێو ئەو 15 قەوارەیەدا، کە بە تۆمەتی پەیوەندیان بە حیزبی بەعسی هەڵوەشاوەوە دوور خراونەتەوە، 3 قەوارە سەرۆکیان کوردن، ئەوانیش نەهرۆ عەبدولکەریم کەسنەزانی، سەرۆکی گردبوونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی عێراقی. حیزبی عەدالەتی کوردستانیی عێراق بەسەرۆکایەتیی ئەرشەد زێباری، کە ناوبراو وەزیری دەوڵەت بوو لەسەردەمی سەدام حوسێن. هەروەها کوتلەی هەموو عێراق کە جەوهەر محێدین هەرکی سەرۆکایەتیی دەکات.

6

# لەسەر داواکاری ئێمە ئەڵمانیا کۆنسولخانەی لەهەولێر کردەوە



**روودلو-ئەڵمانیا**

کلۆدیا رۆس، هاوسەرۆکی پارتی سەوزەکانی ئەڵمانیا بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوان یەکەمین گرووپی پەرلەمانتارانی ئەڵمانیا بوون سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردو پاش گەشتەکەیان داوایان لە حکومەتی ئەڵمان کرد نوێنەرایەتییەک لە کوردستان بکاتەوە، ناوبراو گوتی "دوای چەند ساڵ لەسەر داواکاری ئێمە ئەڵمانیا کونسوڵخانەی لە هەولێر کردەوە"، کلۆدیا رۆس لەبارەی رەوشی کوردستانەوە دەڵێت "بارودۆخی پڕ ئاسایشی کوردستان، سەقامگیری سیاسی ئەو شوێنە پیشاندەدات و دەریدەخات کە سەقامگیربوونی عێراق شتێکی لەکران نەهاتوو نییە". گوتیشی "کوردستان دەتوانێ بۆ عێراقی فیدراڵ ببێتە نموونەیەکی زۆر باش".

6

# هەر دەڵێن پارەمان نییە



**روودلو-ئەڵمانیا**

هونەرمەندی باکووری کوردستان شەهریبان، بڕیاریداوە چیتر بەخۆڕایی کۆنسێرت نەکات، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە چەندین ساڵە تەنیا پارەی هاتوچۆی دەدەنێ "15 ساڵە تەنیا پارەی هاتووچۆم دەدەنێ". شەهریبان کە تائێستا 10 ئەلبوومی گۆرانی هەیە، ماوەیەکە زۆر بە کەمی لەکۆنسێرتەکانی باکووری کوردستاندا دەردەکەوێ، لەوبارەوە گوتی "ئەو کەسانەی ئەو کۆنسێرتانە بەڕێوە دەبەن، دۆستایەتیان لەگەڵ کام هونەرمەند هەبێ، ئەو بانگهێشت دەکەن". گوتیشی"هەتا ئەمرۆ کێ بۆ کۆنسێرت و بەرنامە، منی بانگهێشت کردبێت گوتوویەتی:هەڤاڵ شەهریبان، ئێمە هەر دەتوانین خەرجی رێگاکەت بدەینێ، ئەوە پازدە ساڵە من تەنیا خەرجیی رێگەم لەوان وەرگرتووە. بەڵام بڕیارمداوە لەمەودوا بۆ هەر کۆنسێرتێک ئەگەر مافی خۆم پێ نەدەن نەچم".

10


Rûdaw
رووداو
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت
ژمارە (93)
دووشەممە 2010/1/11
21ی بەفرانباری 2709
(750) دینار
www.rudaw.net
چاپی کوردستان


### فوئاد مەعسوم دەڵێ ناچار دەبین دۆکومێنتەکان بهێنینە دەرەوە:

# دۆکومێنتی هەستیارمان لەسەر نەوشیروان مستەفا هەیە کە بڵاوکردنەوەیان رەوشەکە دەگۆڕێت

**تایبەت بەرووداو**

د.فوئادمەعسوم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان رایگەیاند کە ئەوان نایانەوێ کێشەیان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان بگاتە توندوتیژی. گوتیشی کە ئەو لەگەڵ ئەوەیە "شەڕی راگەیاندن رابگیرێت". هاوکات ئەوەشی دووپاتکردەوە کە لایەنگری ئەوە نییە لاپەڕە کۆنەکان هەڵدرێنەوە "چونکە بەزیانی هەمووانەو لەپێش هەمووشیانەوە بەزیانی نەوشیروان مستەفا تەواو دەبێت". بەجۆرێک لە هەڕەشەکردنیشەوە گوتی ئەگەر نەوشیروان هەروا بەردەوام بێت لە تۆمەتبارکردنیان، ناچار دەبن "زۆر لە دۆکومێنتەکان" بهێننە دەرەوە. گوتیشی "دۆکومێنتی زۆر هەستیار هەیە لەسەر کاک نەوشیروان کە بڵاوکردنەوەیان رەوشەکە دەگۆڕێت".

فوئاد مەعسوم لەوەڵامی وتارەکەی نەوشیروان مستەفادا کە هەفتەی رابردوو وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ وتارەکەی سکرتێری گشتی یەکێتی لە پلینیۆمی چوارەمدا بڵاویکردەوە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) گوتی "داوادەکەم کاک نەوشیروان لەو ئاستە بوەستێ". هاوکات رەتیشیکردەوە کە ئەو وتارەی مام جەلال لە پلینیۆم دژی نەوشیروان مستەفا خوێندییەوە بەشێک بووبێت لە راپۆرتی پلینیۆم، بەڵکو کادیرانی یەکێتی ناچاریان کرد ئەو قسانە بکات، گوتیشی "ئەوە خواستی مام جەلال نەبوو کە قسەکانی لە راگەیاندندا بڵاوبکرێتەوە".

هەر لەدرێژەی ئەو هەڤپەیڤینەدا، د.فوئاد مەعسوم رایگەیاند کە ئەوان نایانەوێ کێشەیان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان بگاتە ئاستی توندوتیژی، گوتیشی "رێگە نادەین توندوتیژی رووبدات". ئەو لەگەڵ ئەوەی رەتیکردەوە لەکاتی پەلاماردان و پاشان کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا بەرپرسی سیاسی میحوەرەکە بووبێت، بەڵام گوتیشی یەک رۆژیش خۆی لە بەرپرسیارێتی دوورەپەرێز ناکات. لەبارەی ئەوەش کە ئاخۆ ئەو یەکدی تۆمەتبارکردنە دواجار سەرناکێشێ بۆ یەکدی بردنە بەردەم دادگا، فوئاد مەعسوم گوتی "ئەگەر قەزیەکەمان ببەینە بەردەم دادگا دۆکومێنتی زۆرمان هەیە، ئەو کەسانەش زەرەرمەند دەبن کە بەرپرسیارێتی راستەوخۆیان هەبووەو یەکەم کەسیش کاک نەوشیروانە". گوتیشی ئەگەر ئەم تۆمەتبارکردنە بەمشێوەیە بڕوات "ناچاردەبین زۆر لە دۆکومێنتەکان بهێنینە دەرەوەو ئەوکات رەوشەکە بەشێوەیەکی دیکە دەبێت".

بەڵام سالار عەزیز کە یەکێکە لەسەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، یەکێتی بەوە تۆمەتبار کرد کە وازیان لێناهێنن و گوتی "یەکێتی گورزێکی بەدەستەوەیە دەیەوێ بیکێشێ بەسەری ئێمەدا". هەروەها گوتیشی "ئێمە رامانگەیاندووە کە هیچ پەیوەندییەکمان بە رابردوو و داهاتووی یەکێتییەوە نەماوە، بەڵام ئەوان وازناهێنن". هاوکات داوای لە یەکێتیش کرد کە ئەو هێرشی راگەیاندنە رابگرێ "چونکە سوودی لێ نابینن". بەڵام عیماد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەگەڵ ئەوەی ئەو وەڵام و وەڵامکارییە بەسەرچاوەی گرژی و ئاڵۆزی دەزانێ، راوەستاندنی بەکارێکی زەحمەت دەزانێ و تۆباڵەکەشی خستە ئەستۆی "ئەو لایەنەی دەستپێشخەریی کردووە".

لێدوانی توندی بەرپرسانی هەرە باڵای یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان لەدژی یەکدی، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە وادەی هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراق نزیک دەبێتەوە، خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی دانیشتووانی سلێمانی تووشی دڵەڕاوکێ کردووە بەتایبەتیش بازرگان و سەرمایەدارانی شارەکە کە پێیانوایە ئەو ململانێیە زیانی گەورە بە رەوشی ئابووری و بازرگانیی سلێمانی دەگەیێنێ. یاسین رەحیم، ئەندامی ئەنجوومەنی ژووری بازرگانی سلێمانی کە خاوەنی کۆمپانیایەکی بازرگانیشە، بە (رووداو)ی راگەیاند "بازرگانان دڵنیاییان دەوێ بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان، ئەم دۆخە سیاسییەی ئێستا لەسلێمانی هەیە، بازرگانان و سەرمایەداران تووشی دڵەڕاوکێ دەکات، جگە لەوەش وەبەرهێنەری بیانی هەرگیز روو لەشوێنێک ناکات کە ململانێ سیاسییەکان تێیدا گەیشتبنە نزیکی تەقینەوە".

بەڵام کۆبوونەوەی دوێنێ یەکشەممەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنە بەشدارەکانی پەرلەمانی کوردستان، تا رادەیەکی زۆر ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی خاوکردەوە.

بارزانی لەو کۆبوونەوەیەدا رایگەیاند کە ئەوان بەهیچ شێوەیەک رێگەنادەن جارێکی دیکە خوێنی کورد بەدەستی کورد برژێ. پاش راگۆڕینەوەش لەگەڵ سەرۆکایەتیی پەرلەمان و گشت پارت و لایەنە ئامادەبووەکان کۆبوونەوەکە بەکۆی دەنگ بڕیاری لەسەر چوار خاڵ دا، لەوانەش: راگرتنی دەستبەجێی شاڵاوی راگەیاندن لەنێوان لایەنەکان و کاراکردنی ئەو لێژنەیەی بۆ چارەسەری کێشەی نانبڕاوەکان پێکهاتووە. هەروەها کۆتاییهێنان بەدیاردەی توندوتیژی لەرێگەی پێکهێنانی لێژنەیەک بە سەرۆکایەتیی وەزیری ناوخۆ.

3 و 4



### پرۆفیسۆری ئەمریکی مایکڵ گۆنتەر:



# لەوانەیە دەستی بەغدا لەپشت شەڕە قسەی نێوان تاڵەبانی و نەوشیروان دا هەبێت

**تایبەت بەرووداو**

مایکڵ گۆنتەر پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی تەنەسی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە شارەزاییەکی زۆری لەسەر دۆزی کورد هەیە،لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)، رایگەیاند کە شەڕە قسەی نێوان سەرکردایەتی یەکێتی و گۆڕان زیانێکی زۆر لە دەستکەوتەکانی کورد دەدات. گوتیشی "رەنگە دەستی دەرەکی لەم رووداو و ناکۆکییە ناوخۆییەی کورددا هەبێت".

مایکڵ گۆنتەر، نیگەرانیی خۆی لە هێرشکردنە سەر لایەنگرانی گۆڕان لەسلێمانی دەربڕی، هاوکات گوتیشی "پێموانییە ئەوە سیاسەتی فەرمیی یەکێتی بێت کە هێرش بکاتە سەر لایەنگرانی گۆڕان". مایکڵ گۆنتەر، زیاتر لەبارەی شەڕە قسەی نێوان تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا دوا و گوتی "بێگومان شەڕە قسەی نێوان تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا دەسەڵاتی کورد بەشێوەیەکی گشتی لاواز دەکات". ئەو پسپۆڕە ئەمریکییە ئەوەشی بەدوورنەزانی کە دەستی دەرەکی و بەتایبەتیش بەغدا هەبێت لە پشت ئەو ناکۆکییە "رەنگە بەغدا بەشێوەیەکی نهێنی پاڵپشتی ئەو ناکۆکییەی نێوان یەکێتی و گۆڕان بکات".

3

### نوری مالیکی:



# کێشەی پێشمەرگە قەت چارەسەر نابێ

**تایبەت بە رووداو**

سامی ئەترۆشی، ئەندامی لێژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند ئەمساڵیش کێشەی بودجەی پێشمەرگە چارەسەر نابێت و گوتی "ئێمە لە کەسانی نزیکی مالیکیەوە زانیومانە، کە مالیکی چەندین جار لە شوێنی نارەسمی گوتوویەتی کێشەی پێشمەرگە قەت چارەسەر نابێ".

سامی ئەترۆشی، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی یەکگرتوو، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) هۆکاری چارەسەرنەبوونی کێشەی بودجەی پێشمەرگەی روونکردەوەو گوتی "بەغدا دەڵێ دەبێ ژمارەی پێشمەرگە کەم بکەنەوە. ئەگەر مووچەکەیان لەلایەن وەزارەتی بەرگری عێراقەوە بدرێ، دەبێ بەپێی رێنماییەکانی ئەو وەزارەتە کاربکەن، هەولێریش بەوە رازی نییە، بۆیە بەغدا دەڵێت مادام رازی نابن، مووچەی پێشمەرگە لە 17% بدەن".

سامی ئەترۆشی گوتی لە سێ ساڵی رابردووا بڕگەیەک لەنێو یاسای بودجەی عێراق دا هەبوو، کە دەڵێت مووچەی پێشمەرگە و پێداویستییەکانی، بەپێی رێککەوتنی نێوان سەرۆک وەزیرانی عێراق و کوردستان دیاریدەکرێن، بەڵام ئەمساڵ بڕگەکە دەرهێنرابوو، ئەوەش بەسەر نوێنەرانی کورد لە وەزارەتی دارایی و ئەنجوومەنی وەزیران دا تێپەڕیبوو، هەروەها گوتی بەهەمانشێوە ئەو بڕگەیەی کە بە پێشنیازی شەهرستانی بۆ بڕینی بودجەی کوردستان لە بودجەی عێراق زیاد کرابوو بەسەر نوێنەرانی کورد لە وەزارەتی دارایی و وەزیرانی کورددا تێپەڕی بوو، تاوەکو ئەوان لە پەرلەمان پێیان زانی و بڕگەکەی تایبەت بە پێشمەرگەیان دانایەوەو، بۆ ئەوەی دووەمیش هەوڵی لابردنی دەدەن.

سەبارەت بە بودجەی ئەمساڵی عێراق سامی ئەترۆشی ئاشکرایکرد کە بودجەی عێراق 83 ترلیۆن و 667 ملیار دینارە، بەشی هەرێمی کوردستانیش 10 ترلیۆن و 276 ملیار دینارە. لەگەڵ بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، کە ئەمساڵ بەشی هەر سێ پارێزگاکەی کوردستان 389 ملیار دینارە. سەبارەت بە دامەزراندنی فەرمانبەرانیش، ئەو ئەندامەی لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق رایگەیاند "عێراق بڕیاریداوە ئەمساڵ 115 هەزار کەس دابمەزرێنێ، کە کوردستان 9547 کەسی بەردەکەوێ".

4

### ئەو نابینایەی دوو منداڵەکەی خۆی کوشت:

# لەکوشتنیان پەشیمان نیم، چونکە دەچنە بەهەشت

**تایبەت بە رووداو**

ئەو پیاوە نابینایەی رۆژی 2010/1/2 دوو منداڵی تەمەن 7 ساڵان و یەک ساڵانی خۆی لە چۆڵەوانییەکی نزیک گوندی بێستانە لەرۆژهەڵاتی شاری هەولێر کوشت، لەکوشتنیان پەشیمان نییەو پێیوایە رەوانەی بەهەشتی کردوون. دەشڵێت "نەمدەویست گەورە ببن و تووشی تاوان بن". بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی گومانێکی زۆر لەسەر شێوەو هۆیەکانی ئەنجامدانی ئەو تاوانە هەیە.



سامان سەباح، تەمەن 29 ساڵ، کە بەردەوام خەفەتی لەوە دەخوارد ناتوانێ بە چاوەکانی خۆی جگەرگۆشەکانی ببینێ، ئێوارەیەک بەناوی ئەوەی کە دەیانباتە پارک، دەستی کوڕە حەوت ساڵەکەی دەگرێت و کچە یەک ساڵییەکەشی لە باوەشدەکات، بەڵام هەمان ئێوارە لە چۆڵەوانییەک هەردووکیان دەکوژێت.

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئامادەنەبوو لە بارەی تاوانەکە هیچ لێدوانێک بدات و گوتی "ئەو رووداوە هێشتا ماویەتی". بەپێی توێکاری پزیشکی داد لە نەخۆشخانەی رزگاری هەولێر، سیراجەدین و سیڤان بە گوللە لەسەریان دراوەو دەستبەجێ گیانیان دەرچووە.

پۆلیسی قەزای دەشتی هەولێر لەبارەی ئەو تاوانە پڕ نهێنی و تەمومژە هێشتا نەگەیشتووەتە ئەنجامی کۆتایی و نازانن ئەو باوکە بۆچی جگەرگۆشەکانی کوشتووە. سەرچاوەیەکی پۆلیس لەوبارەوە بە (رووداو)ی گوت "دڵنیاین کە سامان خۆی بکوژە، بەڵام نازانین کێ ئەوی گەیاندووەتە ئەو چۆڵەوانییە، ئەگەر ئەو شۆفێرە دەستگیر بکرێت کە ئەوانی گەیاندووەتە ئەوێ، رەنگە سەرەداوێکی باش بێت بۆ ئاشکراکردنی رووداوەکە".

سامان کە گوللەیەکی لەنێو دەمی سیراجەدین و 3 گوللەشی لە دەست و سینگ و سەری سیڤان دابوو، بەپێی لێدوانی فەرمان محەممەدی، خاڵی دوو منداڵەکە بۆ (رووداو)، سامان لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا، دانی بە تاوانەکەدا ناوە ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە چەند رۆژێک پێشتر ژەهری داوەتە یەکێک لە منداڵەکانی بۆ ئەوەی بمرێت.

13



سامان سەباح



سیراجەدین سامان



## وەزیری داد: ئەوەی پێم بڵێ تاکرەو دەیدەمە دادگا ....... لاپەڕە 7

# بەتۆمەتی "کوشتن" داوایەک لەسەر وەزیری دادی هەرێمی کوردستان تۆماردەکرێت

**روودلو-هەولێر**

بە تۆمەتی "بەشداریکردنیان لە کوشتنی سەدام حوسێن"، یەکێک لە پارێزەرانی سەدام و ژمارەیەک لە سەرکردەکانی پێشووی بەعس سکاڵایەک لەدژی هەریەک لە (نوری مالیکی) سەرۆک وەزیرانی عێراق و دادوەر رەئوف رەشید کە ئێستا وەزیری دادی هەرێمی کوردستانە تۆماردەکەن. داواش دەکەن کە رێگە بەمالیکی نەدرێت بەشداریی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق بکات.

لەو سکاڵایەدا کە (بەدیع عارف عیزەت) لەدژی هەریەک لە مالیکی و دادوەر رەئوف رەشید لەرێگەی باڵیۆزخانەی عێراقەوە لە عەممان لە دادگەی لێکۆڵینەوەی کەرخ تۆماری کردووە و کۆپیەکی دەست (رووداو) کەوتووە، ئاماژە بەوەکراوە کە سەدام حوسێن لەسێدارەنەدراوە و هەریەک لە نوری مالیکی و رەئوف رەشید بە بەرپرسیار لە "کوشتنی سەدام حوسێن" دادەنرێ و، لەم رووەوە چەند خاڵێکیان وەکو بەڵگە داناوە، لەوانە گوایە یاسای دامەزراندنی دادگەی باڵای تاوانەکان لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە ئیمزای لەسەرنەکراوە کە دەبێت بکرێت، هەروەها تەواونەبوونی ئەو (30) رۆژەی کە پاش دەرچوونی حوکمی لەسێدارەدان وەکو دەرفەتێک بۆ تەمیزکردنی بڕیارەکان دەدرێت، جگە لە ئاماژەکردنی بە قەدەخەبوونی لەسێدارەدان لە رۆژانی پشووی فەرمی و رۆژانی جەژن لە ئاینی ئەو کەسەی کە لەسێدارە دەدرێت.

بەدیع عارف عیزەت لە سکاڵاکەیدا داوای لێکۆڵینەوە و ئامادەبوونی هەریەک لە نوری مالیکی و رەئوف رەشید لەبەرامبەر دادگە دەکات، چونکە بەپێی قسەکانی ئەو لەسێدارەدانی سەدام نایاسایی بووە، هەروەها داوای ئازادکردنی تاریق عەزیز و بەرپرسانی دیکەش دەکات، پێشیوایە خێزانی دەستگیرکراوان و ئەو کەسانەی حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە دەتوانن داوا لەسەر دادگا تۆماربکەن و قەرەبوو وەربگرنەوە.

بەدیع عارف عیزەت لە کۆتایی سکاڵاکەیدا داوا لە حکومەتی عێراق دەکات کە "هەرچی خانوو و موڵکی بەرپرسانی پێشووە و لەلایەن بەرپرسانەوە داگیرکراون، چۆڵبکرێن".

# راپۆرتە هەواڵ



## ئەمساڵ تەنیا یەک پرۆژە لە چەمچەماڵ ئەنجامدەدرێ

**ئاکۆ محەممەد شوانی - چەمچەماڵ**

سوعاد ئیسماعیل، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی رایگەیاند بەهۆی کەمکردنەوەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی کوردستان، ئەمساڵ شارۆچکەی چەمچەماڵ پارەی یەک پرۆژەی بەردەکەوێ لەو بودجەیە، ناوبراو گوتی "بودجەی ئەمساڵی پەرەپێدانی پارێزگای سلێمانی، بە ئیدارەی گەرمیانیشەوە 49 ملیار دینارە، لەو برەش چەمچەماڵ 1 ملیار و 108 ملیۆن دیناری بەر دەکەوێ، ئەوەش تەنیا بەشی یەک پرۆژە دەکات". ناوبراو کە نوێنەری چەمچەماڵە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی گوتی" هەوڵدەدەین لە رێگەی وەزارەتەکانەوە چەند پرۆژەیەک لە ناوچەکە ئەنجامبدەین".

## دانا ئەحمەد مەجید، بە راگەیاندنی یەکێتی دەڵێ :

# یان ئێوە دەچنە زیندان یان من



دانا ئەحمەد مەجید لە دوایین کۆنگرەی رۆنامەڤانیدا وەک پارێزگاری سلێمانی (فۆتۆ:رووداو)

### زووە بڵێم لەسەر کام لیست خۆم بۆ ئەنجومەنی پارێزگا کاندید دەکەم

**کاوەشێخ عەبدوڵلا**
**رووداو- سلێمانی**

دانا ئەحمەد مەجید دوای راگەیاندنی دەست لەکارکێشانەوەکەی لە پۆستی پارێزگاری سلێمانی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، رەتینەکردەوە کە لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا کە بریارە لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدابەرێوەبچێ،خۆی بپاڵێوێتەوەو، بە (رووداو)ی راگەیاند " بەڵام هێشتا زووە، بڵێم ئەگەر خۆم بپاڵێوم لەسەر کام لایەن خۆم کاندید دەکەم".

رۆژی 2010/1/7 دانای ئەحمەد مەجید، لەکۆری بەجێهێشتنی پۆستی پارێزگاری سلێمانیدا گوتی " من ئێستا ئەندامی یەکێتی نیم و کاتێکیش داوای خانەنشین بوونم کردووە موساوەمەم بۆ هیچ کەسێک نەکردووە". لەوکۆبوونەوەیەدا کە ژمارەیەک لە کەناڵەکانی راگەیاندن تێیدا ئامادەبوون، پارێزگاری دەست لەکارکێشاوەی سلێمانی گوتی" قبوڵم نەکرد هەرکەس لەسەر جادەوە بێت و دەست وەربداتە کاروباری پارێزگای سلێمانی و دەسەڵاتی پارێزگارەکەی پێشێل بکات، ئەوەم لەکەس قبوڵ نەکردووە".

**یەکێتی بوختانی پێکردم**

لەو کۆبوونەوەیەدا کە وتوێژی زۆر لەنێوان راگەیاندنەکانی یەکێتی و پارێزگاری پێشووتری سلێمانیدا هاتە ئاراوە، نزیکبوو کۆرەکە ببێتە جێی پرسیارو لێپێچینەوەی راگەیاندنی یەکێتی لەدانای ئەحمەد مەجید، بەڵام دانا کە لەهێندێ کاتدا توڕەو نیگەران دەردەکەوت وەڵامی پەیامنێرانی کەناڵەکانی راگەیاندنی یەکێتی دەدایەوە، لەبەشێکی قسەکانیدا، دانا ئەحمەد مەجید رایگەیاند"یەکێتی بوختانی پێکردم، بەڵام ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی خۆیان پێیگوتم ئەو قسانە هیچی راست نییە کە دەرهەق بە تۆ دەیکەن"، گوتیشی "سێ رۆژ پێش ئێستا لای مام جەلال بووم لە دوکان، ئەو پێیگوتم ئەوەی غەدری لە تۆ کرد و ئەوەی غەدری لە ئەنجوومەنی پارێزگا کرد راگەیاندنی یەکێتی بوو".

لە وەڵامی پرسیارێکدا کە، راستە وتبووی ئامادەم لەسەر نەوشیروان مستەفا خۆم بە کوشت بدەم، دانای ئەحمەد مەجید گوتی " ئێستاش سوورم لەسەر ئەو قسەیەی خۆم، ئامادەم لە پێناوی کاک نەوشیروان ومام جەلالیش خۆم بە کوشت بدەم، چونکە ئەوانە پێشتر هاورێ و لێپرسراوی من بوون".

لەپرسیارێکی راگەیاندنی یەکێتیدا، ئەوە لە دانا پرسیار کرا: "بەڵگە هەیە تۆ لەسەروەختی بانگەشەی هەڵبژاردن کۆمەکی دارایی گردەکەت کردووەو شۆفڵ وئامێری دیکەت بۆناردوون؟"

ئەویش لەوڵامدا گوتی " ئەوەی ئێوە بەگرد نێوی دەبەن ئەوە هەر گرد نییە، بەڵکو کۆمپانیایەکی گەورەیەو بەدەنگی بەشێکی زۆری میللەت 25 کورسی پەرلەمانیان بۆخۆیان مسۆگەرکرد،ئەوجا ئەگەر ئەو قسەیەتان بەڵگەی هەیە ئەوە دادگا، ئەگەر راستە بابچمە زیندان، ئەگەرنا دەبێ ئێوە بچنە زیندان لەسەر ئەو قسانە". دواتردانا ئەحمەد مەجید خۆی پرسیاری کرد " ئەی سەرنووسەرەکەی (کوردستانی نوێ) بۆ نابرێتە بەردەم دادگا ئەویش چەندین بەڵگەی لەسەر بڵاوکراوەتەوە؟ من زیاد لە سێ ساڵ ژیانی خۆم بەخشییە یەکێتی و شەش جار لەسەر یەکێتی بریندارکرام، خۆ ئەو رۆژێک لەرۆژان یەکێتی نەبووە، بۆ کەس باسی ناکات و لێی ناپرسێتەوە".

تێکچوونی نێوانی لەگەڵ کۆسرەت رەسوڵ لەساڵی 2006 و ململانێی لەگەڵ سەرۆکی پێشووی شارەوانیی سلێمانی حاکم قادر، ئاشکراترین ئەو کێشەو ململانێیانەبوون لەنێوان دانای ئەحمەد مەجید و بەرپرسانی یەکێتی لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا. بەڵام لەسەروەختی دەرکەوتنی لیستی گۆڕان ودەست پێکردنی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن لەمانگی تەممووزی رابردوو، ئەو ململانێیانە گەیشتە ئاستێکی زۆر بەرزتر. تا گەیشتە ئەوەی لەراگەیاندنی یەکێتییەوە تۆمەتی پارەخواردن وتێوەگلان لە گەندەڵی خرایە پاڵ دانا ئەحمەد مەجید و هەر لەوێشەوە راگەیێنرا دانا دەدرێتە دادگا، بەڵام لەدیدارێکی لەگەڵ رۆژنامەی (رووداو) عیماد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و جێگری سەرۆکی پێشووی حکومەت دانای لەو تۆمەتانە بێ بەری کردو رایگەیاند " دەرکەوت ئەو هیچی لەسەر نییە".

لەکۆتاییدا پارێزگاری دەست لەکارکێشاوەی سلێمانی گوتی" ئینشائڵلا ئەو کەسەی دوای من ئەم پۆستە وەردەگرێ سەرکەوتوودەبێ لەکارەکانیدا".

دوای ئەوەی پەرلەمانتارێک بە پشت بەستن بە (رووداو) پرسیاری لێکرد، وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا:

# کار لەسەر باشترکردنی پێگەی کورد لە تورکیا دەکەین



**رووداو-دەنهاخ**

وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا رایگەیاند کە تورکیا ناتوانێ ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا ئەگەر مافی کەمینەکان نەپارێزێ. لە وەڵامی پرسیارنامەیەکی پەرلەمانی وڵاتەکەیدادەربارەی هەڵوێستی حکومەتی هۆڵەندا سەبارەت بە داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP لە تورکیا، ماکسیم فێرهاخنی وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا روونیکردەوە کە وڵاتەکەی بە نیگەرانییەوە لەو هەنگاوەی دادگای دەستووریی تورکیا دەڕوانێ. بە بڕوای فێرهاخن داخستنی DTP زیان بە پرۆسەی دیموکراسی لە تورکیادا دەگەیێنێ.

دوو هەفتە پێشتر پەرلەمانتاری هۆڵەندی هاری ڤان بۆمڵ، لەسەر لیستی پارتی سۆسیالیست، بە پشتبەستن بە راپۆرت و زانیارییەکانی بەشی هۆڵەندیی (رووداونێت) پرسیارنامەیەکەی ئاراستەی فێرهاخن کرد. وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا لە وەڵامی ئەو پرسیارنامەیەدا دەڵێ: "تورکیا ناتوانێ ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا ئەگەر رێز لە مافی کەمینەکانی ناو وڵاتەکەی نەگرێ". هەروەها پێشتریش وڵاتی سوێد، وەک سەرپەرشتیاری خولی ئێستای یەکێتییەکە، داوای لە تورکیا کرد کە گۆڕانکاریی دەستووریی بکات تاوەکو چیدیکە رێگە بە داخستنی پارتەکان لە تورکیا نەدرێ.

وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا رایگەیاند کە حکومەتەکەی لەو باوەڕەدایە کە چاکسازییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوورییەکان بۆ کوردان، بەستراوەتەوە بە هەبوونی دەنگی سیاسی کورد لە پەرلەمانی تورکیاشدا. فێرهاخن دەڵێ: "هەرچەندە دەبێ چاوەڕێ بین تاوەکو بزانین دەرهاویشتەکانی داخستنی DTP چی دەبن. بەڵام هەرواش تێبینیمان کردووە کە ئەو بڕیارەی دادگە لە خزمەت ئەو نزیکبوونەوەیەدا نییە کە حکومەتی تورکیا بەرەو لای کۆمەڵگەی کوردی دەستی پێکردوووە."

وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا بەڵێنیش دەداتە پەرلەمانی وڵاتەکەی کە لەسەر ئاستی پێوەندییە دوو قۆڵییەکان و لەسەر ئاستی یەکێتیی ئەورووپاش "بە جیدی هەوڵی بایەخدان بە چاکترکردنی پێگەی کورد لە تورکیادا دەدات".

# ل سالا بووری 1476 سنووورداشکری ل ئیبراهیم خەلیل دا هاتینە وەرگرتنەڤە

## پارێزگەها سلێمانیێ هەر مایە سەر لیست و دهۆک جیێ هەولێرێ دگریت

**نەجمەددین نێروەیی**
**رووداو-زاخۆ**

دەروازەیا ئیبراهیم خەلیل یا سنووری کو مەزنترین دەروازەیە بۆ ڤەگەڕاندنا سنورداشان بۆ هەرێما کوردستانێ و عێراقێ، سالا 2009ێ کێمترین سنووورداش وەرگرتن ل ئالیێ تورکیا، ب بەراورد دگەل سالێن بەرێ کۆ ب روژانە سنورداش هەبوون لێ د ئەڤ سالەدا زور د کێمیێدایە.

رێڤەبەریا ئاسایشا ئیبراهیم خەلیل بۆ (رووداو) دیارکر کو د سالا 2009دا ب گشتی (1476) کەس ب رێکا دەروازەیا ئیبراهیم خەلیل بۆ هەرێما کوردستانێ و عێراقێ ب گشتی ژ لایێ وڵاتان ڤە هاتینە دیپۆرتکرن و هەر ئێک ژ وان کەسان هاتیە رەوانەکرن بۆ ئاسایشا دەڤەرا وی.

ب گورەی ئامارا لبەر دەستێ ئاسایشا ئیبراهیم خەلیل، ل سالا 2007ێ رێژا سنورداشان ل حەفت هزار کەسان بووریە و ل سالا 2008ێ (5502) کەس هاتبوونە سنورداشکرن کو (3654) کەس ب رێکێن قاچاخ سنور بەزاندبوون و پاشی هاتبوونە گرتن و رەوانەکرن بۆ کوردستانێ و (1848) کەس ژی ب رێکێن فەرمی یانکو ب پاسپۆرت چووبوون لێ ماوێ پاسپورتێن وان ب داوی هاتبوون و ئەوژی هاتینە گرتن و رەوانەکرن بۆ کوردستانێ، لێ ل سالا 2009دا ئەڤ رێژا سنورداشان زۆر کێمبوویە و، بوویە (1476) کەس کو (750) کەس ب رێکێن نە فەرمی چۆبوون و (726) کەس ژی ب فەرمی چۆبوون و هاتینە گرتن و رەوانە کرن بۆ ناڤ خاکا هەرێما کوردستانێ.

هەر ب گورەی وێ ئامارا ئاسایشا ئیبراهیم خەلیل، سالا 2009 ژی، هەژمارا وان کەسێن هاتینە سنورداشکرن پتریا وان خەلکێ پارێزگەها سلێمانیێ بوون. ل سالا 2008ێ ل هەرسێ پارێزگەهێن هەرێما کوردستانێ پارێزگەها سلێمانیێ زۆرترین ژمارا سنورداشان هەبوویە و لدیڤ دا هەولێر و دوماهیک پارێزگەها دهوک بوویە، لێ ل سالا 2009ێ هەر سلێمانی لسەرێ لیستا ژمارا زێدەیا سنورداشان دهێت کو (339) سنورداشێن نە فەرمی و (109) سنووورداشێن فەرمی بخۆڤە دگریت و، دهۆک ژی ل رێزا دوویێ دهێت کو (255) (88) سنووورداشێن نەفەرمی و بێن فەرمی و، هەولێر ل رێزا دووماهیێدایە کو کێمترین رێژا سنورداشان هەیە و ئەوژی (78) سنووورداشێن نەفەرمی و (86) بێن ب رێکێن فەرمی هەبووینە. قەزا زاخۆ ژی کۆ تایبەتیا خۆ هەیە و ل گەل پارێزگەها دهۆک ناهێتە هەژمارتن و بەس لڤێ قەزایێ (223) سنورداش هەبووینە کو (104) بێن نەفەرمی و (119) بێن فەرمی بووینە و ل پارێزگەهێن دی ژی بێن عێراقی سنووورداش هەبووینە و پتریا وانژی ل پارێزگەها موسڵ بووینە.

بەشێ ڤەکولینا ل ئاسایشا ئیبراهیم خەلیل راگەهاند کو زۆربەیا ڤان کەسان د ڤەکولینێدا ئەگەرێن چۆنا خۆ دکرنە: بێکاری، ئاریشێن کۆمەلایەتی، تێرکرنا حەزێن سێکسی. زۆربەیا هەرە زۆر تەخا گەنجانە کو ژیێ وان دکەڤیتە دناڤبەرا (18-21) سالیدا.

# یەکێتی فەوجێک بۆ شاهۆی خالیدی خولە سوور دەکاتەوە



**خالیدی خولە سوور:**
**ئێستاش لایەنگری بزووتنەوەی گۆڕانم و نەگەڕاومەتەوە ناو یەکێتی**

**رووداو-سلێمانی**

یەکێتی بڕیاریداوە فەوجێک بۆ شاهۆی خالیدی خولەسوور بکاتەوەو ناوبراویش ئەو هەواڵەی پشتڕاست کردەوەو رایگەیاند لیستی ناوەکانمان پێشکەش کردووەو چاوەڕوانی وەڵامین، بەڵام جێگری وەزیری پێشمەرگە رایگەیاند هیچ بڕیارێک نییە بۆ وەرگرتنی پێشمەرگەی نوێ لەسەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە.

شاهۆ ئێستا سەرقاڵی ئامادەکارییەکانی پێکهێنانی فەوجێکی سەربازی نوێیە کە یەکێتی بڕیاری کردنەوەی داوە. شاهۆی خالیدی خولەسوور بە (رووداو)ی راگەیاند "لیستێکمان پێشکەش کردووە کە1000گەنج لەخۆدەگرێت و چاوەڕوانی دوا وەڵامی پێکهێنانی فەوجەکەین". گوتیشی "فەوجەکە بڕیاری لەسەر دراوەو سەر بەفەرماندەیی یەکێتی دەبێ و فەوجێکی نیزامی دەبێ".

ئەنوەری حاجی عوسمان، جێگری وەزیری پێشمەرگە دەڵێ تائێستا بڕیارێک نییە بۆ وەرگرتنی پێشمەرگەی نوێ لەسەر میلاکی وەزارەت و نزیکەی 70 - 80 هەزار پێشمەرگە نووسراوەو پێدەچێت لەو ژمارەیەش زیاتر بێت و ناکرێ خەڵکی تازە لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەدا وەربگیرێت. هەروەها گوتیشی "بڕیاری وەزارەت لەبارەی کردنەوەی فەوجی نوێوە نییە و ئەگەر وابێت، ئەمە پێچەوانەی رێککەوتنەکانی پارتی و یەکێتییە".

لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا، خالیدی خولە سوور پشتیوانی لیستی گۆڕانی کردو یەکێتیش زۆر بەوە نیگەران بوو. لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو)، خالیدی خولەسوور دووپاتیکردەوە ئەو ئێستاش پشتیوانی بزوتنەوەی گۆڕان دەکات و نەگەڕاوەتەوە ناو یەکێتی و، دوورونزیکیش پەیوەندی بەو فەوجەوە نییە. سەرچاوەیەکی نزیک لەکارەکانی ئەو فەوجەش دەڵێ کردنەوەی ئەو فەوجە بۆ کوڕی ناوبراو، تەنها بۆ راکێشانەوەی ئەو گەنجانەیە کە نزیکن لەخالیدی خولەسوورەوە تا لەگۆڕان دووربکەونەوە.

شاهۆ خالید نەیشاردەوە کردنەوەی ئەو فەوجە کاریگەری لەو بارەیەوە دەبێت و گوتی "ئێمە عەشیرەتێکی گەورەو فراوان و ناسراوین و خەڵکێکی زۆرمان لەگەڵدایە".

ئێستا پارتی و یەکێتی، کە سەرقاڵی تێکەڵکردنەوەی هێزی پێشمەرگەن، یەکێک لەگرفتەکانی بەردەمیان ژمارەی هێزەکانیانەو پارتی رەخنەی ئەوەی لەیەکێتی هەیە کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بەبێ بوونی پێویستی لەریزەکانی هێزی پێشمەرگەدا تازە وەرگرتووەو داوای کەمکردنەوەیان دەکات.

وەک شاهۆ خالید باسیکرد، ئەو فەوجە راستەوخۆ سەر بەکۆسرەت رەسوڵی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی دەبێت. یەکێک لەو گەنجانەش کە ناوی خۆی بۆ ئەو فەوجە تۆمارکردووە دەڵێ، پێمانگوتراوە مووچەی مانگانەتان لە 500 هەزار کەمتر نییە و

# هەفتەی ئایندە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دەست پێدەکات

**تایبەت بە رووداو**

سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رایگەیاند کە لە10 رۆژی ئایندەدا هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دەستپێدەکات و رەتیشیکردەوە تاوەکو ئێستا بڕیاری کۆتایی دەرچوویێ بۆ بێبەشکردنی هیچ کەس و قەوارەیەکی سیاسی لە هەڵبژاردنەکان.

فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەوەی خستەڕوو کە دوای تەواوبوونی وردبینیکردن لە بڕوانامەی کاندیدەکانی قەوارە سیاسییەکان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات.

لەبارەی کاتی تەواوبوونی وردبینیکردن لەناوی کاندیدکراوەکان، فەرەج حەیدەری لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "تاوەکو ئێستا هیچ ناوێکیان بۆ ئێمە نەگەڕاندووەتەوە، بەڵام بە پشت بەستن بە قسەی وەزارەتی خوێندنی باڵا هەفتەی ئایندە لێکۆڵینەوەکان تەواو دەبن".

بەپێی گوتەی فەرەج حەیدەری 6 هەزارو 539 کاندید کێبرکێ لەسەر بەدەستهێنانی 322 کورسی پەرلەمانی عێراق دەکەن و تاوەکو ئێستاش 10 وڵات لە کۆی 15 وڵات رەزامەندی خۆیان دەربڕیوە کە رێ بە دەنگدانی عێراقییەکانی نیشتەجێی وڵاتەکانیان بدەن .

هەرچەندە لەدەزگاکانی راگەیاندن دا هەواڵی بێبەشکردنی چەند لایەنێکی سیاسی و چەند پالێوراوێک، لە هەڵبژاردنەکان راگەیێندرا بەهۆی ئەوەی پەیوەندییان بە حیزبی بەعسەوە هەبووە، لەناو ئەوانەشدا سالح موتلەگ و نەهرۆی شێخ محەممەدی کەسنەزانی، بەڵام فەرەج حەیدەری دەڵێ "ئەوەی دەگوترێت لەبارەی ئەوەی چەند کەس و لایەنێکمان لەهەڵبژاردن بێبەشکردووە هیچ راست نییەو تاوەکو ئێستا تەنیا یەک کەسیشمان بێبەشنەکردووە". بەڵام دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەری سەر بە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند کە 15 قەوارە و دەیان کاندیدی لە مافی خۆپاڵاوتن بێبەشکردووە.



راپۆرت

بەهەرۆز قەشقەیی دەبێتە پارێزگاری سلێمانی



رووداو –سلێمانی
سەرچاوەیەکی بەرپرس لە وەزارەتی ناوخۆ لە سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند کە بەهرۆز قەشقەیی، کە پێشتر ئەندازیار بووە لە کۆمپانیای نۆکان، کاندید کراوە بۆ پۆستی پارێزگاری سلێمانی و لە چەند رۆژی ئایندەدا ئەنجوومەنی پارێزگاش دەنگی لەسەر دەدات

پرۆفیسۆری ئەمریکی مایکڵ گۆنتەر، لە بارەی یەکێتی و گۆڕان:

# ئەمەریکا تەنیا ئەو کاتە نیگەران دەبێ کە ئەو رووداوانە خراپتربن

**مایکڵ گۆنتەر پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی (تەنەسی تێک)ی ئەمریکی و زانکۆی نێودەوڵەتی لە نەمسا، شارەزاییەکی زۆری سەبارەت بە دۆزی کورد و ناکۆکییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە و چەندین کتێبی لەسەر کورد و ناسیونالیزمی کوردی نووسیووە و هەڵگری خەڵاتی فولبرایتە، لە وڵاتانی چین، ئیسرائیل و تورکیا و زۆربەی زانکۆکانی ئەمریکا مامۆستای پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بووە. هەروەها لە زانکۆکانی تورکیاش مامۆستا بووە. گۆنتەر لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند کە شەڕە قسەی نێوان سەرکردایەتی یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان زیانێکی زۆر لە دەستکەوتەکانی کورد دەدات. هەروەها دەڵێت "رەنگە دەستی دەرەکی لەم رووداو و ناکۆکییە ناوخۆییەی کورددا هەبێت":**

**هەڤپەیڤین: هاوار عەبدولڕەزاق**

**رووداو: دۆخی سلێمانی لەم دواییەدا زۆر تووندبوو پاش هێرشکردنە سەر چەند لایەنگرێکی گۆڕان، بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان. ئەمە چۆن دەبینی؟**

**مایکڵ گۆنتەر:** پێموانییە ئەوە سیاسەتی فەرمیی یەکێتی بێت کە هێرش بکاتە سەر لایەنگرانی گۆڕان. بێگومان مام جەلالیش ئەم تۆمەتانەی رەتکردنەوە و ئیدانەی ئەو هێرشانەی کرد و داوای لە هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر کرد کە هەموو کارێک بکەن لەپێناو رێگەگرتن لەهەر کردەوەیەکی لەوشێوەیە لە داهاتوودا. سەرۆک کۆماری عێراق و سکرتێری گشتی یەکێتی کەسێکی رێزدارە و من بڕوام بە لێدوانەکانی هەیە. کوردیش دەکەونە بارودۆخێکی خراپەوە ئەگەر بڕوای پێ نەکەن. زیاتر ئەو ئەگەرە بەهێزە کە هەندێ کەسی تووڕەی ناو یەکێتی لەپشت ئەم رووداوە مەترسیدارانەوە بن، بەڵام خەڵکەکە هیچیان لەبارەوە نازانێت و ئەگەر واش بێت، هیوادارم کە ئیدانەکردنی ئەو هێرشانە لەلایەن مام جەلالەوە لەیەکتریان نزیک بکاتەوە.

**رووداو: پێتوایە ئەو رووداوانە مەترسییان بۆ سەر بارودۆخی ئارامی هەرێمی کوردستان هەبێت؟**

**مایکڵ گۆنتەر:** بێگومان رووداوی وەک هێرشکردن و رفاندنی لایەنگرانی گۆڕان کاریگەرییەکی نێگەتیڤی بۆ سەر سەقامگیری کوردستان دەبێت. یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە بووەتە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان خەڵک بۆ لای خۆی رابکێشێت، ئارامی و هەلی کارکردن و سەرکەوتوویی پرۆسەی سیاسییە لە هەرێمی کوردستان، هەر ئەمەش بووە کە هەرێمی کوردستانی دوور گرتووە لەو شەڕ و کوشتارەی باشووری عێراق.

**رووداو: تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا لە وەڵامدانەوەی یەکتریدا هەندێ بڕینی رابردوویان کولاندەوە، ئایا ئەو شەڕە قسە و ناکۆکییە دەسەڵات و پێگەی کورد لاواز دەکات؟**

**مایکڵ گۆنتەر:** بێگومان شەڕە قسەی نێوان تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا دەسەڵاتی کورد بەشێوەیەکی گشتی لاواز دەکات. هەموو لایەکیش ئەوە باش دەزانن کە لە رابردوودا کورد گەورەترین دوژمنی خۆی بووە، بەهۆی ئەو هەموو پارچەبوونەی نێوخۆیان. ئەم پارچەبوونەش هەمیشە دوژمنانی کوردی هانداوە کە تاکتیکی پارچەبوون دژی کورد بگرنەبەر. هەروەک چۆن لە نێوەڕاستی نەوەتەکانیش روویدا کە پارتی و یەکێتی شەڕێکی خوێناوییان کرد. یەکێتیش لەسەرەتاوە کە لە1ی حوزەیرانی

## شەڕە قسەی نێوان تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا دەسەڵاتی کوردی لاواز دەکات

1975 دامەزرا لەلایەن کۆمەڵەی نەوشیروان و بزووتنەوەی سۆشیالستی عەلی عەسکەری دروستبوو، هەموو لایەکیش ئەوەی لەبیرە کە چۆن عەلی عەسکەری لەساڵی 1978 لەلایەن کورد خۆیەوە دەستگیرکرا و کوژرا. لەماوەی ساڵانی رابردوودا، نەوشیروان مستەفا هەمیشە شێوازی دانیشتنی بەکارهێناوە، کاتێک ویستوویەتی نیگەرانی خۆی بەرامبەر کارەکانی نێو یەکێتی پیشانبدات. بەخۆشحاڵییەوە بارودۆخی هەنووکە لەچاو رابردوودا ئەوەندە مەترسیدار نییە، بەڵام ئەوەش ئەرکی هەموو کوردێکە کە رێگە نەدەن بارودۆخەکە خراپتر ببێت.

**رووداو: زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە ئەم ناکۆکییە ناوخۆییە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا زیانێکی گەورە لەکورد دەدات؟**

**مایکڵ گۆنتەر:** ئەم پارچەبوونە ناوخۆییە ئەگەری ئەوەی هەیە کە زیان لە هێزی کورد بدات لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی پەرلەمانی عێراق، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نایێت کە لەدوای هەڵبژاردن پارتی و یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان نەتوانن پێکەوە لە پەرلەمانی عێراق بۆ بەرژەوەندییەکانی کورد کار بکەن. ئەوەش پاساوێکی خراپە ئەگەر بگوترێ نابێ هیچ ئۆپۆزسیۆنێک لەنێو کورددا هەبێت، لەبەرئەوەی ئەمەش زیان بە یەکگرتوویی کورد دەگەیێنێت. ئەو بیرکردنەوەیە تەنیا بەردەوامی بە کردەوەکانی رابردوو دەدات، هەر خەڵکە کۆنەکان لەسەر دەسەڵات دەهێڵێتەوە و رێگە لە ئەنجامدانی ریفۆرم دەگرێت کە کارێکی زۆر پێویستە. دیموکراسی بە مانای رکابەرایەتی دێت لە هەڵبژاردن و لەدوای هەڵبژاردنیش بەمانای سازشکردن دێت بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکان.

**رووداو: هەندێک وای بۆ دەچن کە "دەستی دەرەکی" لەپشت ئەم ناکۆکییە بێت، بەتایبەتی لە بەغداوە، ئەمەش بەمەبەستی لاوازکردنی یەک هەڵوێستی کورد، رای ئێوە چییە؟**

**مایکڵ گۆنتەر:** هەمیشە ئەو ئەگەرە هەیە کە دەستی دەرەکی هەبێت و رەنگە لە بەغداشەوە بێت کە بەشێوەیەکی نهێنی پاڵپشتی ئەو ناکۆکییەی نێوان یەکێتی و گۆڕان بکات. هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێدا، تاکتیکی پارچەبوون تاکتیکێکی باو بووە کە لەلایەن دوژمنانی کوردەوە بەکار هاتووە، بەڵام دەبێ جەختیش لەسەر ئەوە بکەمەوە کە ئەگەر دەستێکی دەرەکی هەبێت، ئەوا تەنیا خاوەن رۆڵێکی بچووکە، لەبەرئەوەی ئەمە مەسەلەیەکی ناوخۆیی کوردە.

**رووداو: لەو بڕوایەدای ئیدارەی ئەمریکا نیگەران بێت بەرامبەر ئەو ناکۆکییە؟**

**مایکڵ گۆنتەر:** ئەمریکا تەنیا ئەوکاتە نیگەران دەبێت کە ئەو رووداوانە خراپتر ببن و شەڕو پێکدادان دروست ببێت، لەو بڕوایەشدا نیم کە شتی وا رووبدات، بەڵام تەنیا کات ئەوە ئاشکرا دەکات.



خەڵک و لایەنە سیاسییەکان داوادەکەن کۆتایی بەململانێکانیان بێنن

# "زەمینەی دانوستاندن لەنێوان یەکێتی و گۆڕان دا نییە"

**نەوزاد مەحمود**
**رووداو-سلێمانی**

وەک چاوەڕوان دەکرا، نەوشیروان مستەفا بە وەڵامدانەوەی تاڵەبانی، سێیەمین تاوێرە بەردی گەورەی فرێدایە نێو گۆمەکەو بەوەش پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوولایەنە ناکۆکە هەنگاوێکی دیکە لەئاسۆی گەشبینی دوورکەوتەوەو هەنووکە دانیشتووانی سلێمانی دەترسێن، کە هەڵدانەوەی زیاتری لاپەڕەکانی رابردوو، دۆخێکی مەترسیداری پڕ لەتووندوتیژی بەدوای خۆیدا بێنێ.لایەنە سیاسییەکانیش بەنیگەرانییەوە لە هەڵوێستی هەردوولا دەڕوانن و داوادەکەن راوەستن.

دوای ئەوەی ماڵپەڕی سبەی کۆمپانیای وشە لە رۆژی 2010/1/5 وەڵامدانەوەکەی نەوشیروان مستەفای بڵاوکردەوە، رۆژی 2010/1/6 کازێر هەشتی بەیانی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی بەرەو شاری بەغدا بەڕێکەوت تا چاوی بەتاڵەبانی بکەوێت و لەنزیکەوە گفتوگۆی لەگەڵ بکات و گرژییەکان بڕەوێنێتەوە. زانا روستایی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لەبارەی ئەو سەردانەی ئەمیری کۆمەڵ، گوتی "یەکێک لەتەوەرەکانی گفتوگۆی لەگەڵ مام جەلال، مەسەلەی ئاساییکردنەوەی دۆخی نێوان یەکێتی و گۆڕانە، کە بێگومان جەنابی مامۆستا عەلی باپیر جددیە لەهەوڵی ئاساییکردنەوەی ئەو دۆخە". روستایی گوتیشی "خۆی ئەو گرژییە ئەگەر لەسەر ئاستی خوارەوە بێت چارەسەر دەکرێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئێستا گرژییەکە لەنێوان هەردوو سەرکردەکەدایەو ئەمەش کاردانەوەی



## مامۆستا عەلی باپیر بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە چووە لای مام جەلال

زانا رووستایی

خراپی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێت". بە بڕوای ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی، پێویستە هەوڵی دڵسۆزانە بدرێ بۆ کۆتاییهێنان بەو رەوشە ئاڵۆزە، لەکاتێکدا کە پرۆسەی هەڵبژاردن لەپێشە.

هەروەها یەکگرتووی ئیسلامیش لەزاری کارگێڕی مەکتەبی سیاسییەکەیەوە داوا دەکات هەردوولا زمانێکی نەرم بگرنەبەر. سەلاحەدین بابەکر، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) ئامادەیی یەکگرتووی نیشاندا بۆ هەر هەوڵێکی میانگیرانە ئەگەر داوایان لێبکرێ "ئێمە بەنیگەرانییەوە لەو بارودۆخە دەڕوانین، ئەگەر خوانەخواستە گرژییەکان بەردەوام بن رەنگە کاریگەری سلبی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن دابنێ". هەروەها گوتیشی تائێستا چەند دیدارمان لەگەڵ هەردوولا سازدابێ قسەی خێرمان کردووە "بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە ئیرادەی دانوستاندن لەنێوانیاندا نییە".

لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێیانوایە ململانێکانی نێوان ئەو دوو سەرکردەیە گەیشتووەتە قۆناخێکی مەترسیدار، هەر لەو سۆنگەیەشەوە داوای چارەسەری کێشەکانیان دەکەن. سەرکردەی یەکێک لەحیزبە کوردییەکان گوتی "کێشەی سەرەکی ئەوەیە تائێستا زەمینەی دانوستاندن لەنێوانیاندا نییە، لەبەر ئەوەش هەوڵەکان ئاکامێکی ئەوتۆیان نابێت". ئەو سەرکردەیە کە نەیویست ناوی بهێنرێ، گوتیشی "بێگومان خەڵک بەو هۆیەوە سارد دەبنەوە لەدەنگدان و سەقامیگری تێکدەدات".

### لەسەر هێڵ، بەزمانی ئاگر

تاڵەبانی پلینیۆمی چوارەمی حیزبەکەی وەک دەرفەتێک بەکارهێنا بۆ باسکردنی کۆمەڵێک بابەتی هەستیار و مەترسیدار و رایگەیاند نەوشیروان بەرپرسی یەکەمی زۆربەی ئەو گرفتانەیە کە بەرۆکی یەکێتییان گرت. زیاتر لەوە تاڵەبانی بەرپرسیارێتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو کەرکووک و چەند پرسێکی گرنگی دیکەشی خستە ئەستۆی نەوشیروان مستەفا، کە ئەوکات جێگری ئەوبووە .لەدیدارێکی رۆژنامەی (الشرق الاوسط)یشدا، نەوشیروان مستەفای تۆمەتبار کرد بەدژایەتیکردنی یەکێتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان. تاڵەبانی هەفتەی رابردوو، لەوێوە



## زەحمەتە وەڵام و وەڵامکاری کۆتایی بێت و بوەستێ

عیماد ئەحمەد

دیسان هاتەوە سەرهێڵی ململانێیەکە.

وەڵامەکەی نەوشیروان مستەفاش، بەهەمانشێوەی تاڵەبانی دەست بردنەوەبوو بۆ رووداوەکانی رابردوو، بەڵام بەو ئاراستەیەی کەخودی تاڵەبانی خۆی بەرپرسی یەکەمی شکست و کێشەکانەو گوتی دوای بڕانەوەی شەڕی عێراق و ئێران، تاڵەبانی چووە دەرەوە "-لەغیابی سکرتێری گشتیدا- پایەکانی ستراتیجی قۆناخی نوێی کارمان رێکخست، هێزی



## ئێمە ئیعتراف بەیەکێتی دەکەین با ئەوانیش ئیعتراف بەئێمە بکەن

سالار عەزیز

پێشمەرگەمان رێکخستەوەو راگەیاندنەکانمان بەهێزکردو لەرۆژانی جەنگی دووەمی کەنداودا (شکستی ئەنفال)مان گۆڕی (بەسەرکەوتنی راپەرین) ئێمە ئەوانەمان کردووە، ئەو چی کردووە؟".

بەرپرسانی یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان بەهەمانشێوەی خەڵک و چاودێرانی سیاسی لەو بڕوایەدان ئەو جۆرە وەڵام و وەڵامکارییەی نێوان سەرکردەکانیان مل بۆ گرژی و ئاڵۆزی زیاتر دەنێت و هەریەکیش لای خۆیەوە ئەوی دیکە بەدەستپێشخەر دەزانێ.

سالار عەزیز، سەرکردەی دیاری نێو بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "ئێمە گرژیمان پێخۆش نییەو ناشمانەوێ کێشە بکەوێتە نێوان ئێمەو یەکێتی، ئێمە ئیعتراف بەیەکێتی دەکەین، با ئەوانیش ئیعتراف بە ئێمە بکەن". گوتیشی "ئێمە پێمان خۆش نییە باسی مێژوو بکەین، بەڵام مام جەلال، کاک نەوشیروان ناچار دەکات وەڵامی بداتەوە، ئەوان گورزێکیان بەدەستەوەیەو دەیانەوێ بیکێشن بەسەری ئێمەدا". ئەو سەرکردەیەی بزووتنەوەی گۆڕان یەکێتی تۆمەتبار دەکات بەوەی کە وازیان لێناهێنن و دەڵێ ئێمە وەک بزووتنەوەی گۆڕان رامانگەیاندووە کە هیچ پەیوەندیمان بە یەکێتی و رابردوو و داهاتوویەوە نەماوەو ئەوان هەر واز ناهێنن "ئێمە جیاوازین و چ پەیوەندیمان بەئێوەوە نییە". سالار عەزیز داوا لە یەکێتی دەکات کە هێرشی راگەیاندن رابگرێت "چونکە سوودی لێنابینن".

عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پێیوایە "زەحمەتە وەڵام و وەڵامکارییەکان بوەستن"، هەرچەندە بە هۆکاری سەرهەڵدانی گرژی و ئاڵۆزیشیان دادەنێ. عیماد ئەحمەد، بەرپرسی مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی گوتی "ئۆباڵی ئەوەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەو لایەنەی دەستپێشخەری کردووە". ناوبراو ئەوەشیگوت "ئێمە هەموومان شەریکین لەو رابردووەو لەباش و خراپییەکان هاوبەشین، پێویستە ئەگەر رایەک هەیە، یان خراپییەک هەیە، ململانێ بکەین لەسەر ئەوەی کێ باشترەو کێ زیاتر خزمەت دەکات". بەبڕوای عیماد ئەحمەد پێویستە بە "زمانی گوڵ" وەڵام و وەڵامکاری هەبێت و هاوکات دەڵێ "کێ بەنەرمی قسەبکات، میللەت لەگەڵ ئەو دەبێت".

### سلێمانی دەترسێت

دانیشتووانی سلێمانی ترسی پەیدابوونی توندوتیژییان لێنیشتووە، بەتایبەتیش کە هەڵبژاردن لەپێشەو، هەڵبژاردنیش ناکۆکییەکان ئاگراوی دەکات. ماوەیەک لەمەوبەر ژمارەیەک رووداوی تەقەکردن و لێدان لە هاووڵاتیان لە پارێزگای سلێمانی روویاندا. زۆر لەخەڵکی سلێمانی بەدرێژایی رۆژانی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش دەستیان بەسەر دڵیانەوە بوو. ئاگا ساڵح، 26 ساڵ، پێیوایە ئەو دۆخە بەرەو خراپتر ملی ناوە، رەخنە لە یەکێتی و گۆڕانیش دەگرێت کە ململانێکانیان هیچ بەرژەوەندییەکی خەڵکی تێدا نییە "بێگومان خەڵک باجەکەی دەدات، وەک چۆن باجی شەڕی نێوخۆشی دا".

سەدا محەممەدیش دەڵێ "حەق نییە چیتر بیر لەخەڵک نەکەنەوە". ئەو کچە تەمەن 24ساڵە، کە چاوەڕێدەکات داهاتوویەکی گەشی بێ شەڕی لە وڵاتەکەیدا هەبێت، هەست بەترس دەکات و دەڵێت "هەمیشە بیر لەبەرژەوەندی حیزبی دەکرێتەوەو رۆژ لەدوای رۆژ بەرژەوەندی خەڵک دەخرێتە لاوە".

رۆشنبیران و چاودێرانی سیاسیش داوادەکەن هەردوولا دان بەخۆیاندا بگرن و نەکەونە هەڵەوە. ئاسۆس هەردی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاوێنە، پێیوایە ئەگەری سەرهەڵدانی گرژی دەکەوێتە سەرجۆری مامەڵەی هەردوولا لەگەڵ روونکردنەوەی سەرکردەکانیانو دەڵێ "لە وڵاتی ئێمەدا هەمیشە ئەوانەی خوارەوە کێشەکان گەورە دەکەن". گوتیشی "دۆخەکە بۆخۆی هەر گرژی تێدایەو لەدوای 25 تەمموزەوە دروستبووە، نەک بەوەڵام و لێدوانەکانی ئەمدواییە".

بەڵام هەڤاڵ ئەبوبەکر، مامۆستای زانکۆی سلێمانی دەڵێ "خۆزگە لەجیاتی ئەوساڵە درێژانەی شەڕی نێوخۆ، سەرکردەکان بەو رێگەیە لەسەر یەک بیاننوسیایەو وەڵامی یەکدییان بدایەتەوە". ئەو مامۆستایەی زانکۆ ئەو دۆخە بە "سروشتی" دەبینێت و پێیوانییە گرژی لێبکەوێتەوە "من لەوبڕوایەدانیم ئەوانەی خوارەوە بتوانن گرژییەکان ئاڵۆز و گەورەتر بکەن، ئەگەر لەسەرەوە پێیان نەگوترێ".



نەوشیروان مستەفا و جەلال تاڵەبانی (فۆتۆ: الشرق الاوسط)

## ڕیپۆرتاژ



### تەنیا مانگێکی دیکە دەمێنمەوە

**ڕووداو-سلێمانی**

**دوای پێشکەشکردنی دەست لەکارکێشانەوەی لەسەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە 28ی مانگی ڕابردوو، کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە ڕایگەیاند "ئەندامانی لیستی یەکێتی لەئەنجوومەنەکە، وازهێنانەکەیان قبوڵنەکردم، بەڵام من مانگێکی دیکەم خستووەتە بەردەم لیستەکەم کاریان لەگەڵ بکەم". هۆشیار ڕەسول، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند"ئەگەر وازهێنانی سەرۆکی ئەنجوومەن قبوڵ بکرێ، ئەوا پشێوی و بێ سەروبەری لەنێو پارێزگای سلێمانی دێتە ئاراوە"، گوتیشی "ناگونجێ لەیەک کاتدا پارێزگارو سەرۆکی ئەنجوومەن دەست لەکاربکێشنەوە".**

### سامی ئەترۆشی، ئەندامی لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق:

# ئەمساڵ 9576 فەرمانبەر لە کوردستان دادەمەزرێن

**سامی ئەترۆشی، ئەندامی لێژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، زانیاری تەواوی لەبارەی بودجەی عێراق و کوردستان هەیە. ئەو لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا وەک پەرلەمانتارێکی چالاک زۆر لێدوانی دەدا، وەک خۆی دەڵێ " زۆر جاران نامەی هەڕەشەم بۆ هاتووە لەسەر ئەو لێدوانانە، تەنانەت موجریمەکانی جەیشی ئیسلامی بە تەلەفۆن هەڕەشەیان لێکردووم".**
**سامی ئەترۆشی پەرلەمانتاری عێراق لەسەر لیستی یەکگرتوو، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت ئەمساڵیش کێشەی بودجەی پێشمەرگە هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوەو لەو باوەڕەدا نییە هیچ جارێک کێشەی بودجەی پێشمەرگە چارەسەر بکرێ.**



**ڕووداو: سەرچاوەی بودجەی عێراق تەنیا نەوتە؟**
**سامی ئەترۆشی:** عێراق خاوەنی یەک سەرچاوەی ئابوورییە ئەویش نەوتە، بە ئابووری عێراق دەگوترێ

> **نازانین بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان چەندەو چۆن خەرج دەکرێ**

ئابووری دڵەڕاوکێیی (قلق)، چونکە هەر کاتێک بازاری نەوت دابەزێ، بودجەکەی کەم دەبێتەوە. لە ساڵی 2009 بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت کێشەی گەورە بۆ بودجەی عێراق دروستبوون. 92 - 95% بودجەی عێراق لەسەر داهاتی نەوتە، ئەو 8%ی دەمێنێتەوە گومرگ و باجی دەرامەتە، وەک باجی تەلەفۆن، کە ئەمساڵ باجی تەلەفۆن داهاتێکی باشی هەبوو.
**ڕووداو: داهاتی گومرگەکانی عێراق و کوردستان بەتەواوی دەگاتە بەغدا؟**
**سامی ئەترۆشی:** خۆی کێشەی گەورەی عێراق گەندەڵییە، کەس بەتەواوی داهاتی گومرگ نازانێ، لە سەردەمی پۆڵ بریمەر، گومرگ هەڵگیرا، تەنیا 5%ی بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق هێشتەوە، ئەو ڕێژەیەش زۆر کەمە، چونکە لە هەموو جیهان گومرگ بەپێی جۆری کەرەستەکە وەردەگیرێ، بەڵام لە عێراق لە هەموو جۆرێک 5% وەردەگیرێ. پێشتر هەندێک کێشەمان لەگەڵ بەغدا لەسەر گومرگ هەبوو، کێشەی گومرگەکانی کوردستان چارەسەر کرا، بەڵام کەس بە تەواوی نازانێ داهاتی گومرگەکانی کوردستان چەندە و چەند دەدەنە بەغدا.
**ڕووداو: ڕاستە مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان کەمدەکرێتەوە؟**
**سامی ئەترۆشی:** نەخێر. لە ساڵی 2010 مووچەی فەرمانبەران نە زیاد دەکرێ نە کەم، چونکە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی مەرجی هەیە بۆ دانی قەرز بە عێراق. یەک لە مەرجەکانیان مووچەی فەرمانبەرانە، کە کەس ناتوانێ بەبێ ئەوان مووچەی فەرمانبەران زیاد بکات. هەندێک وەزیر باسیان لە کەمکردنەوەی مووچە کردبوو، بەڵام لەبەر هەڵبژاردن کەس ناتوانێ ئەو مەسەلەیە باس بکاتەوە. مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان بەپێی یاساکانی عێراق دەدرێ، بۆیە لە کوردستانیش کەس ناتوانێ زیاد و کەمی بکات.
**ڕووداو: چەند فەرمانبەر لە عێراق هەن، ڕاستە 70% ی بودجە بۆ مووچەی فەرمانبەرانە؟**
**سامی ئەترۆشی:** لە هەموو عێراق 2 ملیۆن و469 هەزار فەرمانبەر هەن. لەوانە 625 هەزار و 849 فەرمانبەر لە کوردستانن. جگە لە کوردستان لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق 55%ی بودجەی تەشغیلی بۆ مووچەی فەرمانبەران دەچێت، بەڵام لە کوردستان بەپێی ئەو ژمارەیەی فەرمانبەران

> **لابردنی بڕگەی تایبەت بە بودجەی پێشمەرگە بەسەر وەزیرەکانی کورد لە بەغدا تێپەڕی**

ڕەنگە کەمتر لە 50%ی ئەو بودجەیە بۆ مووچەی فەرمانبەران بچێ، بەڵام من تێناگەم چۆن هەندێک لە بەرپرسانی کوردستان دەڵێن یەک ملیۆن و 250 هەزار فەرمانبەرمان هەیە و 70%ی بودجەی کوردستان بۆ مووچەی فەرمانبەران دەڕوات. ئەگەر بەپێی ژمارەی فەرمانبەرانی کوردستان بێت، ئەوە ڕاست نییە کە دەڵێن 70%ی بودجە بۆ فەرمانبەران دەچێت.
**ڕووداو: لە کوردستان مووچەی کادیرانی پارتی و یەکێتی لە بودجەی کوردستان دەدرێ، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**
**سامی ئەترۆشی:** ئەوە ڕاستە، بەڵام هەر یەک بە ناوێک خستوویەتییە سەر بەڕێوەبەرایەتییەک یان وەزارەتێک، بە ناوێک مووچەی ئەوان وەردەگرن.
**ڕووداو: مووچەی پێشمەرگەش تائێستا لە بودجەی هەرێمی کوردستان دراوە. لە یاسای ئەمساڵی بودجەی عێراق، کێشەی بودجەی پێشمەرگە چارەسەرکراوە؟**
**سامی ئەترۆشی:** نەخێر، پێشمەرگە یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، تائێستا چارەسەر نەبووە، نە لەڕووی بودجەوەو نە لەڕووی سیاسییەوە. لە 2007-2008-2009 بڕگەیەک لەنێو یاسای بودجەی عێراق دا هەبوو، کە دەیگوت مووچەی پێشمەرگە و پێداویستییەکانی، بەپێی ڕێککەوتنی نێوان سەرۆک وەزیرانی عێراق و کوردستان دیارییکرێ. بەڵام تائێستا ئەوە چارەسەر نەکراوە. لە پرۆژە یاسای بودجەی 2010 ئەو بڕگەیەش دەرهێنرابوو، کە پرۆژە یاساکە هاتە پەرلەمان، ئێمە پێمانزانی، هەرچەندە بەسەر نوێنەرانی کورد لە وەزارەتی دارایی و ئەنجوومەنی وەزیران تێپەڕیبوو، یەکێکیان نەیانزانیبوو، لەبەر ئەوە بۆ ئێمە شتێکی لە ناکاو بوو، بەڵام نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان دووبارە توانیان ئەو بڕگەیە دابنێنەوە.
**ڕووداو: بۆچی ناگەنە ڕێککەوتن؟**
**سامی ئەترۆشی:** هۆی سەرەکی ئەوەیە لەسەر ژمارەو ئەرکی پێشمەرگە پێکنایێن. بەغدا دەڵێ دەبێ ژمارەیان کەم بکەن و ئەگەر مووچەکەیان لەلایەن وەزارەتی بەرگری عێراقەوە بدرێ، دەبێ بەپێی ڕێنماییەکانی ئەو وەزارەتە کاربکەن، هەولێریش بەوە ڕازی نییە، بۆیە بەغدا دەڵێت مادام ڕازی نابن، مووچەی پێشمەرگە لە 17% بدەن.
**ڕووداو: گەشبینی بە چارەسەربوونی کێشەی بودجەی پێشمەرگە؟**
**سامی ئەترۆشی:** نەخێر، چونکە ئێمە لە کەسانی نزیکی مالیکیەوە زانیومانە، کە مالیکی چەندین جار لە شوێنی نارەسمی گوتوویەتی کێشەی پێشمەرگە قەت چارەسەر نابێ.
**ڕووداو:بودجەی 2010 ی هەرێمی کوردستان چەندە؟**
**سامی ئەترۆشی:** بودجەی عێراق 83 ترلیۆن و 667 ملیار دینارە، کە دەکاتە 71 ملیار و 510 ملیۆن دۆلار. بەشی هەرێمی کوردستان 10 ترلیۆن و 276 ملیار دینارە، کە دەکاتە 8 ملیار و 83 ملیۆن دۆلار. لەگەڵ بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، کە ئەمساڵ بەشی هەر سێ پارێزگاکەی کوردستان 389 ملیار دینارە.
**ڕووداو:بودجەی گەشەپێدانی پارێزگاکان چۆن دابەشدەکرێ؟**
**سامی ئەترۆشی:** ئەوە بۆ ئێمە بەردەوام کێشەیە، چونکە ئەو بودجەیە بەپێی ژمارەی دانیشتووانی پارێزگەکان دابەشدەکرێ، ئەوەش غەدرێکە لە کوردستان دەکرێ، چونکە بەپێی ڕێژەی 17% نایدەنە ئێمە، بەڵکو بەڕێژەی 13% دەیدەنە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان. ئەمساڵ بۆ هەر سێ پارێزگاکەی کوردستان 123 ملیار دینار دانرابوو، بەڵام لەبەرئەوەی هەموو پارێزگاکانی عێراق بودجەی پەرەپێدانی 2008یان خەرج نەکردبوو، بۆیە ئەو بودجەیە جارێکی دیکە دابەشکرایەوە. هەرچەندە بەغدا نەیدەویست یەک دینار لەو بودجەیە بداتە هەرێمی کوردستان، بەڵام دوای ئەوەی ئێمە چەند هەوڵێکماندا توانیمان بەشی هەرسێ پارێزگاکەی کوردستان وەربگرین کە 263 ملیار دینار بوو لەو بودجە ماوەیەی ساڵی ڕابردووی پارێزگاکانی عێراق.

> **سامی عەبدوڵڵا ئەترۆشی**
>
> * ساڵی 1969 لە دهۆک لە دایکبووە.
> * دەرچووی بەشی تەندروستیی پەیمانگەیتەکنکییە.
> *کۆلیژی شەریعەی تەواو کردووە.
> *بەرپرسی نووسینگەی یەکگرتووی ئیسلامی بوو لە بەغدا.
> *ئێستا ئەندامی پەرلەمانی عێراقە لەسەر لیستی یەکگرتوو.

**ڕووداو: بودجەی گەشەپێدان چۆن لەسەر هەرسێ پارێزگاکەی کوردستان دابەشدەکرێ؟**
**سامی ئەترۆشی:** ئەو وردەکاریانە ناگەنە ئێمە. بودجەی هەموو پارێزگاکانی عێراق بەوردی دەگاتە دەستمان و دەزانین هەر پارێزگەیەک چەند بودجەی پێدەدرێ و چۆن خەرجدەکرێ، بەڵام ئەوەی سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا نەگەیشتووەتە ئێمە.
**ڕووداو: پێشنیازێک هەبوو، کە هەر پارێزگەیەک نەوتی لێ دەربهێندرێ، دۆلارێک لە داهاتی هەر بەرمیلێکی نەوتەکەی بۆ خۆی بێت، وەک کەرکووک، ئەو پێشنیازە گەیشتە کوێ؟**
**سامی ئەترۆشی:** ئەو پێشنیازە یەکەمجار لەلایەن پارێزگای بەسراوە کرا، ئەگەر خەرجبکرێ هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، پێشنیازێکی لەو شێوەیە لە ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، بەڵام هێشتا نەهاتووەتە پەرلەمان. تا ئێستا نەبووەتە یاسا تا جێبەجێ بکرێ.
**ڕووداو: پێشنیازی شەهرستانی بۆ بڕینی بودجەی کوردستان سەردەگرێ؟**
**سامی ئەترۆشی:** مخابن شەهرستانی کە کەسێکی تەنیایە توانی پێشنیازەکەی بخاتە پرۆژەی یاسای بودجەوەو، بەسەر هەموو نوێنەرانی کورددا تێپەڕی تا گەیشتە پەرلەمان، ئێمە بینیمان. شەهرستانی لە پێشنیازەکەیدا دەڵێت هەر پارێزگەیەک یان هەرێمێک ببێتە کۆسپ لەناردنی نەوت و زیان بە بودجەی عێراق بگەیێنێ، حکومەتی ناوەندی مافی ئەوەی هەیە بودجەی ئەو هەرێمە بەئارەزووی خۆی ببڕێت. شەهرستانی ئەوەی لە دژی هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام من لەو باوەڕەدام دەتوانین ئەوپێشنیازەی شەهرستانی ڕەتبکەینەوەو لە یاساکە دەربهێنین. بەڵام هەندێک لایەنی عێراقی ئەوە وەکو پروپاگەندە بۆخۆیان بەکاردەهێنن و دەڵێن کورد ڕێگرن بەرامبەر پەسەندکردنی بودجە.
**ڕووداو: پەرلەمان دەتوانێ پەسەندکردنی بودجە بخاتە دوای هەڵبژاردنەکان؟**
**سامی ئەترۆشی:** نەخێر، چونکە دەستووری نییە، بەپێی یاسا دەبێ تا 3/16 دانیشتنەکانی پەرلەمان بەردەوام بن، تاوەکو کۆتایی ئەو مانگە یاسای بودجە پەسەند دەکرێ.
**ڕووداو:تۆ وای نابینی سەرکردەکانی عێراق پروپاگەندە بە بودجەی عێراق بکەن؟**
**سامی ئەترۆشی:** بەڵێ، چونکە لە عێراق بودجەیەک هەیە بەنێوی بودجەی (المنافع الاجتماعیە) کە سەرۆکایەتی کۆمار31 ملیار دینار، ئەنجومەنی وەزیران 8 ملیار و 500 ملیۆن دینار و، پەرلەمانی عێراق 3 ملیار و 500 ملیۆن دینار لەو بودجەیە وەردەگرن. بەپێی یاسا ئەو بودجەیە دەبێ بدرێتە کەسانی نەخۆش و هەژار، نابێت لە 10 ملیۆنیش زیاتر بدەن. بەو جۆرە سەرکردەکانی عێراق دەتوانن دەنگ بەو پارەیە بکڕن.
**ڕووداو: دەگوترێ ئەمساڵ دەرگای دامەزراندنی فەرمانبەران دەکرێتەوە؟**

> **ژمارەی فەرمانبەرانی کوردستان 625 هەزار و 849 فەرمانبەرە، نەک یەک ملیۆن و 250 هەزار**

**سامی ئەترۆشی:** بەڵێ، عێراق بڕیاریداوە ئەمساڵ 115 هەزار کەس دابمەزرێنێ، کە کوردستان 9547 کەسی بەردەکەوێ، ڕەنگە لیستەکان ئەوە بکەنە پروپاگەندەی هەڵبژاردن و خەڵک بەرامبەر دەنگ دابمەزرێنن.

### یەکگرتوو ئەمجارە 3 کورسی دێنێ

**ڕووداو:بۆ ئەو خولەی پەرلەمانی عێراق خۆت پاڵاوتووە؟**
**سامی ئەترۆشی:** نەخێر، چونکە بەپێی بڕیاری حیزبی ئێمە نابێ کەس دوو جاران لەسەر یەکتر پۆستێک وەربگرێ.
**ڕووداو: یەکگرتوو وەک پێشوو دەتوانێ 5 کورسی بێنێتەوە؟**
**سامی ئەترۆشی:** نەخێر، چونکە یاسای هەڵبژاردن زیانێکی زۆری بە حیزبە بچووکەکان گەیاندووە، ڕەنگە ئەمجارە یەکگرتوو 3 کورسی بێنێ.
**ڕووداو: لیستە عێراقییەکان وەک لیستە کوردستانییەکان گۆڕانکارییان لە پاڵێوراوانیاندا کردووە؟**
**سامی ئەترۆشی:** نەخێر. هەندێک لیستی عێراقی 20%ی ئەندامانی خۆی پاڵاوتووەتەوە، ئەوەش شتێکی باشە. بەڵام هاوپەیمانی کوردستانی زۆری گۆڕیون.



# ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی و گۆڕان سەرمایەداران دەترسێنێ





**کاوە شێخ عەبدوڵڵا**
kawashex@yahoo.com

**ڕووداو ـ سلێمانی**

بەبڕوای ئەندامێکی ئەنجوومەنی ژووری بازرگانی لە سلێمانی، ئەو ململانێیەی ئێستا لەنێوان نەوشیروان مستەفاو تاڵەبانیدا هاتووەتە ئاراوە زیانێکی گەورە بە باری ئابووریی وبازرگانی دەگەیێنێ لەشاری سلێمانی.

یاسین ڕەحیم، ئەندامی ئەنجوومەنی ژووری بازرگانی سلێمانی کە خاوەنی کۆمپانیایەکی بازرگانیشە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " بازرگانان دڵنیاییان دەوێ بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان، بۆیە ئەم دۆخە سیاسییەی ئێستا لەسلێمانی هاتووەتە ئارا، بازرگانان و سەرمایەداران تووشی دڵەڕاوکێ دەکات بەرامبەر کاری بازرگانی و ئایندەی پرۆژەکانیان، جگە لەوەش وەبەرهێنەری بیانی هەرگیز ڕوو لەشوێنێک ناکات کە ململانێ سیاسییەکان تێیدا گەیشتبنە نزیک تەقینەوە".

بەڵام محەممەد کەریم، سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان، کە بنکەی لە سلێمانییە، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕەتیدەکاتەوە کە ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان، کاریگەری لەسەر وەبەرهێنان و لایەنی ئابووریی کوردستان هەبێت و دەڵێ " ئەوانە گرفتی ئابووری گەورە نین و شەڕی دوو دەوڵەت نییە".

سەرۆکی مونتەدای ئابووری گوتیشی"ئەوانەی کاریان هەیەو بازرگانن، کە سەیری دۆخەکە دەکەن و تێدەگەن ئەم ململانێیە پەیوەندی بەهەڵبژاردنەوە هەیە، ناترسن". محەممەد کەریم خاڵێکی مایەی

> **وەبەرهێنەری بیانی ناچێتە شوێنێک کە ململانێ سیاسییەکان تێیدا گەیشتبنە نزیک تەقینەوە**
> ئەندامێکی ئەنجوومەنی ژووری بازرگانی سلێمانی

> **یەکێتی و گۆڕان دوو فاکتەری ناوچەیین و بەهۆی بوونی ئەمریکا لە ناوچەکە، شەڕو ئاشتی کەمتر بەدەست کوردە**
> سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان

گەشبینی لە جوڵەی ئابووری هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە و دەڵێ "لەهەرێمی کوردستان، سروشتی کارو وەبەرهێنان خۆی گونجاندووە لەگەڵ وەزعی سیاسی کوردستان".

بەڵام یاسین ڕەحیم، کە وەک خاوەن کۆمپانیایەک مەترسییەکانی خۆی دەخاتەڕوو دەڵێ " ئێمە لێرە گیرۆدەی ئەوەبووین بازرگان و وەبەرهێنەرە بیانییەکان نایێنە کوردستان لەبەر ئەوەی کۆمپانیای دڵنیایی وسیستمێکی گونجاوی بانکیمان نییە، کەچی ئێستا توندبوون (تشنج)ی سیاسیشی هاتووەتە سەر. کە ئەمەی دواییان زیانی زۆرتری هەیە".

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی ژووری بازرگانیی سلێمانی، دەڵێ ساڵی ڕابردوو لەگەڵ چەند کۆمپانیاو بازرگانێکی ئەورووپی ڕێککەوتبوون بێنە شاری سلێمانی "بەڵام کە بیستبوویان دەوڵەتی ئێران سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی تۆپبارانکردووە، لەهاتنیان پەشیمان بوونەوەو داوای لێبووردنیان کرد". ئەو بازرگانەی شاری سلێمانی ئاماژە بەو ژینگەیە دەکات کە بازرگانان و پارەدارەکان دەیانەوێ سەرمایەکانیان تێدا بەگەڕ بخەن" بازرگان وەک مادەی جیوەیە، لەکوێ گوشاری لەسەربوو، خێرا دەردەپەڕێ بۆ شوێنێکی دیکە، بۆیە تاوەکو سلێمانی ئەم ئاڵۆزییە سیاسییەی تێدابێ، هیچ بازرگان وسەرمایەدارێک ئامادە نییە سەرکێشی بەسەرمایەکەیەوە بکات".

بەبڕوای مامۆستایەکی بەشی ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین، بەگشتی هەموو ناکۆکییەکی سیاسی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بازاڕ و ئابووری هەیەو "بێگومان ئەوناسەقامگیرییە سیاسییە،ناسەقامگیری دەخاتە نێو بازاڕ و ئابووری کوردستانیشەوە".

موسا محەممەد لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی "لەسەر پرۆسەی وەبەرهێنان و بازاڕی کار و سەرمایە ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی دەبێت، بەتایبەتیش مادام لەهەڵبژاردنەوە نزیکە، ڕەنگە بازاڕ ناجێگیر بکات". ئەو مامۆستایەی ئابووری پێیوایە هەرچەندە زیاتر ڕووداوە دەرەکییەکان کار لە بازاڕ و وەبەرهێنان دەکەن " بەڵام ئەو ناکۆکییە نێوخۆییانەش کەم نین ".

محەممەد کەریم، سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان، پێیوایە بوونی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان لە ناوچەکەو بەهێزبوونەوەی بەغدا وایکردووە، کە بازرگان و سەرمایەداران زۆر گوێ بەو ناکۆکییە سیاسییەی نێوان یەکێتی و گۆڕان نەدەن "یەکێتی و گۆڕان دوو فاکتەری ناوچەیین و ئێستا بەهۆی بوونی ئەمریکا لە ناوچەکە، شەڕو ئاشتی کەمتر بەدەست کورد خۆیەتی".

وەک هەندێک لەبازرگانان دەڵێن، لەو جۆرە گرژییە نێوخۆییانەدا، زیاتر ئەو سەرمایەدارو بازرگانانە تووشی دڵەڕاوکێ دەبن کە پرۆژەی وەبەرهێنانی گەورەیان بەدەستەوەیە . چیمەن ساڵح، بەڕێوەبەری کۆمپانیای خاوێن لە سلێمانی دەڵێ،هەرچەندە هەموو بارگرژییەک کاریگەری لەسەر بازاڕ و لایەنی ئابووری هەیە "بەڵام ئەمەی ئێستا لەسلێمانی هەیە زیاتر سەرمایەدارە گەورەکان دەترسێنێت، سەرمایەدارێک کە پرۆژەی بچووکی هەیەو واهەستدەکات هەمیشە پارەکەی لەبەردەستی خۆیدایە لەو جۆرە بارگرژییانە ناترسێت". چیمەن گوتیشی " بەڵام سەرمایەدارێک کەپارەکەی بەچەند ساڵێک دەست دەکەوێتەوە، حساب بۆ هەر جۆرە بارگرژییەکی سیاسی دەکات کەدەکەوێتە ئەو وڵاتەوە".

# کوردستانی



## ئۆجەلان دەبێتە ستوونووسی رۆژنامەیەکی ئیتاڵی

**رووداو-ئەنقەرە**
**رۆژنامەی(II Manîfesto)ی ئیتاڵی رایگەیاند، لەمەودوا نووسینەکانی سەرۆکی PKK عەبدوڵڵا ئۆجەلان بڵاودەکاتەوە. ئەو رۆژنامەیە کە یەکێکە لە ئۆرگانە گرنگەکانی کۆمۆنیستەکان لە ئیتاڵیا، ئاشکرای کرد ستوونەکە ئەو وتارانە لە خۆدەگرێ کە ئۆجەلان تایبەت بەو رۆژنامەیە دەینووسێ. هەروەها دەڵێ "وتارەکانی ئۆجەلان روانگە و بۆچوونەکانی ئەو سەبارەت بەکێشەی کورد و شێوەی هاتنەکایەوەی ئاشتی لەنێو هاووڵاتیانی وڵاتێکدا، لەخۆ دەگرن". یەکەم وتاریشی لە رۆژی 2010/1/9 دا بڵاوکرایەوە.**

# UN لە بارەی گرتنی منداڵان رەخنە لە تورکیا دەگرێ

## 177 منداڵی کورد بە 772 ساڵ زیندانیکردن حوکمدراون

**رووداو-DIHA**

هەڵمەتی پۆلیسی تورکیا بۆ سەر ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراسی و ئاشتی BDP بەردەوامە و، نەک تەنیا گەورەکان بەڵکو ئەو منداڵانەش دەستگیردەکات کە بەشداری لە خۆپیشاندانەکانی دژی داخستنی DTP و هەڵمەتی دەستگیرکردنی لایەنگرانی BDP دا دەکەن.

رۆژی 2010/1/5 هێزەکانی پۆلیس لە شارەکانی دیلۆک، سەمسور، مێرسین و هاتای دەستیان بە هەڵمەتی دەستگیرکردنی بەڕێوەبەران و سیاسەتڤانانی BDP کرد و 22 کەسیان دەستگیرکردن، پاش لێپرسینەوە، بەڕێکران بۆ بەردەم دادگای کۆماری.

ئەو 22 سیاسەتڤانە دەستبەسەرکراوەی BDP لە دادگا، هەمان تۆمەتیان ئاراستەکران کە مانگی رابردوو درایە پاڵ سەرۆک شارەوانییەکانیBDP، کە ئەویش تۆمەتی "ئەندامێتییە لە رێکخراوی نایاسایی" و، ئەندامێتی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK، کە بەرەیەکی فراوانی رێکخستنی سیاسی — جەماوەریی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ە. پاش لێکۆڵینەوە دادگا تەنیا یەک کەسی ئازاد کرد و ئەوانیدیکە رەوانەی گرتووخانەی تیپی H کران لە شاری دیلۆک.

هەڵمەتی دەستگیرکردن و دادگاییکردن تەنیا بەرامبەر گەوران نییە، بەڵکو منداڵانی کوردیش لە باکووری کوردستان کەوتوونەتە بەر هەڵمەتەکانی گرتن. لەسەرەتای ساڵی نوێدا، داواکاریی گشتیی کۆماریی لە دادگای کۆماریی لە شاری ئامەد، بە تۆمەتی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکان و بەرد گرتنە پۆلیس، سکاڵای دژی 5 منداڵی ناوچەی (ئەلک)ی سەر بە شاری شرناخ تۆمار کردووە و داوای 115-305 ساڵ سزای زیندانی بۆ ئەو پێنج منداڵە کردووە.

لە سکاڵای دژ بەو منداڵانەدا، شایەتێکی نادیار گوتوویەتی ئەو منداڵانە بەردیان گرتووەتە پۆلیس، بۆیە داواکاری گشتیی بۆ هەر منداڵێک داوای سزای 23- 61 زیندان دەکات. وا بڕیارە ئەو پێنج منداڵە لە چەند رۆژی داهاتوودا دادگایی بکرێن.

ئەو پێنج منداڵە کوردە بەپێی (یاسای دژایەتی تیرۆر (TMK) کە لەساڵی 1991 پەسەندکرا وەو لەساڵی 2006یش هەموارکراوە، دادگایی دەکرێن. لە تورکیا گرتنی ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە نێوان 12 تا 18 ساڵاندایە، بە تۆمەتی "تیرۆر" بووەتە شتێکی ئاسایی و دادوەرانیش بەبێ رەچاو کردنی تەمەنی ئەو منداڵانە سزای قورسیان بەسەردا دەسەپێنن.

لەبەرامبەر دەستگیرکردنی ئەو منداڵانە، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نارەزایی توندیان دەربڕی، یەکێک لەو رێکخراوانەش کۆمەڵەی داواکارانی دادپەروەرییە. محەممەد ئاتاک کە ئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیە گوتی "ئێمە نازانین منداڵەکان باجی چی دەدەن؟ پێویستە هیچ کاتێک ئەوە لە بیر نەکرێ کە منداڵ هەر منداڵە".

بەپێی قسەی ئاتاک لە ماوەی 20 ساڵی رابردوودا لە کۆی 62 هەزار و 800 کوژراو لە باکووری کوردستان و تورکیا، 415یان منداڵ بوونە. ئاتاک لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی ئەو منداڵانەی بە نێوی تیرۆرەوە دەستگیردەکرێن، خۆیان و کەسوکاریان لە رەوشێکی دەروونی خراپدا دەژین. گوتیشی"دووربینی دەوڵەت لەو کارەی بەرامبەر بە منداڵان دەیکات ئەوەیە کە سەری مارەکە بە بچووکی پان بکرێتەوە".

هەروەها کوردیناتۆری خەبات بۆ منداڵان، راپۆرتێکی سەبارەت بە گرتن و ئازاردانی منداڵان لە تورکیا و باکووری کوردستان لەساڵەکانی 2008-2009 ئامادەکردووە. بەپێی ئەو راپۆرتە تەواوی ئەو منداڵانەی لەو ماوەیەدا دەستگیرکراون رووبەرووی ئەشکەنجە، سووکایەتی و رەفتاری توند و خراپەکاریی کارمەندانی دەوڵەت بوونەتەوە لە بەندیخانە.

لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە نێوان 12 تا 15 ساڵدایە و ئەمساڵ لەشارەکانی نسێبین و سێرت گیراون و سکاڵایان لە دژ تۆمارکراوە، بە بیانووی نەبوونی دادگای منداڵان، لە دادگای سزا قورسەکانی تایبەتی شاری دیاربەکر دادگایی کراون. راپۆرتەکە دەڵێ لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا 267 منداڵ دادگایی کراون، لەوانە 78 یان حکومدراون.

لە 52ەمین کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی مافی منداڵانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لە 14/9-2/10/2009لە جنێڤ بەڕێوەچوو،رەوشی منداڵان لە تورکیا گفتوگۆیەکی زۆری لەبارەوە کرا.لە کۆبوونەوەکەدا بەپێی بەراوردکرنی دۆخی منداڵان لە تورکیا لەگەڵ بەندەکانی پەیماننامەی جیهانی مافەکانی منداڵان،راگەیێندرا کە تورکیا لە ماوەی رابردوودا بەشێوەیەکی بەربڵاو مافەکانی منداڵانی پێشێلکردووە و لەسەر ئەوەش هوشداری دایە تورکیا.

ئەو کۆمسیۆنەی UNدەڵێ منداڵان لە تورکیا لەدوای هەموارکردنی (یاسای دژە تیرۆر) لە ساڵی 2006، ئەوانەی تەمەنیان گەیشتبێتە 15 ساڵانیش وەک مرۆڤی گەورە دادگایی دەکرێت و سزا دەدرێن. راپۆرتی کۆمسیۆنی مافەکانی منداڵانی سەر بە UN کە لەکۆتایی ساڵدا بڵاوکراوەتەوە دەڵێ " ئەو بەڵگە و زانیارییانەی لەبەردەستماندان، دەردەخەن کە ئەم یاسایە دژی زۆر منداڵ بەکار دێت". ئەو کۆمسیۆنە نێودەوڵەتییە، بەکارهێنانی (یاسای دژە تیرۆر) و سەپاندنی سزای قورسی وەک زیندانی هەتاهەتایی بۆ ئەو منداڵانەی کە بەشدارییان لە خۆپێشاندانەکان کردووە، بە دروست نازانێ و لەبەر ئەوەی بەپشت بەستن بەو یاسایە ساڵی 2009 تورکیا، 177 منداڵی بە 772 ساڵ و 2 مانگ و 26 رۆژ سزاداوە، لە بەڵێنەکانی تورکیا بۆ پاراستنی مافی منداڵان بە گومانە و داوای هەموارکردنی (یاسای دژایەتی تیرۆر ) دەکات بەشێوەیەک کە دادگاییکردنی منداڵان نەگرێتەوە.



مەینەتییەکانی باکوور بە گرتنی سیاسەتمەداران و سەرۆک شارەوانییەکان و منداڵان درێژەی هەیە (فۆتۆ: DIHA)

# لە ماوەی سێ مانگدا ئێران 30 کوردی کوشتووە

## زیندانیانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە نهێنی لە سێدارە دەدرێن



**سابیر قادری**
chuarchra@gmail.com

**تایبەت بە رووداو**

دوو مانگ دوای لە سێدارەدانی ئیحسان فەتاحیان، فەسیح یاسەمەنی خەڵکی هندوانی سەر بەشاری (خۆی)ی رۆژهەڵاتی کوردستان لە زیندانی ناوەندی ئەو شارە لە سێدارەدرا، ژمارەیەک بەندکراوی دیکەی کوردیش مەترسی لە سێدارەدانیان لەسەرە، هاوکات کۆمیتەی دژی لە سێدارەدانی کوردستان، چالاکییەکانی خۆی لەرۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێکرد.

بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر لەسێدارەدراوان و، ئاگادار کردنەوەی رای گشتی، (کۆمیتەی دژی لەسێدارەدانی کوردستان) بە دەرکردنی راگەیێنراوێک چالاکییەکانی خۆی دەستپێکرد. ئەو کۆمیتەیە لەلایەن گرووپێک لەچالاکڤانانی ناوخۆ و دەرەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتووە. کۆمیتەکە کە لقی کوردستانی کۆمیتەی داکۆکیکاری مافی مرۆڤی کوردی بنکە لەئەورووپایە، چالاکییەکانی بەشێوەی نهێنی ئەنجامدەدات و، کاری سەرەکیشی کۆکردنەوەی زانیارییە لەبارەی رەوشی زیندانیان بە تایبەتیش ئەوانەی رووبەڕووی پەتی سێدارە دەبنەوە. هەروەها پشت بە زانیاری رایەڵە نێوخۆییەکانی نێو زیندان و رێکخراوە ناحکومییەکان دەبەستێ.

نگین شێخولئیسلامی، کە یەکێکە لەچالاکڤانانی کۆمیتەی داکۆکیکاری مافی مرۆڤی کورد، ئاماژەی بە رەوشی زیندانیانی کورد کرد لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی و گوتی "لە ئێران، بەتایبەتیش لە رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر زیندانی هەن سزای لەسێدارەدانیان بۆ بڕاوەتەوەو هیچ لایەنێکیش ئاگادار نییە، بەو جۆرە زیندانیانی کورد بەبێ ئەوەی رای گشتی ئاگاداری رەوشیان بێ لە سێدارە دەدرێن".

ناوبراو سەبارەت بە هۆکاری دامەزراندنی کۆمیتەی دژی لە سێدارەدان، روونکردنەوەی دا بە (رووداو)و گوتی "بە لەبەر چاوگرتنی کەشی ناڵەباری زیندانیانی کورد و کتوپڕ لەسێدارەدرانیان، بە هاوکاری داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ و بۆ بەرگرتن لەسێدارەدان و خستنەرووی بەڵگەکانی پەیوەندیدار و بەرز کردنەوەیان بۆ ناوەندە نێودەوڵەتییە داکۆکیکارەکانی مافەکانی مرۆڤ، لقی کوردستانی ئەو کۆمیتەیەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان رێکخستووە".

بەپێی ئامارێک کە لەلایەن ناوەندی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤی ئێران بڵاوکراوەتەوە، لەماوەی چەند مانگی رابردوودا 15 زیندانی لە زیندانی ناوەندی دیزل ئابادی کرماشان سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا جێبەجێکراوە، بەڵام بەهۆی سانسۆر و کەشی ناڵەباری راگەیاندن و ئەمنییەتی بوونی کۆمەڵگە، نەتوانراوە بە تەواوەتی ناونیشان و زانیاری تەواوی ئەو کەسانە بڵاوبکرێتەوە.

یەکێک لەئەندامانی ئەو کۆمیتەیە کە خۆی بە ک.کرماشانی ناساند، رەوشی توندی ئەمنی بەسەر زیندانەکان و مەترسی لەسێدارەدانی کتوپڕی ئەو زیندانیانە،بە پێویستییەک بۆ پێکهێنانی ئەوکۆمیتەیەی لە کوردستان زانی و گوتی "بەهۆی گوشاری ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ بۆ سەر کاربەدەستانی ئێران، ئەو دەوڵەتە لەژێر ناوی جۆراوجۆر و لەبێدەنگی تەواودا، لەسێدارەدانی ئەو زیندانیانە ئەنجامدەدات". ناوبراو گوتیشی "بەمەبەستی کۆکردنەوەی بەڵگە و دێکیومێنتی تایبەت بە لەسێدارەدانی زیندانیانی کوردی رۆژهەڵات و ئەشکەنجەدانیان هەوڵماندا ئەو کۆمیتەیە رێکبخەین و لەو بارەوە زانیاری بڵاوبکەینەوە".

بەپێی ئامارێک کە لەلایەن هەواڵنێری کوردستان و کورد نیوز بڵاوکراوەتەوە، لەماوەی سێ مانگی رابردوودا، 26 کەس لەکوردانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تەقەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژران و و 29 کەس بریندارو105 کەسیش دەستگیرکراون.

عەلی بوداغی، بەرپرسی ئەو هەواڵنێرە ئاماژەی بە بەربڵاوی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لەکوردستان و هەروەها سەرچاوەکانی ئەو راپۆرتە کرد و گوتی "ئێمە لەرێگەی کەناڵەکانی تایبەت و رێکخستنەکانمان لەناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها بە کەڵک وەرگرتن لەماڵپەرەکانی نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو راپۆرتەمان بڵاو کردووەتەوە". شێخولئیسلامی سەبارەت بە لەسێدارەدانەکانی ئەو دواییە لە رۆژهەڵاتی کوردستان گوتی "دوای لەسێدارەدانی ئیحسان، کتوپڕو لەبێدەنگییەکی تەواودا فەسیح یاسەمەنیان لەسێدارەداو مۆڵەتی دژکردەوەو رزگارکردنی گیانی ناوبراویان لەچالاکڤانان و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ ستاندەوە". ناوبراو گوتیشی "لەسێدارەدانی فەسیح بەرادەیەک لەبێ دەنگیدا بەڕێوەچووە تەنانەت بنەماڵە و پارێزەری فەسیحیش نەیانتوانی ئاگاداری لەسێدارەدانەکەی بن و ئەوەش پێکهێنانی ناوەندێکی لەوشێوەیەی پێویستتر کرد".



فەسیح یاسەمەنی



ئیحسان فەتاحیان

# سوریا مەلا و رۆژنامەڤانێکی کورد دەستگیر دەکات



**مەلا عەبدولرەزاق جەنگۆ، لەکاتی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، یەکەمین مامۆستای ئاینی بوو لە سوریا، بە وتارێکی نێودار تاوانەکەی ریسواکرد، بەشێوەیەک سەرجەم ئامادەبووانی هێنایە گریان**

**رووداو- AFP**

مەرسەدی سووری بۆ مافی مرۆڤ، بە پشتبەستن بە رێکخراوی کوردی بۆ داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان لە سووریا، رایگەیاند کە ئەمنی سووریا مەلایەکی کوردی بە ناوی عەبدولرەزاق جەنگۆ لە فرۆکەخانەی حەلەب دەستگیرکردووە .ئەو رێکخراوە کوردییە کەبارەگاکەی لە شاری لەندەنە، لە بەیاننامەیەکدا دەڵێ "لقی موخابەراتی ئاسمانی، رۆژی 2010/1/1 لە فرۆکەخانەی حەلەب، مەلا عەبدولرەزاق جەنگۆی دەستگیرکرد، لەو کاتەدا کە دەیویست بۆ بینینی هەندێک لە ئەندامانی خێزانەکەی بەرەو ئیمارات سەفەر بکات".

رێکخراوی کوردی بۆ مافی مرۆڤ، ئاماژەی بەهۆکاری گرتنی مەلا جەنگۆ نەکردووە، بەڵام داوای لە"دەسەڵاتدارانی سووریا کردووە هەرچی زووە ئەو و سەرجەم گیراوانی ئازادیی رادەربڕین لە زیندان و گرتووخانەکانی رژێم ئازاد بکرێن و زنجیرەی گرتنی هۆڤانە، کە تاوانێکە دژ بە ئازادی و ئاسایشی تاکەکان، رابگیرێت".

رێکخراوەکە دەڵێ ئەو گرتن و دەستگیرکردنانەی ئەمڕۆ دەکرێن، بەپێی حاڵەتی ئاوارتە و حوکمی عورفین، کە لە 8ی ئاداری 1963وە لە وڵاتدا راگەیێندراوە،"ئەوەش پێشێلکردنێکی ئاشکرای ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانە،کە دەستووری سووریا لە ساڵی 1973 دادنی پێدا ناون". هەروەها پێشێلکردنی"پابەندییەکانی سووریایە بەو بەڵێننامە نێودەوڵەتیانەی تایبەتن بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان و سووریا واژۆی کردوون". ئەو رێکخراوە داواشی کرد"حاڵەتی ئاوارتە و حوکمی عورفی هەڵبگیرێت و یاسایەکی تایبەت بە حیزبەکان دەربچێت کە مافی هاووڵاتیان لە بەشداریی سیاسی و هەڵسووڕاندنی دەوڵەتدا مسۆگەر بکات، هەروەها قەدەخەکاری دژ بە چالاکیی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هەڵبگیرێت و یاسای کۆمەڵەکان هەموار بکرێت، بەو جۆرەی کە بوار بە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بدات کار بکەن".

مەلا عەبدولڕەزاق جەنگۆ، لەساڵی 1948 لە قامشلۆ لەدایکبووە، بەکالۆریۆسی شەریعەتی لە زانکۆی دیمەشق بەدەستهێناوە .وانەی پەروەردەی ئایینی لەقوتابخانەکانی قامشلۆ و ئیمارات گوتووەتەوە، ئێستا خانەنشینە. مەلا عەبدولڕەزاق بەیەکێک لە سیمبولە ئاینییە میانڕەوەکان دادەنرێ و تاوەکو ساڵی 1977یەکێکبووە لە ئەندامە چالاکەکانی پارتی دیموکراتی کوردیی پێشکەوتخواز، بەڵام دواتر لێی جیابووەتەوە و لەپەیوەندییەکی دۆستانەدا بووە لەگەڵ هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی سوریا. لەکاتی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا لەبەهاری 1988، یەکەمین مامۆستای ئاینی بوو، بە وتارێکی نێودارو بەشێوەیەک تاوانەکەی ریسواکرد سەرجەم ئامادەبووانی هێنایە گریان.

لەلایەکی دیکەوە رابیتەی سووریا بۆ مافی مرۆڤ رایگەیاند کە "رژێمی سووریا رۆژنامەنووس عەلی تەهای دەستگیر کردووە، دوای ئەوەی لە کانوونی دووەمی 2010 لەلایەن یەکێک لە دەزگا ئەمنییەکانی دیمەشقەوە بانگ دەکرێت"، رێکخراوەکە داوای ئازادکردنی بەپەلەی رۆژنامەنووس عەلی تەها دەکات "یان لە دادگایەکی ئاشکرادا دادگایی بکرێت". رابیتەکە دووبارە داوایکرد کە"پێویستە دۆسیەی گرتنی سیاسی دابخرێت و سەرجەم زیندانیانی سیاسی و گیراوانی بیروڕا و ویژدان ئازاد بکرێن، وەک رێزگرتن لەو پەیمان و بەڵێنانەی حکومەتی سووریا لە بواری مافی مرۆڤ و لە ئاستی نێونەتەوەییدا پابەندبوونی خۆی پێیانەوە راگەیاندووە".

# کاروباری سیاسی

## ئەگەر ڕاستی بڵێین فرە لیستی باش نییە



ڕووداو-دهۆک
عەبدولباری زێباری، ئەندامی پەرلەمانی عێراق کە ئێستا لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان حساب دەکرێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" لەو باوەڕەدام لیستی هاوپەیمانی کوردستان هەموو کورسییەکانی دهۆک نابات"، هەروەها گوتیشی "ئەگەر ئێمە ڕاستگۆیین لەگەڵ میللەتەکەمان، بوونی زۆر لیست بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق بۆ کورد باش نینە".



کلۆدیا ڕۆس، هاوسەرۆکی پارتی سەوزەکانی ئەڵمانیا :

# کرانەوەی AKP سیاسەتی چەواشەکارانەی تورکیای ڕاوەستاند

هاوسەرۆکی پارتی سەوزەکانی ئەڵمانیا کلۆدیا ڕۆس Claudia Roth بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە کێشەی کورد گەورەترین کێشەی تورکیایە و، بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، دەبێ ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگیرێت و کێشـــەی کورد بە شـــێوازی دیموکراتی و بە پێی پێوانە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ چارەسەر بکرێ. ڕۆس سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئەڵمانیا و کوردستانیش دەڵێت کە ئەوان وەک یەکەمین گرووپی پەرلەمانتاران سەردانی کوردستانیان کرد و داوای پەرەپێدانی پەیوەندیی دوولایەنەیان کرد.

**سەیدخان کورژ**
**ڕووداو— دویسبۆرگ**

**ڕووداو: چەنــد مانگ لەمەوبـــەر هەڵبژاردنە گشتییەکان لە ئەڵمانیا ئەنجامدران، حیزبەکەتان ئەو هەڵبژاردنە چۆن هەڵدەسەنگێنێ؟**

**کلۆدیا ڕۆس:** لەو هەڵبژاردنەدا دەنگەکانمان 30% زیادی کرد و ئەوە باشترین ئەنجامە تاوەکو ئێســتا لە هەڵبژاردنەکانــی پەرلەمانی فیدراڵدا بەدەســتمان هێنابێ. بەڵام بەداخەوە دیسانیش نەمانتوانی ببینە کۆسـپ لەبــەردەم پێکهاتنی ئیئتلافێکی کۆنەپەرســتدا. چونکە سۆســیال دیموکراتەکانــی ئەڵمانیــا لــە قووڵترین قەیرانی مێژ و و یــی خۆ یا نــدا دەژین.



**ڕووداو: حیزبەکەتــان لە کارنامەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانــدا گوتی لە ڕێگای پیشەســازی ژینگەیـــی 500 هــەزار دەرفەتــی کارکــردن دەخولقێنێ، ئەوتانکرد؟**

**کلۆدیا ڕۆس:** ئێمە دەمانەوێ هەلی کارکردن بــۆ یەک ملیۆن مــرۆڤ بدۆزینـــەوە. ئێمە لەو بوارانەدا کە داهاتیان هەیە، وەبەرهێنان دەکەین. بــۆ نمونــە لقەکانی وەک ئــەو وزەیە کە خۆی نوێدەکاتەوە، لەم بوارەدا لەو ســاڵانەی دواییدا سەدان هەزار شوێنی کارکردن کرانەوە. هەروەها لە بواری کشــتوکاڵی سروشتیدا پێشکەوتنێکی گــەورە هەیە. جگە لەوانــە دەمانەوێ لە بواری پەروەردە و تەندروستیشــدا زۆر شــوێنی کار بدۆزینەوە.

**ڕووداو: لــەم دواییانــەدا حکومەتی تورکیا پرۆژەیەکی بە نێوی (کرانەوەی دیموکراســی) خستەڕوو. ئێوە ئەم پرۆژەیە یان ئەو سیاسەتە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**کلۆدیــا ڕۆس:** تورکیا بۆ چارەســەرکردنی کێشەی کورد بەرنامەیەکی بۆ گۆڕان و چاکسازی خســتەڕوو و لەم چوارچێوەیەدا هەنگاوی شیاو و دڵخۆشــکەری هەڵێنا. ئــەو هەنگاوانە بەلای ئێمــەوە بەرەوپێشــچوونی گــەورەی مەدەنین و پێشــوازی لەم پــرۆژە و هەنگاوانە دەکەین. ئێســتا سیاسەتە چەواشەکارییەکانی تورکیا کە بە سەدان ســاڵ بوو درێژەیان هەبوو، کۆتاییان پێ هات. تورکیــا دەوڵەتێکی فرە نەتەوەو فرە ئایینە. کاتێک تورکیا خــۆی وەک دەوڵەتێکی دیموکراتی و دادپەروەر دابنێ، پێویستە هەموو مافی کەمینەکان بپارێزێت و مسۆگەریان بکات. لەو چوارچێوەیەشــدا گرنگترین کێشە، کێشەی کوردە. ئێمە هەمیشــە هەوڵمانداوە سیاسەتی تورکیا، کێشەی کورد بە شێوازە دیموکراتییەکان و بە پێی پێوانە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ چارەسەر بکات.

**ڕووداو: چارەســەری کێشەی کورد پێویستی بــە پشــتیوانی هێــزە نێونەتەوەییەکانە. لەم بوارەدا حیزبی ئێوە تاوەکو ئێســتا چی کردووە و پلانەکانتان بۆ داهاتوو چییە؟**

**کلۆدیــا ڕۆس :** ئــەو هەوڵانــەی تورکیا کە دەیـــەوێ لەگــەڵ کوردانی تورکیا دەســت بە دانوســـتاندن بــکات، لەلایەن هەمــوو دەوڵەتە دیموکراتییەکانەوە پێشوازی لێدەکرێت. یەکێتی ئەوروپا لێرەدا دەتوانێ ڕۆڵێکی تایبەت بگێڕێت. بۆیە ئێستا دانوســتاندنەکان لەگەڵ تورکیا بۆ بوونــە ئەندامی لە یەکێتــی ئەوروپادا درێژەی هەیــە. دەبێ یەکێتی ئەوروپا بە ڕاشــکاوانە و مســـۆگەر بە تورکیا بڵێت کە: هەتا ئێوە هەموو کێشە گرنگەکانی کەمینە نەتەوەییەکان چارەسەر نەکــەن و مافی مرۆڤ نەپارێزن و هەتا نەبنە دەوڵەتێکــی دادپەروەر، ناتوانــن ببنە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا. دەبێ تورکیا ســەرەتا بەپێی پێوانەکانی یەکێتــی ئەوروپا ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی و دادپەروەر، پاشان ئەوکات دەتوانێ لە نێو یەکێتی ئەوروپادا جێ بگرێت.

**ڕووداو: ماوەیەک لەمەوبەر لەســەر ڕەوشی عەبدوڵڵا ئۆجــەلان لە زینــدان، لەلایەن DTP لەچەنــد شــارێکی کوردســتان خۆنیشــاندان ڕێکخران، بەڵام لە ئاکامدا لە نێوان لاوانی کورد و پۆلیسدا شــەڕ و ئاڵۆزی هاتە ئاراوە. پاشان DTPش داخرا. ئێوە ڕەوشــی DTP بە گشــتی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**کلۆدیا ڕۆس:** لەبەرئــەوەی لە تورکیا هێزی ئۆپۆزســیۆنی ناسیۆنالیست و شۆڤێنی هەندێ جــار دەبێتە هــۆکاری کــردەوەی درێو، دەبێ هەنــگاوی پراگماتی و واقعیانە بۆ چارەســەری کێشەی کورد بهاوێژرێن. AKP ئامادەیەکی جێی متمانەی دا کە ئەو ئامادەیە هەنگاو بەرەو کورد بهاوێژێــت. ئەوە فاکتەرێکــی گرنگە لە تورکیا کە بۆ چارەســەرکردنی کێشەی کورد پێویستە. نوێنەرانــی کورد و ڕێکخراوەکانیان پێویســتە هەمیشە ئەوە لەبەرچاو بگرن.

**ڕووداو: DTP داخرا. فراکســیۆنی سەوزەکان لە پەرلەمانی ئەوروپا دژ بەم هەنگاوە چیکرد؟**

**کلۆدیــا ڕۆس:** داخســتنیDTP ڕەوتێکــی وێرانکەرە و لێدانێکی زۆر گەورەیە کە دەتوانێ تورکیا چەند ساڵ بەرەو دواوە ببات. لەم بوارەدا ئێمە چەند جار هەڵوێســتی خۆمان لەوبوارەدا ڕاگەیانــد . ئێمــە گوتمــان قەدەخەکردن هیچ ئاکامێکــی پۆزتیڤــی نییە و چارەســەرکردنی کێشــەکان زەحمەتتــر دەکات. ئێمە داوامان لە یەکێتــی ئەوروپا کــردووە ڕێگەکانی کرانەوە و دیالۆگ درێژە پێبدەن.

**ڕووداو: ئێوە بەگشتی سیاسەتی DTP چۆن هەڵدەســەنگێنن؟ ئایا DTP ئەو دەرفەتەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد هاتە پێشەوە باش بەکارهێنا؟**

**کلۆدیا ڕۆس:** لەنێو DTPدا من زۆر دۆســتم هەیە، زۆر ڕێزیان لێدەگرم. ڕا و بۆچوونەکانیان

**لەبەر هێزی ئۆپۆزسیۆنی شۆڤێنی تورکیا دەبێ کورد هەنگاوی واقعیانە بهاوێژن**

بۆ من جێگەی ڕێزن. کاتێک لەگەڵ شــاندەکان سەردانی تورکیامان دەکرد، هەوڵماندەدا لەگەڵ DTP دابنیشــین. بەشــێوەیەکی ئاشکرا دیارە کە DTP لــە پەرلەماندا کاریگەری هاوبەشــی نییە. بەپێی ئەزموونی خۆم، بۆ دەســتپێکردنی چارەسەری گونجاو، لەڕووی سیاسییەوە، کورد پێویســتیان بــە نوێنەرایەتی لــە پەرلەمانی تورکیــادا هەیە. بەقەدەخەکردنــی DTP کورد ئەو دەرفەتە لەدەست نادەن. سیاسەتمەدارانی عاقڵ و لێهاتوو دەتوانن شێوەی دیکە بدۆزنەوە تاوەکو بتوانن بەرژەوەنــدی لایەنگرانی خۆیان بپارێزن.

**ڕووداو: ماوەیەک لەمەوبەر سەردانی باشووری کوردســتانتان کرد. ڕەوشی هەرێمی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**کلۆدیا ڕۆس:** پێشــکەوتنەکانی کوردستانی عێراق هیوای گەورە دەدەنە ئێمە. پێش هەموو شــتێک بۆ پارچەکەی دیکەی عێراق. بارودۆخی پڕ ئاسایشی کوردســتان، سەقامگیری سیاسی ئــەو شــوێنە پێشــاندەدات و دەریدەیخات کە ســەقامگیربوونی عێراق شتێکی لەکران نەهاتوو نییە. ئەگــەر مرۆڤ پێکهاتەی کوردســتان بۆ پارچەکانی دیکــەی عێراق لەبەرچــاو بگرێت، ئەوکات کوردســتان دەتوانێ بۆ عێراقی فیدراڵ ببێتــە نموونەیەکی زۆر باش. کوردســتانێکی دیموکــرات کــە بتوانێ لــە عێراقــی فیدراڵدا بەشــێوەی ئاشــتیانە و دادپەروەرانــە خــۆی بەرەوپێــش ببــات، دەتوانێ بــۆ دەوڵەتەکانی دراوســـێ، هەروەها بۆ ئەو مرۆڤانەی لەم ناوچە گەورە و نائارامەدا دەژین، ببێتە نیشــانەیەکی باش. بەم شــێوەیە مرۆڤەکان دەتوانن ببین کە ئەوە بە ڕێگە دیموکراتییەکان دەبێ.

**ڕووداو: ئەڵمانیــا کۆنســولخانەی لە هەولێر هەیە. پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەڵمانیا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**کلۆدیــا ڕۆس:** ســەردانی ئێمە بــۆ هەولێر و ســلێمانی یەکەمیــن ســەردانی گرووپــی پەرلەمانتارانــی ئەڵمانیا بوو بــۆ ئەو هەرێمە. پاش ئەو گەشــتە، ئێمە وەک فراکســیۆنێکی پەرلەمانتارانی ئەڵمان داوامان کرد کە ئەڵمانیا نوێنەرایەتییەک لە کوردستان بکاتەوە. داواکەمان دوای چەنــد ســاڵێک جێبەجێکــرا. بەرنامــە سیاســـی — کولتوورییەکانــی ئەڵمانی دەتوانێ بۆ گەشەســەندنی پێوەندییە ئابوورییەکان زۆر شــتی گونجاو بکات. بۆ زۆربــەی وەبەرهێنەرە بیانییەکان دۆخی سیاســی ناوخۆ و ڕەوشــی ئاسایش زۆر گرنگن.

**ڕووداو: ئێــوە وەک "پشــتیوانی پەنابەران" دەناسرێن، بەڵام بەزۆری وەک "دۆستی تورکان" دەناســرێن. لــە ئەڵمانیا جگە لــە پەنابەرانی تــورک، پەنابەرانــی نەتەوەکانی دیکەش هەن. ئێوە لە نێو پەنابەراندا لایەنگری کێ دەکەن؟**

**کلۆدیــا ڕۆس:** مــن لە ئەڵمانیــا و یەکێتی ئەوروپــا بۆ تێکەڵبوونی مۆدێرن و سیاســەتی مرۆڤانەی پەنابەران کاردەکەم. ئەم سیاســەتە لــە ڕوانگەکانی منەوە ســەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و مافی هاووڵاتیان ســەرچاوە دەگرێت. لەبەرئــەوەش کاتێک بــۆ یەکەمین جار چوومە تورکیــا، لە بەرامبەر پێشــێلکاری مافی مرۆڤ و مافی کەمینەکان پێداگریم کرد. ســەوزەکان لە پەرلەمانی ئەوروپا بەشــێوەیەکی ڕاشکاوانە کێشەی کورد و ئەرمەنییەکانیان خستە بەرباس و مشــومڕیان لەســەرکرد. بۆیە مــن لەلایەن ناسیۆنالیست و شۆڤینیستەکانی تورکەوە وەک "دۆســتی کورد و دوژمنی تورکان" پیشاندرام. بۆیەش کە بەشــداریی دیدارەکانــی گونجاندن لــە ئەڵمانیــا و کۆبوونەوەکانــی تایبەت بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا دەکەم، لەلایەن ڕاسیستەکانەوە وەک "دۆستی تورکان" پیشـــان دەدرێم. ئەوە بۆ من گرنگ نییە. بۆ من پرەنسیب و دڵسۆزی هاوڕێیانم کە لە زۆر وڵاتدا دەژین، گرنگە.

---

ئەوروپا بەرگری لە موتڵەگ دەکات

# ئەرشەد زێباری و جەوهەر هەرکیش لە هەڵبژاردن دوورخرانەوە



**هێمن بابان ڕەحیم**
heminb24@yahoo.com

**ڕووداو- هەولێر**

وتەبێژێک بەناوی بەرەی عێراقی بۆ دیالۆگی نیشــتمانی کە ساڵح موتڵەگ ســەرۆکایەتیی دەکات ڕایگەیانــد ئەجێندای هەرێمی لەپشــت دوورخســتنەوەیان لەهەڵبژاردنەکانــی ئایندە هەیــە. پەرلەمانــی ئەوروپاش ســەردانەکەی وەزیــری دەرەوەی ئێران بۆ عێراق بە پیلانێک بۆ دوورخستنەوەی موتڵەگ دەزانێت، مەسعود بارزانــی و عەممــار حەکیمیــش لــە هەوڵی نەهێشتنی ئەو بڕیارەن لەدژی موتڵەگ.

بەتۆمەتی پەیوەندییان بە حیزبی بەعسەوە و بەپێــی مادەی حەوتی دەســتووری عێراق، دەستەی لێپرســینەوەو دادپەروەریی، پێشتر ناوی (دەســتەی ڕیشەکێشکردنی بەعس)بوو، 15 قــەوارەی سیاســی لە بەشــداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ئایندە دوور خستەوەو، ئەگەری زیادبوونــی ئەو ژمارەیەش لە ئارادایە، ژمارەی ئــەو پاڵێوراوانەش کە یاســای لێپرســینەوە و دادپــەروەری دەیانگرێتــەوە نزیکــەی 400 پاڵێوراو دەبن.

حەیدەر مــەولا، وتەبێژی بــەرەی عێراقی بــۆ دیالۆگی نیشــتمانی، کە ســاڵح موتڵەگ سەرۆکایەتیی دەکات بڕیاری دوورخستنەوەیان بــە ئەجێنــدای هەرێمــی نــاوزەد دەکات و هەڵوێســتەکانی بەرەکە بــە هۆکارێک بۆ ئەو بڕیارە دادەنێت. ناوبراو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیارمانداوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بڕیارە ئەحمەقە نەکەین و دەزانین کە باجی هەڵوێســتەکانمان لە دژی ڕەفتــارە خراپەکانی ئێــران لەعێراق دەدەین".

لە ماددەی حەوتی دەستووری عێراق هاتووە "هەر قەوارەیــەک یان پەیڕەوێک پشــتگیری دەمارگیــری یان تیرۆر یــان تەکفیرکردن یان پاکتــاوی تایفی بــکات، یان هانــی بدات یان بەپیرۆزی ڕابگرێت یان پاســاوی بۆ بهێنێتەوە قەدەخەدەکرێت، بەتایبەت بەعسی سەدامی لە عێراق و هێماکانی، لەژێر هەر ناوێکیشدا بێت، نابێ لە چوارچێوەی فرەیی سیاســی لەعێراقدا بێت و ئەمەش بەیاسا ڕێکدەخرێت".

لەبارەی دوایین پێشهاتەکانی کێشەکە مەولا گوتی "کێشەکە بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ دۆستان و تێگەیشــتووەکان چارەسەردەکەین، هەریەک لە مەســعود بارزانی و عەممار حەکیم و چەندین ســەرۆکی کوتلە و سیاســەتمەداری دیکە پەیوەندییــان پێوەکردووین و نیگەرانیی خۆیان لەمبارەیەوە دەربڕیوە، مەسعود بارزانی بەتەواوەتــی پاڵپشــتیی بەشــداریکردنمانە لەهەڵبژاردنەکان و هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەدات، وا بڕیاریشە کۆبوونەوەیەک بۆ ئەنجوومەنی سیاسیی ئاسایشی نەتەوەیی ساز بکرێت و ئەم مەسەلەیە تاوتوێ بکات".

مەولا تۆمەتەکانی بەعســیبوونی موتڵەگ و ســەرکردەکانی قەوارەکەی ڕەتکردەوە و گوتی "هیــچ پەیوەندییەکمان لەگــەڵ حیزبی بەعس نییە و بڕوامان بە یاساکانی هەڵبژاردن هەیە و پێوەیان پابەند دەبین، ساڵح موتڵەگ لە1977 لەحیزبی بەعس دەرکــراوە، ئەیاد عەللاوی بە هەڵوێســتەکانی دژی ڕژێمی پێشوو ناسراوە، بەعســیبوونمان هیچ بنچینەیەکی ڕاستەقینەی نییە".

لەلایەکی دیکــەوە ســەردار عەبدولکەریم، ئەندامــی ئەنجوومەنــی بــاڵای کۆمیســیۆنی ســەربەخۆی هەڵبژاردنــەکان بــە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بە تۆمەتی بەعسیبوون هیچ قەوارەیەک لە هەرێمی کوردســتاندا لە بەشــداریکردن لە هەڵبژاردنەکانــی پەرلەمانی عێــراق کە بڕیارە 2010/3/7 بەڕێوەبچێ، بڕیاری دوورخستنەوەی نــەدراوە. لەبارەی بەڵگەکانی کۆمیســیۆنیش لەســەر بەعســیبوونی ئــەو قەوارانــەی دوورخراونەتەوە گوتی "پێویســتە بڕیارەکەی دەستەی لێپرسینەوە و دادپەروەوەری لەلایەن کۆمیسیۆنەوە لێکۆڵینەوەی تەواوی بۆ بکرێت و دواتر بڕیاری خۆمان دەدەین، بڕیاری کۆتاییش لەلای دادگایە".

**مەسعود بارزانی و عەممار حەکیم و چەندین سەرۆک کوتلە و سیاسەتمەداری دیکە پەیوەندییان پێوەکردووین و نیگەرانیی خۆیان لەمبارەیەوە دەربڕیوە**

وتەبێژی قەوارەکەی ساڵح موتڵەگ

ئــەو قــەوارە سیاســییانەی لەلایــەن دەســتەی لێپرســینەوەو دادپەوەرەییــەوە بڕیــاری دوورخســتنەوەیان دراوە بریتین لە: نەهــرۆ عەبدولکەریم کەســنەزانی، ســەرۆکی گردبوونــەوەی یەکێتیی نیشــتمانیی عێراقی. جەمال کەربولی، سەرۆکی لیستی چارەسەری. سەعد عاسـم جەنابی، سەرۆکی گردبوونەوەی کۆماریی عێراقی. ڕەوتی ڕافیدەینی نیشــتمانی بەســەرۆکایەتی حوسێن ئەحمــەد ســافی. گردبوونەوەی باڵەکانی عێراق بە ســەرۆکایەتی ســاڵح جەعفەر فەندی ناسر ساعدی. کوتلەی ڕۆڵەکانمان بەســەرۆکایەتی عەبدوڵڵا جاسم محەممەد ئەلوەهب، گردبوونەوەی نیشتمانی بۆ گردبوونەوەی عەشایەرەکانی عێراقی موستەفا کامل جبووری. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی عێراق بەســەرۆکایەتی ڕاکان عەبدولعەزیز. لیســتی ســەعدی فەیســەل جبووری بەســەرۆکایەتی سەعدی فەیسەڵ جبووری. حیزبی دادپەروەریی کوردستانیی عێراق بەســەرۆکایەتیی ئەرشەد زێباری وەزیری دەوڵەت لەســەردەمی ســەدام حوســێن. کوتلەی هەموو عێــراق کە جەوهەر محێدین هەرکی ســەرۆکایەتیی دەکات، ڕەوتی گەل، کە عەبدوڵڵا حەمود سەرۆکایەتیی دەکات. حیزبی نسوری عێراق کە عەبدولجەبار محەمەد حەسەن تەعمە خەزرەجی سەرۆکایەتی دەکات. پرۆژەی گۆڕانی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی عەلی خەلیفە ئــال محەممەد عەبــد دلێمی. بەرەی عێراقی بۆ دیالۆگی نیشــتمانی بەسەرۆکایەتی ساڵح موتڵەگ.

ساڵح موتڵەگ، کە عەرەبێکی سوننەی نزیک لە ڕژێمی پێشوو بووە، بەهۆی ئاسانکارییەکانی ڕژێمی پێشــوو بــۆی لەســەردەمی ئابلۆقەی ئابووری سەر عێراقدا زۆر دەوڵەمەندبوو، ئێستا لەلایــەن ڕۆژئاواییەکانــەوە وەک نوێنەرێکــی گــەورەی ســوننەکانی عێراق تەماشــادەکرێ و، لــە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا 11 کورســی پەرلەمانــی بەدەســتهێنا. موتڵــەگ دژی جێبەجێکردنــی مــادەی 140و زۆرجار دژی کورد لێــدوان دەدات دواترینیــان ئەوەبوو کە گوتی " نابێ ســەرۆکایەتی کۆمار و وەزارەتی دەرەوە بدرێتەوە کورد لەدوای ئەو هەڵبژاردنە، چونکە جەلال تاڵەبانی و هوشــیار زێباری ئەو پۆستانەیان بۆ کورد بەکارهێناوە".

لەبەیاننامەیەکــدا ئالخۆ فیــدال کوادراس جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپاو سەرۆکی لێژنــەی نێودەوڵەتــی بــۆ گــەڕان بــەدوای دادپەروەریــدا نیگەرانیــی پەرلەمانی ئەوروپا و پەرلەمانەکانــی وڵاتە دیموکراســییەکانیان ســەبارەت بــە دوورخستنەوەی موتڵەگ دەربڕی و، هێمـا بـۆ ئەوەش دەکات کە بڕیارەکە پیلانێکی ستەمکارانەی ڕژێمــی ئێرانــە کــە زۆر لەئەنجامدانــی هەڵبژاردنــی دیموکراســی لەعێراق دەترسێت، یەکێک لە ئامانجەکانی ســەردانەکەی وەزیری دەرەوەی ئێرانیــش بۆ عێراق بۆ دوورخستنەوەی موتڵــەگ بــوو لــە هەڵبژاردنەکان، لەبەیاننامەکەدا هاتووە "ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد لەعێراقدا دەبێتە هۆی لادانی بەکرێگیراوانی ڕژێمــی ئێران لە زۆر پۆســتی حکومی و باڵی دەسەڵاتدارانی ئێران لە عێراق دەبڕێت".

هــاوکات لیژنەی پەرلەمانیــی بەریتانی بۆ ئێرانی ئازاد کە پاڵپشتیی زۆرینەی پەرلەمانتاران و 200 ئەندامــی ئەنجوومەنــی لۆردەکانــی بەریتانیای هەیە، دوورخستنەوەی موتڵەگی بە بەڵگەیەک بۆ ملکەچبوونی دەسەڵاتی ئێستای عێــراق بۆ ئێران، بڕیاری دوورخســتنەوەکەش بە دژی دیموکراســی و بەڵگەی زیاتر لەســەر پاشکۆیەتی ســەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق و حکومەتی عێراق بۆ ئێران دادەنێ.

ســاڵح موتڵەگ و چەنــد دوورخراوەیەکی دیکــە، داواکــەی خۆیان بردووەتــە دادگای پێداچوونــەوەو، چاوەڕێــی وەڵامــی ڕێگەپێدانیان دەکەن.



> **ئەگەر ئەندامانی داواکاری گشتیی هەوڵبدەن کێشەکەیان بە ڕاستکردنەوەی یاسایی چارەسەبکرێ دەبنە پردی هەندێ خواستی دوور لە بەرژەوەندی خۆیان**



> **خۆپیشاندانی هەندێ لە ئەندامانی داواکاری گشتی کارێکی بە پەلە پەل بوو و هەندێکیان لێدوانی نایاساییان دا**

## ڕەئوف ڕەشید، وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# ئەوەی پێم بڵێ تاکڕەو دەیدەمە دادگا

**ماوەیەکە کێشەی ناوی ئەندامانی داواکاری گشتی بووەتە کێشە لە هەرێمی کوردستان و، ئەندامانی داواکاری گشتیی لە ڕۆژی کۆتایی ساڵی ڕابردوودا، خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدا . ڕەئوف ڕەشید، وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵوێستی وەزارەتی داد لەوبارەوە دەخاتەڕوو:**

**هەڤپەیڤین: کاروان محەممەد سینۆ**

**ڕووداو: ئایا دادوەری یاخود دادگێڕی پلە و پیشەیەکی فەرمانبەرێتییە، لە هەر قۆناخێکی فەرمانبەرێتیدا هەر مافپەروەرێک (دەرچووی کۆلێژی یاسا) بۆی هەیە ببێتەدادوەر؟**

**وەزیری داد:** بەپێی یاسا و نەریتی قەزایی دادوەر پیشە نییە، بەڵکو پێگە و پۆستە، بەپێی یاسا و بەگوێرەی مەرجی زانستی و تایبەتمەندیی کەسی دیاریکراو لە بواری زانستی و یاساناسیدا ئەم پێگەیە دەدرێتە کەسانێک بۆ ئەنجامدانی کاری دادوەری و، دادوەریکردن بەناوی گەل پاش سوێند خواردنی یاسایی تایبەت بە دادوەران. چونکە کاتێک دادوەر دەست نیشاندەکرێ یاخود پلەی دادوەری پێدەدرێ دەبێتە نوێنەری گەل لە ئەنجامدانی دادگێڕی و دادپەروەری بۆ یەکلاییکردنەوەی داوا و کێشە یاساییەکانی پەیوەست بە ئەرک و مافی خەڵک و هاووڵاتیان و مافی گشتی. ئێستا لە کوردستان، بەگوێرەی یاسای کارپێکراو دادوەران سەر بە ئەنجوومەنی دادوەرین کە بەپێی یاسا دەزگایەکی سەربەخۆ و جیاوازە لە وەزارەتی داد و بۆ خۆی ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە، جیا لە وەزارەتی داد کە دەسەڵاتێکی جێبەجێکارە، بەپێی یاسای وەزارەتی داد ژمارە 13 ساڵی 2007 پێکهاتەی وەزارەتی داد بەم شێوەیە: (ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری، سەرپەرشتی دادی، داواکاری گشتی، بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرە، بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگە دادییەکان-تەنفیز، کاتب عەدل و چاودێری ناکامان-، بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد کە ئەرکەکانی دیوانی وەزارەت ئەنجامدەدات). ئەم دەزگایانە کاری تەنفیزی ئەنجامدەدەن، نەک دادوەریی و بەگوێرەی یاسا جیاکراونەتەوە لە ئەنجوومەنی دادوەری.

**ڕووداو: کەسانی پەیوەست بە تاوتوێکردنی کێشە یاساییەکان و کەسانی کاریگەر لە کەلاڵەکردنی بڕیاری کۆتایی کێشەیەکی یاسایی لە نێو دادگادا کێن؟**

**وەزیری داد:** دادگا بریتییە لە بەشێکی دیاریکراو لە دەزگای دادوەریی و ئەو لایەنانەی لە پرۆسەی دادگاییکردن ئامادەدەبن بریتین لە دادوەر (قازی — حاکم) کە نوێنەری ئەنجوومەنی دادوەری و دووەم دەزگای قەزاوەتە. لایەنی دووەم کە لە بەردەم دادگا ئامادە دەبن خاوەن کێشە و پارێزەرەکەی کە داواکاری مافی کەسی دەکات و لایەنی سێیەم نوێنەری داواکاری گشتییە لەو داوایانەی کە پەیوەندی بە مافی گشتیەوە هەیە و لە عورفی یاسا پێیدەوترێ ( الحق العام).

**ڕووداو: دەگوترێ یاسای داواکاری گشتی کە لە بەغدا کاری پێدەکرێ و، ئەندامانی داواکاری گشتی بە دادوەر ئەژمارکردووە ئەی بۆچی لە کوردستان لێک نەگەیشتنێک هەیە لەم ڕووەوە؟**

**وەزیری داد:** پاش بڕیاری ژمارە 15ی یاسای ژمارە 10 ساڵی 2006 بە گۆڕینی یاسای داواکاری گشتی ژمارە 156 ساڵی 1979 لە ماددەیەک دەڵێ ( يعد اعضاء و الادعاء و

> **بڕیاری ناونەنانی ئەندامانی داواکاری گشتیی بە دادوەر پێش من دراوە، بۆیە کە ئەو مەسەلەیە ئێستا دەوروژێندرێ جێگەی گومانە**

المستمرون في الخدمة حكاما وفق الدرجات و الصنوف و الاقدمية و المناصب التى هم عليها عند صدور هذا القانون و تسري عليهم الاحكام التي تسري على القضاه و يتمتعون بجميع حقوق القضاة و امتيازاتهم). ئەمە لە ڕۆژنامەی (الوقائع العراقيه) ژمارە 4028 لە 12 تشرینی دووەم 2006 بڵاوکرایەوە. واتە ئەندامانی داواکاری گشتی نەکراونەتە دادوەر بەڵکو هەندێ ماف و ئیمتیازی دادوەری پێدراون لەڕووی وەزیفییەوە نەک لەڕووی کردەی دادوەرییەوە. چونکە لە هەمان بابدا ماددەی 1 و 2 و 3 دەڵێت "ئەو ئەندامانەی داواکاری گشتیی کە ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە بەردەوامدەبن لەسەر بەجێگەیاندنی کارەکانیان کەلە یاسای داواکاری گشتییدا هاتوون". هەڵبەت ئەم بڕگانەی سەرەوە لە یاسای پاشکۆی یاسای داواکاری گشتی کوردستانیشدا هاتوون، کە لە ژمارە 71 ی ڕۆژی 2007/7/29 ڕۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان) بڵاوکراوەتەوەو بە ئاشکرا ئاماژە بە کاری ئەندامانی داواکاری گشتی دەدات و بەردەوامبوونیان لە کارو ئەرکی خۆیان کە لە یاسای داواکاری گشتی هاتووە. هەروەها لە ماددەی 2دا دەڵێ ( هاوبەشیکردن لەگەڵ دادوەران و لایەنە پەیوەندیدارەکان – الاسهام مع القضات و الجهات المختصة) و لە ئەسباب موجەبەی دەرکردنی یاساکەشدا ناویان دەبات بە داواکاری گشتی نەک قازی، واتە جودای کردوونەتەوە لە دادوەر، بەم جۆرە دادگا لە سێ لایەن پێکدێت، دادوەر کە قەزاوەت دەکات و پێگەی دیارە، داواکاری گشتی کە ناوی بەخۆیەوەیە و مافی گشتی دەپارێزێت و پارێزەر کە مافی تاکە کەس دەپارێزێت.

**ڕووداو: ئەی پێگەی داواکاری گشتی لە یاسای پاشکۆی یاسای داواکاری گشتی چۆن دەخوێنرێتەوە؟**

**وەزیری داد:** یاسای ژمارە 24 ساڵی 2007 کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە و لە پاشکۆی یاساکەدا هاتووە، ( ئەندامانی داواکاری گشتیی کە لە خزمەتدا بەردەوامن بە دادوەر دادەنرێن بەپێی پلەکان و سنف و کۆنی و ئەو پێگانەی کە تێیدان لە کاتی دەرچوونی ئەو یاسایەدا- يعد اعضا و الادعا و العام المستمرون فى الخدمه حكاما وفق الدرجات و الصنوف و الاقدميه و المناصب التى هم عليها عند صدور القانون). واتە ئەوە بەندە بە ماف نەک پێگە، لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری کوردستان ژمارە 4 ساڵی 1992 بە هەمان شێوەیە واتە حیساب بۆ پلەی وەزیفی کراوە نەک پێگەی دادوەریی. هەروەها بۆ زانیاریشتان، پرۆژەی یاسای داواکاری گشتی ڕێکخراو لە ڕۆژی 2009/12/18 درایە وەزارەتی داد کە ئێستا تاوتوێدەکرێ و، دواتر بەرزدەکرێتەوە.

**ڕووداو: ڕۆژی 2009/12/30 ژمارەیەک لە ئەندامانی داواکاری گشتی پاش ئەوەی لە دیوانی وەزارەت لە گەڵ ئێوە کۆبوونەوەو، وەزارەتی داد لە هەمان ڕۆژدا ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە، خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان بۆ داواکردنیان بەوەی وەک دادوەر ناوەزەد بکرێن، ئەم هەڵوێستەی داواکارانی گشتی چۆن لێکدەدەنەوە؟**

**وەزیری داد:** پێشتر کۆبوونەوەیەکی فراوانمان لە گەڵ ئەندامان وسەرۆکی داواکاری گشتی ئەنجامدابوو بۆ تاوتوێکردنی کێشەی ناوزەدکردنیان و تەفسیرکردنی یاسای پاشکۆی یاسای داواکاری گشتی، لە کۆبوونەوانەدا کە چەندرۆژێکی خایاند، پێش یەکلابوونەوەی کێشەکە و گەیشتنە ئامانجێک، لە هەنگاوێکی پەلەدا، هەندێک لە ئەندامانی داواکاری گشتی چەند وتار و نووسینێکیان لەم بارەوە لە هەندێ میدیادا بڵاوکردەوە بە ناوی ((دادوەر)) کە بووە مایەی وروژاندن و قۆستنەوەی کێشەکە لەلایەن چەند دەزگاو لایەنێک و ئاراستەکردنی کێشەکە بۆ چەند خواست و مەبەستی دیکەی دوور لە ماف و ئەرکەکانی ئەندامانی داواکاری گشتی، بەداخەوە چەند کەسانێک لە ئەندامانی داواکاری گشتی لە پەلەپەل و هەڵوێستێکی دیراسەت نەکراودا کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو خواست و مەبەستانە و بەبێ گوێدانە متمانە و پلە و پایەی یاسایی و وەزیفیان پەنایان بردە بەر مانگرتن و خۆپیشاندان، هەروەها لە هەندێ کۆڕ و کۆبوونەوەدا دوور لە ئەتەکێتی یاساناسی و مافپەروەری، ڕاو بۆچوونی نایاسایی و وتە و لێدوانی جۆراوجۆریان دەربڕی بەرامبەر وەزارەتی داد و ئەنجوومەنی دادوەری. هەڵبەت پاراستن و داواکردنی ماف و بەرژەوەندییەکان مافێکی ڕەوای هەموو کەس و چین و توێژێکە، بەڵام کەی و چۆن؟ کاتێک کێشەکانیان پشتگوێ بخرێ و تاوتوێ نەکرێ. نەک ئەوان بەهەڵوێستێکی دوور لە یاساناسان ببنە ماددەیەک بۆ ڕاگەیاندن و کێشەکە بە ئاقارێکی ئەجێندەداری دوور لە بەرژەوەندیەکانی ئەندامانی داواکاری گشتی ئاراستە بکرێن. لە ڕۆژی 2007/12/31، واتە پێش دەست بەکاربوونم، لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری کە بریتیبوون لە ئەندامانی دادگای تەمیز و ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەری گشتی داد ئەم مەسەلەیان خستبووە ڕوو و لە ئەنجامدا ڕاو تەفسیرێکی یاسایی فەرمی گەڵاڵە بووە کە : ئەندامانی داواکاری گشتی کاری دادوەری ئەنجام نادەن و نابێت ناوی دادوەر لە خۆیان بنێن. ئەم بڕیارە بە زۆرینەی دەنگ، 7 ئەندام لە کۆی 8 ئەندام ڕاگەیێنرا و کاری پێکرا لەو ساوە تاوەکو ئێستا کەس لاری لەسەرنەبوو. بۆیە جێگەی گومانە کە ئەم بابەتە ئێستا دەوروژێنرێ و هەندێ لە ئەندامانی داواکاری گشتی بەم شێوەیە پەنادەبەنە بەر مانگرتن و خۆپیشاندان پێش ئەوەی ڕای پەرلەمان و وەزارەتی داد و ئەنجوومەنی دادوەری بزانن، یاخود بڕیارێکی یاسایی تەشریعی لەم بارەیەوە لە پەرلەمان دەربچێ. ئەم هەڵوێستە هەڵوێستێکی و چاوەڕوان نەکراوە لە دەزگایەکی وەزارەتی داد کە بەرژەوەندی و مافی گشتی دەپارێزن و شارەزان لە چۆنیەتی پاراستن و وەدەستهێنانی مافەکان بە شێوازێکی یاسایی تەندروست. بێگومان مانگرتنیان لە کار لەلایەک زیانبەخشە بە مافی گشتی و لەلایەکی دیکەوە کێشەکەیان ئاڵۆز و گوماناوی دەکات، چونکە ئەلتەرناتیڤ و ڕێگە چارەی یاسایی و تەشریعی بۆ چارەسەری کێشەکەیان واڵا و کراوەن و هەرکێشەیەک یاخود نادیاری لە یاسایەک بە ڕاستکردنەوەو هەموارکردنی چارەسەردەکرێ و ئەم ڕێگە چارانە ئەستەم و شاراوە نییە، بەتایبەت بۆ یاساناسان و مافپەروەران.

**ڕووداو: کە ئەندامانی داواکاری گشتی هاتنە دیوانی وەزارەت، ئێوە هەڵوێستتان چی بوو، بەوشێوەیە هەر کە لێرە ڕۆیشتن یەکسەر دەستیان بەخۆنیشاندان کرد؟**

**وەزیری داد:** لەو ڕۆژەدا کۆبوونەوەیەکی فراوانمان ئەنجامدا بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی داواکاری گشتی و ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی داواکاری گشتی و پێم ڕاگەیاندن کە کێشەکەیان کێشەیەکی فیقهی یاساییە و لە ڕێگەی یاسا و بڕیاری تەشریعی چارەسەر دەبێ و هەر کاتێک ئەژمارکران بە دادوەر و ناونران بە دادوەر ئەوسا وەزارەتی داد وەکو پێویست بە نووسراوێکی فەرمی فەرمانی چوونیان بۆ سەر ئەنجوومەنی دادوەری دەردەکا، چونکە دادوەران سەربە دەسەڵاتی دادوەرین نەک دەسەڵاتی تەنفیزی (وەزارەتی داد). هەروەها لە هەمانکاتدا وەکو وەزارەتی داد لەم بارەیەوە ڕوونکردنەوەیەکی ڕۆژنامەوانیشمان بەسەر هەموو میدیاکان بڵاوکردەوە، بەڵام هەڵوێست و خۆپیشاندانەکەیان (وادیاربوو) ڕووێکی دیکەی هەبوو، چونکە بۆ نموونە هەندێ دەزگای ڕاگەیاندنی دیاریکراو، پێش ئامادەبوونی ئەندامانی داواکاری گشتی لە وەزارەتی داد هاتبوون. ڕاستە لەوانەیە هەموو ئەندامانی داواکاری گشتی ئاگایان لەم ئاراستەکردنەی پشت پەردە نەبێ، بەڵام کاتێک دەبینن کێشەکەیان دەقۆزرێتەوە بۆ خواست و مەرامی دیکەی گوماناوی، پێویستبوو ئەوان یاساناسانە و پیشەییانە ڕەفتاریان کردباو ڕێگەی یاساییان بگرتبا، مادام ئەم ڕێگایانەیان لێ نەگیراوە، چونکە قۆستنەوەو ئاراستەکردنی مافەکەیان بە ئاقارێکی دیکە خزمەتیان ناکات و کێشەکەیان ئاڵۆزتر دەکات.

**ڕووداو: بەڕای ئێوە کێشەکە چۆن چارەسەر دەکرێ؟**

**وەزیری داد:** وەک پێشتر باسمکرد کێشەکە کێشەیەکی فیقهی یاساییە و بە هەموارکردن و تاوتوێکردن و ڕاستکردنەوەی یاساو بڕیاری تەشریعی چارەسەر دەکرێ، بە پێچەوانەوە کێشەکەیان دەبێتە پرۆژەو پردێک بۆ هەندێ خواست و مەرامی دیکە کە عەرەب گوتەنی ( (ليس لهم فيها لا ناقة ولا جمل)). بۆیە لێرەوە داوا لە بەڕێزان ئەندامانی داواکاری گشتی دەکەم کە بە هەستێکی نیشتمان پەروەرانە و دوور لە بیروبۆچوون و لایەنگری سیاسی بەرتەسک ئەرک و فەرمانەکانیان وەک پێویست ئەنجامبدەن و کێشەکەیان بە شێوە و ڕێکارێکی یاسایی بخەنە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان و هەر یاسا و بڕیارێکی تشریعی لەم بارەیەوە دەبێتە مایەی پێگیری هەموولایەک. ئێمەش وەکو وەزیری داد، یاخود هەر فەرمانبەرێک لەکاتی ئەنجامدانی کاری ڕۆژانەی حکوومەتدا بڕیار و ڕێنمایی و ڕێکاری فەرمی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری حکوومەت، بەڵام هەریەکەیان ئاستە هێزێکی پێگیری (التزام) جودای هەیە و هەریەکەیان بە ڕێگەیەک لە ڕێگە و ڕێکارە یاساییەکان قابیلی هەموارکردنە و هەرکاتێک نادیاری و لێکنەگەیشتنێک لە یاسا و بڕیارەکاندا هەبوو هەڵبەت قابیلی پێداچوونەوەیە و ئەمەش پەیام و ئامانجی دەوڵەتی یاسایە کە هەموومان کاری بۆدەکەین، نەک سەپاندی ڕایەکی دیاریکراو بەگوشارێکی نایاسایی کتوپڕ. ئێمە وەک وەزارەتی داد هەر کاتێک بڕیارێکی تەشریعی لە پەرلەمانی کوردستان یاخود هەر شوێنێکی یاسایی پەیوەندیدار دەربچێت بەناوهێنانی داواکاری گشتی بە دادوەر قبوڵی دەکەین و ئەوکات دەبنە بەشێک لە دەسەڵاتی دادوەری و لە دەسەڵاتی تەنفیزی (وەزارەتی داد) جودا دەکرێنەوە. ئەمە حوکمی یاسایە نە بڕیارێکی ئیداری.

**ڕووداو: ئایا ئێوە تاکڕەوانە بڕیارەکەتان داوە هەروەک هەندێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن باسیدەکەن؟**

**وەزیری داد:** ئێمە بەپێی یاسا و دەسەڵاتەکانمان کاردەکەین کە لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (13)ی ساڵی 2007 سەرچاوەی گرتووە. من خۆم لە دەزگایەکی دادوەرییەوە هاتووم و ئاشنای ڕێکارە یاسایی و ڕێنماییەکانم کە چۆن کاریان پێدەکرێ، ئەمە لەلایەک لە لایەکی دیکەوە خۆم لە ڕواڵەتدا کەسێکی تاکڕەونیم، تاوەکو بڕیاری تایبەت بدەم بە شەخسی خۆم و ئەو بەڕێزانەی بەدرێژایی ساڵ کارم لە گەڵیان ئەنجامداوە گەواهی ئەم ڕاستیە دەدەن، بەتایبەت ئێستا من نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و حکوومەتم و سیفەتی تاکڕەوی بە تۆمەت دەزانم و هەردەزگایەک بەتاکڕەو تۆمەتبارم بکات یاخود هەر جۆرە تەشهیرێکم پێ بکات ئەوکات بە سیفەتی سەخسی و لە ڕێگەی پارێزەرەکەمەوە پەنادەبەمە بەر دادگا بە کەیسی ناوزڕاندن داوای قەرەبووکردنەوەی لێدەکەم .

# "خۆپیشاندان پێویستی بە مۆڵەت نییە"

**دەشتی سەباح**

**ڕووداو- هەولێر**

وەک یەکێک لەقوتابییە چالاکەکانی قوتابخانەکەی، 7 ساڵ پێش ئێستاکە ئەوکات قوتابی ئامادەیی بوو، چیمەن لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابی هاوپۆلی دیکەی لەبەرامبەر نەبوونی مامۆستای ئینگلیزی دەست بە خۆپیشاندان دەکەن، بەهۆی ئاڵۆزبوونی ڕەوشەکە و بەرگریکردنی لەقوتابییە خۆپیشاندەرەکان، چیمەن بەر هەڕەشە و لێدان دەکەوێت و لەئەنجامدا دەستێکی دەشکێت "ئەگەر یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان هەبووایە چۆن بەو شێوەیە بریندار دەکرام".

چیمەن چەتۆ، 26 ساڵ، دەرچووی بەشی فارسی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین، ئێستا ڕاهێنەرە لەکۆمەڵەی خەڵک بۆ گەشەپێدان، پێیوایە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لەهەرێمی کوردستان پێویستییەکی سەردەمیانەیە وپێویستە خولی نوێی پەرلەمانی کوردستان بەجیدی کار لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە بکات تاوەکو یاسا کاری پێبکرێت، چیمەن دەڵێت "ئەگەر پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان بەپێی ئەو یاسایە هەڵسوکەوت بکات ئەوا کارێکی شارستانیانەیە، ئەویش بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە، نەک سەرکوتکردن و لێدان بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکاربهێنێت".

بۆ بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانەکان بەشێوازێکی سەردەمیانە لەهەرێمی کوردستاندا، بە دەستپێشخەری ڕێکخراوی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن، بەهاوکاری 4 ڕێکخراوی دیکە و بە ڕاوێژکردن لەگەڵ چەندین پسپۆڕی ئەورووپی لەساڵی ڕابردووەوە کار لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە دەکەن، لەخولی نوێی پەرلەمانیش لە 2009/10/15 لەڕێگەی نووسینگەی سلێمانییەوە پرۆژە یاساکەیان پێشکێشی پەرلەمانی کوردستان کرد دواتر 23 پەرلەمانتار ئیمزایان لەسەر کرد و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئێستاش چاوەڕێی هەنگاوەکانی دیکە دەکەن بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت و پەسند بکرێت. ئارام جەمال، بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن دەڵێت "ئەگەر پرۆژە یاساکەی ئێمە پەراوێزخرا، ئەوکات قسەی لەسەر دەکەین و ڕای گشتی لێ ئاگادار دەکەینەوە".

بەرنامەی کار لەدانیشتنی ژمارە (10)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی 2009/11/17 خوێندنەوەی یەکەم بۆ هەردوو پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان ئەنجامدرا کە یەکەمیان لەلایەن 5 ڕێکخراوی ناحکومی و دووەمیشیان لەلایەن لیستی کوردستانییەوە پێشکێشکرابوون، پرۆژە یاساکەی لیستی کوردستانی بەناوی (پرۆژەی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گشتییەکان)ە، بەڵام پرۆژەی 5 ڕێکخراوەکە کە لەڕێگەی لیستی گۆڕانەوە پێشکێشی پەرلەمان کراوە بەناوی (پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان) بەبێ ئەوەی زاراوەی (کۆبوونەوە گشتییەکان)ی لەگەڵدا بێت. بەڕێوەبەری پەیمانگا دەڵێت "ئێمە بڕوامان بەوە نییە هەر کۆبوونەوەیەک تۆ بیکەیت، ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار بکەیتەوە".

سەبارەت بە ڕێکخستنی خۆپیشاندان لەهەرێمی کوردستان، شێروان حەیدەری، سەرۆکی لێژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان بۆ (ڕووداو) گوتی "هەردوو پرۆژەکە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بەرزکراوەتەوە بۆ لێژنە پەیوەندیدارەکان، یەکێک لەوانەش لێژنەی ناوخۆیە، لەهەمانکاتیشدا نێردراوە بۆ حکومەت، بەڵام هەتا ئێستا ڕای حکومەت نەهاتووەتەوە بۆ پەرلەمان". هەروەها کاروان ساڵح، پەرلەمانتار لەسەر لیستی گۆڕان و ئەندامی لێژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان ڕایگەیاند "پرۆژەی 5 ڕێکخراوە ناحکومییەکە لەڕێگەی ئێمەوە پێشکێشکراوە، ئاگاداری پرۆژەکەی لیستی کوردستانی نیم، ئەو پرۆژانە کە دەچنە پەرلەمان ناڕوونیەکان ئاشکرا دەبێت". بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن ڕایگەیاند ساڵی ڕابردوو لەمانگی 10ی ساڵی 2008 وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان کە ئەوکات دوو وەزارەتی ناوخۆ بوو پرۆژە یاسایەکیان لەڕێگەی ئەنجوومەنی وەزیران پێشکەش بە پەرلەمان کرد، ئەوەبوو دوای ئەوەی ڕەخنەیەکی زۆری لێگیرا پرۆژەکەیان کشاندەوە، ئێمە بیرمان لەوەکردەوە ئێمە خۆمان پرۆژە یاسایەک بنووسین و پێشکێشی پەرلەمانی بکەین، گوتی "پرۆژەکەی ئێمە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بە فراکسیۆنی گۆڕانەوە نییە، بەڵام کە پەرلەمانتارانی لیستی گۆڕان و خزمەتگوزاری و یەکگرتوو و کۆمەڵ پەسندی بکەن و بەلایانەوە باش بێت، وا دیارە گونجاوترە"، ئارام گوتیشی "ئێمە لەپێناو بەرژەوەندی گشتی ئەو کارەمان کردووە نەک بۆ لایەن و فراکسیۆنێک و لەدژی کەسیش نەمانکردووە چونکە ئەو پرۆژە یاسایە کاری خۆپیشاندانەکان ڕێکدەخات پەیوەندی بەگشت چین و توێژەکانەوە هەیە".

بەڕێوەبەری پەیمانگای کوردی پێیوایە جیاوازی زۆر جومگەیی لەنێوان هەردوو پرۆژەکەدا هەیە بۆ نموونە "ئەوان دەڵێن دەبێ خۆپیشاندەران مۆڵەت لەوەزارەتی ناوخۆ وەربگرن، ئێمە مۆڵەتەکەمان کردووە بە ئاگادار کردنەوە تەنیا لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکرێتەوە، دواتر وەزارەتی ناوخۆمان گۆڕیوەو کردوومانەتە ئەنجوومەنی پارێزگاکان چونکە تۆ ئەگەر لەدهۆک یان گەرمیان یاخود لەسلێمانی بیت بە ئاسانی دەستت ناگاتە وەزارەتی ناوخۆ"، هەروەها دەڵێت "خۆپیشاندان مافێکی دەستووری و سروشتی هاووڵاتیانە لەبەرئەوە تەنیا لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار دەکەیتەوە بۆ پاراستنی خۆپیشاندەران، جگە لەوەش ئێمە ئەرکێکی زۆرمان خستۆتە سەر شانی هێزی بەرەنگاربوونەوەی مەدەنی ئەوانیش ئەگەر هەر سەرپێچیەک بکەن وەک هەر هاووڵاتیکی دیکە بەپێی یاسای کارپێکراو سزا دەدرێن"، گوتیشی "جگە لەوە ئەگەر لەناو خۆپیشاندەراندا کارێکی ئاژاوەگێڕی دروست بێت دەبێت تەنیا ئەو کەسە لێی بەرپرس بێت نەک کۆی خۆپیشاندەران کە لەیاساکەی ئەواندا هەمووی پێچەوانەکەی وەرگیراوە".

ئیسماعیل مەحمود، سەرۆکی لێژنەی ناوخۆ لەپەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد کە هەموو پرۆژە یاسایەک دەدرێتە لێژنە تایبەتییەکان تا ڕاپۆرتی خۆیانی لەسەر بنووسن، خوێندنەوەی یەکەم بۆ هەردوو پرۆژە یاساکە کراوە، گوتی "خۆم تێبینیم لەسەری هەیە بەراپۆرت وەڵامی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەدەینەوە، لەوانە کۆبوونەوەی گشتی نابێ کۆت و بەندبکرێ ئەوە نابێ بە یاسا ڕێکبخرێت"، بەڵام سەبارەت بە مۆڵەت وەرگرتن گوتی "ئەوە پێویستی بە مۆڵەت هەیە لەسنووری ئەو ناوچەیەی خۆپیشاندانی لێدەکرێت، چونکە بەبێ مۆڵەت پشێوی دروست دەکات".

چیمەن لەتێکڕای قۆناخەکانی خوێندن وەک ئاماژەی پێکرد نزیکەی 7 جار لەخۆپیشاندانەکان بەشداری کردووە، پێیوایە پرۆژە یاساکەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان گونجاوترە بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان، دەڵێت "خۆپیشاندان مۆڵەتی بۆچییە، دواتر تا مۆڵەت وەردەگریت بەهۆی ڕۆتینیات کاتەکە بەسەر دەچێت یان دوای دەخەن، یاخود ئەگەر خۆپیشاندانەکە دژی دەسەڵات بێت ئەوە مۆڵەتت پێنادەن"، چیمەن هەروەها گوتیشی "بە جۆر و پەیامی خۆپیشاندانەکە دەگۆڕێت، خۆپیشاندان هەبووە دەسەڵات خۆی پێی هەڵساوە، ئەوە زیاتر سیاسییە، خۆپیشاندانیش هەبووە لەپێش چاوی من قوتابی هەبووە لێی دراوە لەسەر ئەوەی داوای ئاوی کردووە بۆ بەشە ناوخۆییەکەی".

رووداو

# ئابووری



## یەکەمین پێشانگای نێودەوڵەتی ئۆتۆمبێل لە هەولێر

**رووداو- هەولێر**

**ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە لە پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر یەکەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بەئامادەبوونی وەزیری بازرگانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرایەوە. لەو پێشانگایەدا 80 کۆمپانیای جیهانی بەشداریی دەکەن کە لەوڵاتانی ژاپۆن، کۆریای باشوور، چین، ئێران، چیکۆسلۆڤاکیاو ئەڵمانیاوە هاتوون. دیارترین کۆمپانیاکانیش بریتین لە نیسان، تۆیۆتا، هۆندای و سکۆدا. پێشانگاکە ماوەی چوار رۆژ بەردەوام دەبێت.**



| | دینار | | 1 تەن |
|---|---|---|---|
| 100 $ | 118650 | 485 $ | |
| 100 € | 171250 | 114 $ | |



### گۆڕینی بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی باکوور ناڕەزایی لێ دەکەوێتەوە

# داهاتی رۆژانەی نەوتی کەرکووک 20 ملیۆن دۆلارە

## پارێزگاری کەرکووک : هەرچەندە زۆر لەو نەوتەی عێراق دەیفرۆشێت لە کەرکووکەوە دەچێت کەچی وەزارەتی نەوت پەیوەندی لەگەڵ ئێمە باش نییە

**ئاکۆ محەممەد شوانی**
**رووداو- کەرکووک**

رۆژانە نزیکەی 500 هەزار بەرمیل نەوت لە بیرە نەوتەکانی کەرکووکەوە رەوانەی دەرەوە دەکرێت کە داهاتەکەی زیاتر لە20 ملیۆن دۆلارە. سەرۆکی لیژنەی نەوت لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک رایگەیاند بەخستنەکاری ئەو چوار تاوەرەی هەڵکەندنی بیری نەوت

> **دەتوانین رۆژانە 500 هەزار بەرمیل نەوت بنێرینە دەرەوە**
>
> بەڕێوەبەری تازەی کۆمپانیای نەوتی باکوور

کەگەیشتوونەتە کەرکووک، بەرهەمی نەوتی ئەو پارێزگایە زۆر لەوەی ئێستا زیاتر دەبێ. ئەوەش لەکاتێکدایە کە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بەرامبەر گۆڕینی بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی باکوور لەلایەن وەزارەتی نەوتەوە ناڕەزایی دەردەبڕێ و بە"بڕیارێکی سیاسی" ناوی دەبات.

رێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بە (رووداو)ی راگەیاند ئێستا رۆژانە نزیکەی 500 هەزار بەرمیل نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووکەوە رەوانەی دەرەوەی عێراق دەکرێت. گوتیشی "بەهۆی تەقاندنەوەی بۆرییە نەوتەکانەوە، رێژەی رەوانەکردنی نەوت جێگیر نییەو هەندێک رۆژ ئاستی هەناردەکردن دەگاتە 700 هەزار بەرمیل نەوت، رۆژانی ئاسایی لەنێوان 250-500 هەزار بەرمیلە و زۆرجاریش بەهۆی کردەوە تیرۆرستییەکان، بۆ چەند رۆژێک هەناردەی نەوت رادەگرن".

هەر لەوبارەوە حەمید ساعیدی، بەڕێوەبەری تازەی کۆمپانیای نەوتی باکوور، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "ئەگەر کێشەمان بۆ دروست نەبێ دەتوانین رۆژانە 500 هەزار بەرمیل نەوت رەوانە بکەین".

لەلایەکی دیکەوە، عەلی ساڵەیی، سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئاشکرای کرد کە ئێستا کار بۆ زیادکردنی رێژەی بەرهەمهێنانی نەوت لەو پارێزگایە دەکرێت، ئەوەش دوای هێنانی چوار تاوەری هەڵکەندنی بیری نەوت، کە رەنگە ئاستی بەرهەمهێنان بۆ دووهێندەی ئێستا زیاد بکات.

عەلی ساڵەیی، لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێستا تاوەرێکی بیرهەڵکەندن گەیشتووەتە کەرکووک و ئەوانی دیکەش لە ئایندەیەکی نزیکدا دەگەن"، گوتیشی "تاوەری یەکەم ئیتاڵییە و 25 ملیۆن دۆلاری پێدراوە، دەتوانێ 35 هەزار مەتر هەڵبکەنێت".

ساڵەیی ئەوەشی راگەیاند کە بە گەیشتنی ئەم ئامێرە نوێیە، دەتوانن بڕی بەرهەمهێنان لە رۆژێکدا بگەیێننە 219 ملیۆن بەرمیل و ئەگەر تاوەری دووەمیش بگات هێندەی دیکە زیاد دەکات.

کەرکووکییەکان دڵیان بەم زیادکردنەی بڕی بەرهەمهێنانی نەوت خۆش نییە و دەڵێن نەوتی شارەکەیان هیچ خێرێکی بۆ شارەکەیان نەبووە.

عەلی غالیب زەنگەنە، کە مامۆستای سەرەتاییە لە کەرکووک، سەبارەت بە زیادکردنی هەناردەی نەوتی شارەکەیان بۆ (رووداو)، دەردە دڵی خۆی هەڵڕشت و گوتی "نەوتی کەرکووک، تائێستا خێرەکەی بۆ خەڵکی دیکە بووەو شەڕەکەشی بۆ ئێمەبووە، ئەگەر سەد ئەوەندەی دیکەش هەناردەکەی زیاد بکات، من خۆشحاڵ نابم، لەبەرئەوەی لە رۆژی دۆزینەوەی نەوتەوە لە کەرکووکەوە تا ئێستا، ئێمە ئازاری شەڕ دەچێژین، تائێستاش ها و و لا تیا نی کەرکووک، بە نر خێکی گرانتر لە شا ە کا نی عێراق نەوت دەکڕن"، گوتیشی "رەنگە نەوتی کەرکووک، لە ئەمریکا هەرزانتربێت لەچاو شارەکەی خۆمان".

پێشتر پارێزگاری کەرکووک پێشنیازی کردبوو، بۆ هەر بەرمیلێک لەو نەوتەی لە کەرکووکەوە دەڕوات، یەک دۆلار بدرێتە پارێزگاکە، ئەو پێشنیازە لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقیش باسکرا، بەڵام تاوەکو ئێستا نەبووەتە بڕیار. عەلی غالیب دەڵێ "ماوەیەک دڵیان بەوە خۆشکردین، بەڵام دوایی

> **نەوتی کەرکووک لە شارەکانی عێراق و لە ئەمریکاش لە کەرکووک هەرزانترە**
>
> دانیشتوویەکی کەرکووک

دەرکەوت تەنیا قسەیە و هیچیتر".

رێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، دەڵێت ئەو داواکارییە لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و بەسەرەوە بەرزکراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ بڕیارێکی لێ نەدراوە. گوتیشی "ئێمە سوورین لەسەر ئەو داواکارییە".

بەپێی قسەی رێبوار تاڵەبانی، فرۆشتنی نەوتی کەرکووک رۆژانە 20 ملیۆن دۆلار دەخاتە گەنجینەی عێراقەوە "ئەگەر رۆژانە نەوتی کەرکووک بە ئاسایی رەوانە بکرێ و گرفتی نەبێ، بایی 20 ملیۆن دۆلار نەوت هەناردە دەکرێ".

ئیدارەی شاری کەرکووک لە مامەڵەی وەزارەتی نەوت لەگەڵ نەوتی کەرکووک رازی نییە. عەلی ساڵەیی سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لە ئەنجوومەنی پارێزگا لەوبارەوە گوتی "پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق، وەکو پێویست نییە". هەر لەو رووەوە عەبدلڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکووک، رەخنەی لە وەزارەتی نەوتی عێراق گرت کە تائێستا هیچ پرۆژەیەکی لە شاری کەرکووک ئەنجام نەداوە، پارێزگاری کەرکووک گوتی "زۆربەی وەزارەتەکانی دیکەی عێراق، بەپێی پێویست پرۆژەو هاوکارییان بۆ کەرکووک هەبووە، بەڵام وەزارەتی نەوت نەک پرۆژە بەڵکو پەیوەندییەکانیشیان لەگەڵ ئێمە لەئاستی پێویست نییە، لە کاتێکدا دەبووایە زۆرترین پەیوەندییان لەگەڵ ئیدارەی کەرکووک بووایە، چونکە بەشێکی زۆری ئەو نەوتەی عێراق دەیفرۆشێت، لەکەرکووکەوە دەچێت".

هەر لەبارەی ئەو کێشانەی نێوان وەزارەتی نەوت و ئیدارەی پارێزگای کەرکووک، رزگار عەلی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا بەرۆژنامەی (الحیاە)ی چاپی لەندەنی راگەیاند کە ئەوان چیدی بەرامبەر لادانی بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی پارێزگاکە بەبێ پرس و راوێژی ئەنجوومەن بێدەنگ نابن.

رزگار عەلی وای پێشاندا کە دانانی بەڕێوەبەرێکی تازە بۆ کۆمپانیای نەوتی باکوور و لادانی بەڕێوەبەری پێشووی کۆمپانیاکە لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە "مەرامی سیاسی لە پشتە".

گوتیشی "بڕیاری هەندێک لە وەزارەتەکان بە دامەزراندن و لادانی بەڕێوەبەرانی فەرمانگەکانی کەرکووک و بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا، پێشێلکردنی دەستوور و بازدانە بەسەر بڕیاری ژمارە 17ی دەسەڵاتی هاوپەیمانان، کە بە روونی ئاماژە بە رۆڵی حکومەتە خۆجێییەکان دەکات لەم بوارەدا". وەزارەتی نەوتی عێراق دووشەممەی رابردوو حەمید ساعدی وەک بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای نەوتی باکوور دامەزراند تا جێی مەناع عەبدوڵڵا عوبێدی بگرێتەوە کە خانەنشین کرا.

لە بەرامبەردا، عاسم جیهاد گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق، ئەو تۆمەتەی رەتکردەوەو گوتی "سنووری چالاکیی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە پارێزگای میسان لە باشووری عێراقەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە باکووری عێراق، کەواتە ئەرکی هەر تەنیا پەیوەست نییە بە کەرکووکەوە تا بەڕێوەبەرێکی بۆ دابنرێت کە هەر خەڵکی شارەکە بێت".

گوتیشی "بەڕێوەبەری پێشوو، هەروەها ئەوەی ئێستاش هەردووکیان عەرەبن، چۆن دەکرێت تۆمەتی نەژادیمان بدرێتە پاڵ، مەسەلەکە هەر تەنیا ئەوەیە بەڕێوەبەری پێشوو تەمەنی تێپەڕاندووە و وادەی خانەنشین کردنی هاتبوو".

ساعدی کە لەم ماوەیەی دواییدا بووە جێگری عوبێدی، ماوەیەکی درێژە فەرمانبەری کۆمپانیای نەوتی باکوورە لە کەرکووک، بەڵام بە رەچەڵەک خەڵکی پارێزگای میسانی باشووری عێراقە، بۆیە هەندێک بە عەرەبی هاوردەی دادەنێن.



# هاووڵاتیان لە نرخی خانووی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون ناڕازین



**رەوا عەبدوڵڵا**
rawaebdalla@yahoo.com

**رووداو – هەولێر**

هاووڵاتیان نارازین لەنرخی یەکەکانی نیشتەجێبوونی ئەوکۆمەڵگایانەی کە بەپاڵپشتی سندوقی نیشتەجێبوون دروستدەکرێن وپێیانوایە کۆمپانیاکان لە رادەبەدەر قازانج دەخەنە سەر ئەو خانووانە، خاوەنی کۆمپانیاکانیش دەڵێن لەبەرئەوەی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانیش کەوتووەتە ئەستۆی ئەوان " قازانجێکی ئەوتۆمان بۆ نامێنێتەوە". سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانیش رایگەیاند کە پێداچوونەوە بە رێنماییەکانی یەکەکانی نیشتەجێبوون دەکەن.

هیوا ئەحمەد، 25 ساڵ، دوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەری، ناوی لەیەکێک لە کۆمپانیاکانی نیشتەجێبوون تۆمار کرد، بەو ئومێدەی لە کرێچێتی رزگاری ببێ، بەڵام هیوا 15 مانگە گرێبەستی واژۆکردووەو هێشتا نەچووەتە نێو خانووەکەی. ئەو پێشەکی 5 هەزار دۆلاری داوە، بەڵام دوای تەواوبوونی 50%ی خانووەکەی ئاگادار کراوەتەوە کە دەبێ مانگانە بڕی 250 هەزار دینار بدات، ئەوەش باری هیوای گران کردووە"بۆ منێکی کرێچی زۆر زەحمەتە کرێی خانوو بدەم و قیستی مانگانەش بدەم، بۆیە هەقوایە پێداچوونەوە بەو رێنماییانەدا بکرێ و مەرجی ئەوە دابنرێ تا وەرگرتنی کلیلی خانوو، بەشداربوو هیچ قیست نەدا".

هیوا، باش دەزانێ ئەو برە پارەیەی لەبەرامبەر دروستکردنی خانووە یەک نهۆمییەکەی لێی وەردەگیرێت زۆر زیاترە لەتێچووەکەی، بەڵام دەڵێ "لەبەرئەوەی پارەی کڕین و دروستکردنی خانووم نەبوو، بۆ رزگاربوونم لەکرێچێتی ناچار بووم خانوو بە قیست بکڕم".

بەئامانجی کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون، لە ماوی سێ سالی رابردوودا، دەستەی وەبەرهێنان، مۆڵەتی 51 پرۆژەی نیشتەجێبوونی بەسەرمایەی 4 ملیار و219 ملیۆن دۆلار لەهەرێمی کوردستان داوە، کە 29 پرۆژەیان لەشاری هەولێر، 16پرۆژە لەسلێمانی، 6 پرۆژەش لە دهۆکە.

لەکۆی ئەم 51 پرۆژەیەش حکومەت هاوکاری 34 پرۆژە دەکات لە رێگەی سندوقی نیشتەجێبوون، کە بڕی 50%ی تێچوون بە قەرز دەداتە کڕیار. هەرچەندە حکومەت بە خۆڕایی

> **ئەگەر حکومەت خزمەتگوزاریی بۆ پرۆژەکەمان دابین بکات، ئامادەین خانووەکان بە 10 هەزار دۆلار کەمتر بفرۆشینە هاووڵاتیان**
>
> خاوەن کۆمپانیایەک

زەوی دەداتە وەبەرهێنەر، بەڵام نرخی خانوو لەو کۆمەڵگەیانە لە 50 هەزار دۆلار کەمتر نییە، کە بە بڕوای کڕیاران بەتایبەتیش هاووڵاتیان نرخی خانووەکان زۆر بەرزە.

رێبین عومەر، گەنجێکی تەمەن 19 ساڵە، هێشتا ژیانی هاوسەری پێکنەهێناوە، پێیوایە هاووڵاتیانی هەژار ناتوانن سوود لەو پرۆژانەی نیشتەجێبوون وەربگرن "یەکەکانی نیشتەجێبوون، سەرەرای گرانی نرخەکانیان، بڕی پێشەکی زۆر و قیستێکی زۆری مانگانەی بۆ دانراوە، کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ باری داهاتی گەنجێک کە تازە چوویێتە ژیانی هاوسەری یان تازە دامەزرابێت ناگونجێ، بۆیە هەقوایە حکومەت چاوخشاندنەوەیەک بەنرخی خانووەکان و قیستەکاندا بکات".

رێبین، گوتیشی "ئەگەر حکومەت مەبەستیەتی یارمەتی هاووڵاتیان بدات، سەرەتا هەوڵبدات نرخی یەکەکان کەمبکاتەوەو قیستی مانگانەکەش لە400 دۆلارەوە بکاتە 200 دۆلار، خۆشی خزمەتگوزاری بگەیێنێتە پرۆژەکان تاوەکو تێچووی پرۆژەکان کەمتر بکەوێت، نەک وەک ئێستا هەموو شتێک لەسەر حیسابی هاووڵاتی دروستبکرێ".

سەرجەم ئەو یەکانەی لەو کۆمەڵگایانەی نیشتەجێبوون بە هاوکاری سندوقی نیشتەجێبوون لە قۆناخی جێبەجێکردندان 24060 یەکەن (9590 یەکە لەهەولێر، 10654 لەسلێمانی، 3816 لەدهۆک) ئەگەر خێزانی پێنج کەسی ئەو خانووانە بکڕن 120300 کەس لەو پرۆژانە سوودمەند دەبن.

سابیر رەحمان، یەکێکە لەو بەڵێندەرە بچووکانەی، کە کاری بەڵێندەرایەتی لەچەند پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون کردووە، زیاتر لە 300 خانووی دروستکردووە و دەڵێ "تێچووی هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوون لەوپرۆژانەدا ناگاتە 22 هەزار دۆلار، بەڵام ئەوەی باری خاوەن کۆمپانیاکانی قورس کردووە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانە بۆ پرۆژەکان کە لەوانەیە بۆ هەر پرۆژەیەک 7تا8 هەزار دۆلاری تێچووبێت".

بەبڕوای ئەو بەڵێندەرە، لە دروستکردنی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون، بە پلەیەک کۆمپانیاکان و ئینجا حکومەت و دوای هەمووان خەڵک سوودمەندە، گوتیشی"کۆمپانیاکان لە دروستکردنی هەر خانووێک زیاتر لە 12 هەزار دۆلار قازانج دەکەن، حکومەتیش لەرێگەی ئەو پرۆژانە هەم کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر دەکات، هەمیش گەیاندنی خزمەتگوزاری لەکۆڵ دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی خەڵک پێی بزانێت لەکاتی وەرگرتنەوەی قەرزەکان حکومەت 2%ی قازانجی خۆی بەدەستدەهێنێ".

پرۆژەی کۆمەڵگەی لاوان، کە لەلایەن کۆمپانیای هەپی لاند ئەنجامدەدرێت، هەزار خانوو لەخۆ دەگرێت، ئێستا 300 یەکەیان تەواو بووە، ئەوانی دیکەیش لەجێبەجێکردندان.

نەسیر هیلال، بەرێوەبەری رێگەپێدراوی کۆمپانیای هەپی لاند دەڵێ "راستە حکومەت لە سندوقی نیشتەجێبوون بە بڕی 50% تێچووی پرۆژەکە هاوکاریمان دەکات و زەویەکەمان بەنرخێکی رەمزی پێدەدات، بەڵام خۆ کاری کۆمپانیا لەم پرۆژەیە هەر دروستکردنی خانوو نییە، بەڵکو بەپێی گرێبەستەکە دەبێ گشت خزمەتگوزارییەکانی پرۆژەکە دابین بکا، ئەوەش هەموو دەچێتە سەر نرخی خانووەکە".

لەبارەی تێچووی هەر خانووێک نەسیر هیلال، دەڵێ "ناتوانین بڕی تێچووی یەکەکان دیاری بکەین، چونکە ماوەی پرۆژەکە 2 ساڵە، لەو ماوەیەش نرخی پێداویستییەکانی دروستکردنی خانووبەرە دەگۆڕێ، بەڵام دەتوانین بڵێین بەنزیککراوەیی هەر یەکەیەک 30 هەزار دۆلاری بەبێ خزمەتگوزاری تێدەچێ، بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریش هەر یەکێکیان 10 هەزار دۆلاری دەوێت". نەسیر گوتیشی "ئەگەر حکومەت خزمەتگوزاریی بۆ پرۆژەکەمان دابین بکات ئێمە ئامادەین خانووەکان بە 10 هەزار دۆلار کەمتر بفرۆشینە هاووڵاتیان".

هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند ئەوان هەستیان بەوە کردووە، کە خەڵکێکی زۆر هەیە ناتوانێ ئەو پارەیەی ئێستا دیاریکراوە بۆ ئەو خانووانە بدات " بۆیە خەریکین رێنمایی نوێ دەردەکەین".



### د.فوئاد مەعسوم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

# مام جەلال لەگەڵ ئەوە نەبوو قسەکانی لەبارەی نەوشیروان مستەفاوە بڵاوبکرێنەوە



**ململانێکانی نێوان جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بەرەو ئاڵۆزبوونی زیاتر دەچن. د.فوئاد مەعسوم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەگەڵ ئەوەی توندبوونی ململانێکان بەمەترسیدار دەزانێت، ئاماژە بەوەدەکات لەهەڵدانەی لاپەڕەکانی ڕابردوودا نەوشیروان مستەفا لەهەموو کەس زیاتر زیانی پێدەکەوێت و، ئەگەر بچنە بەردەم دادگا بەڵگەنامەی هەستیاریان لەسەر نەوشیروان مستەفا لەلایە:**

**هەڤپەیڤین : عەلی حەمە ساڵح**

**ڕووداو: دوای ئەم وەڵام و وەڵامکارییەی نێوان مام جەلال و نەوشیروان مستەفا، خەڵک لە ترسدا دەژی، بەتایبەتی لە سلێمانی، ئێوە وەک یەکێتی دەتوانن گرەنتی ئەوە بدەن کە کێشەکە ناگاتە توندوتیژی و تەقینەوە؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** ئێمە نامانەوێ کێشەکە بگاتە توندوتیژی، مەبەستی مام جەلالیش ئەوە نەبووە ئەو وتارە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا بڵاوبکاتەوە، ڕێگەی ئەوەش نادەین توندوتیژی ڕووبدات. ئەو هەوڵانەی بۆ هێورکردنەوەش دەدرێن کاری باشن. منیش لەگەڵ ئەوەم شەڕی ڕاگەیاندن رابگیرێت، چونکە بەڕاستی ئەگەر ئەوە درێژە بکێشێت ڕەنگە شتی ناخۆش بێتەکایەوە، بەتایبەتی کە هەڵبژاردنمان لەپێشە. ئەوەی جەنابی مام جەلال لە پلنیۆم گوتی بەڕاستی تەنیا ئەوەبوو کە هەندێک شت بۆ کادیرەکانی یەکێتی ڕوونبکاتەوە، بۆ ئەوەی نەبوو ببێتە هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی توند. زۆر کادیری یەکێتی دەیانگوت بۆچی تاوەکو ئێستا مام جەلال وەڵام ناداتەوە، لەبەرامبەر ئەو تۆمەتانەی هەڵدەبەستران، ئەویش ناچاربوو کە ڕوونکردنەوە بۆ هەندێک بابەت بدات و ئەو قسانە لەپلنیۆمدا بکات.

**ڕووداو: بەڵام نەوشیروان مستەفا لە نووسینەکانیدا دەڵێ، ئەوەی دەیانگێڕمەوە**

> **تاوانبارکردنی هاوڕێ دێرینەکانی ناتوانێ گۆڕەپانی سیاسی نەوشیروان مستەفا پاک بکاتەوە**

**ڕاستی مێژوویین؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** من لایەنگیری ئەوەنیم لاپەڕە کۆنەکان هەڵدرێنەوە، چونکە ئەوە بە زیانی هەمووانە، لە پێش هەمووشیانەوە بە زیانی نەوشیروان مستەفا تەواو دەبێت و، کوردایەتیش لێی زیانمەند دەبێت. داوادەکەم کاک نەوشیروان لەو ئاستە بوەستێ، ئەمەش ترسان نییە بەڵکو بۆ بەرژەوەندی هەموانە. خۆ دزینەوە ناتوانێ ئەستۆپاکی بسەلمێنێت، وەک چۆن تاوانبارکردنی هاوڕێ دێرینەکانی ناتوانێ گۆڕەپانی سیاسی نەوشیروان مستەفا پاک بکاتەوە.

**ڕووداو: دەمەوێ بپرسمەوە ئێوە هیچ گرەنتییەکتان هەیە بۆ ئەوەی توندوتیژی لەسنووری پارێزگای سلێمانی ڕوونەدات؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** ئێمە وەک یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەوشێوەیە تەماشای بابەتەکە ناکەین و نامانەوێ بەهیچ شێوەیەکیش بگاتە توندوتیژی. ئەو قسانەی مام جەلالیش لە پلنیۆمدا بۆ کادیرەکانی یەکێتی کردی بۆ ئەوەی بوو هەندێک موعاناتی خۆی کە کەڵەکەببوون باس بکات. ئەوە خواستی ئەو نەبوو کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا بڵاوبکرێتەوە.

**ڕووداو: لەو وەڵام و وەڵامکارییەدا مەسەلەی بەرپرسیاریبوون لە مەسەلەی هێرشکردنە سەر هەڵەبجە و دواتر کیمیابارانکردنی ووروژێندرا، بەڕادەیەک ئێستا ڕاگەیاندنی عەرەبیش بەوەی زانیوەو ڕاپۆرتی لەسەر بڵاودەکاتەوە، پێتوانییە ئەوە زیان بە ڕەوایی دۆزی هەڵەبجە دەگەیێنێ؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** کیمیابارانی هەڵەبجە تاوانێکە هیچ پاساوێکی نییە بۆ ئەوەی حکومەتی پێشووی عێراق ئەو هەموو خەڵکە کیمیا باران بکات و پێنج هەزار هاووڵاتی بەچەند چرکەیەک لەنێو ببات، هەروەها من لەگەڵ ئەو تۆمەتبارکردنەشدا نیم بەوشێوەیە کە دەکرێ.

**ڕووداو: ئایا تۆش وەک مام جەلال، نەوشیروان مستەفا بە بەرپرسیاری ئەوە دادەنێی. نەوشیروان مستەفا لە وەڵامەکەیدا ناوی تۆش دەهێنێ کە بەرپرسی سیاسی هێرشکردنە سەر هەڵەبجە بووی، لەو هێرشەدا کە بە هاوکاری هێزەکانی ئێران کرایە سەر هەڵەبجە؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** کاک نەوشیروان خۆی بەرپرس بوو لەهەڵەبجە، ئەوەی لەبارەی منەوە دەیڵێت بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە، چونکە من لەوکاتدا کوڕە چواردە ساڵەکەم نەخۆشبوو، لەدەرەوە لەلێواری مەرگدا بوو، دەبوو هەرچۆنێک بێت بگەمە لای کاک شەوکەتی حاجی مشیریش، کە لەوکاتدا عاجزببوو لەیەکێتی و دەیگوت من هیچ بۆ یەکێتی ناکەم، منیش وەک بەرپرسی شۆڕشگێڕان تەنیا نامەیەکم بۆ نارد، بۆ مێژوو دەیڵێم من بەهیچ شێوەیەک لە شێوەکان بەرپرسیاری سیاسی ئەو هێرشە نەبووم. بەڵام یەک ڕۆژیش خۆم دوورە پەرێزناکەم لێی، چونکە ئەوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بووم. لەو نامەیەشدا کە بۆ شەوکەتی حاجی موشیرم ناردبوو، ناوی شتێکم نەهێناوە، بەکاک شەوکەت دەڵێم ئەو ئەرکە بگرە ئەستۆ. ئەوەش مانای ئەوە نییە خۆم لەبابەتەکە دەدزمەوە، ئەو نامەیە بیدەیتە هەر کەسێک بڵێیت چی تێدایە دەڵێت هیچ پەیوەندی بەهەڵەبجەوە نییە، ناوی هەڵەبجەی تێدا نییە.

> **هەندێک هەن دەچن لەگەڵ کاک نەوشیروان دادەنیشن و دوای ئەوە قسەکانی بۆ ئێمە دەهێنن**

**ڕووداو: ئەی ئەو نامەیە چی بوو؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** کاک شەوکەوتی حاجی موشیر دەیگوت بەشداری ناکەم و هیچ شتێک بۆ یەکێتی ناکەم. داوایان لەمن کرد وەکو شۆڕشگێران نامەیەکی بۆ بنووسم و بڵێم ئەو ئەرکەی پێت دەسپێرن بیکە، چونکە ئەوکات من خەریکی چوونەدەرەوە بووم، هیچ

> **هەڵدانەوەی لاپەڕە کۆنەکان بەزیانی هەموومان تەواودەبێت لەسەرووی هەموویانەوە نەوشیروان مستەفا**

نەبێت بگەمە جەنازەی کوڕەکەم.

**ڕووداو: نەوشیروان مستەفا دەڵێ، ئەوکاتەی ئەوان لە خەمی ڕوودانی کارەساتی هەڵەبجەدابون، مام جەلال گوتوویەتی ئاخ بۆ دوو هەڵەبجەی دیکە. ئایا دەویسترا بازرگانی بەهەڵەبجەوە بکرێ؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** ئەوە بەشێکە لەهەڵمەتی هەڵبژاردن. کێ هەیە بازرگانی بە کارەساتی واوە بکات، بەڵام کاتێک کارەساتێکی وادەبێت دەبێ بیدەینە ناساندن و بیوروژێنی، دەبووا هەوڵی ئەوە بدەین ڕاستی ئەو بابەتە بۆ خەڵک ڕوونبکەینەوە کە چی ڕوویداوە، سەرەتا خەڵکێکی زۆر بەهەڵە لەرووداوەکە گەیشتبوون، بۆیە دەبووایە لەهەموو دەرگایەک بدەین.

**ڕووداو: نەوشیروان مستەفا دەڵێت ئەو شەپۆلی توندوتیژییەی دژ بە لایەنگرانی گۆڕان دەستپێکراوە، پەیوەندی بە وتارەکەی مام جەلالەوە هەیە کە لە پلینیۆم خوێندیەوە، واتە دەڵێ کارێکی بەرنامەدارە لەدژیان دەکرێ، واتە ئێوە خەڵک بۆ لێدانی گۆڕان تەیار دەکەن؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** شتی وا مومکین نییە و ناکرێت، ئێمە چەندین ساڵە هەوڵمان بۆ ئەوەیە ئارامی لە کوردستاندا دروست ببێت نەک بەرەو توندوتیژی بڕوات. بەهەموو شێوەیەک دەمانەوێ هەموو ناوچەکانی کوردستان ئارام بن و ئاژاوە دروست نەبێت، بەتایبەت کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق نزیک بووینەتەوە.

**ڕووداو: نەوشیروان مستەفا لە وەڵامی تۆمەتبارکردنەکانی تاڵەبانیدا، زۆر شتی هەستیاری لەسەر مام جەلال باسکردوون، دەڵێ ئەوبوو بووە هۆی دانانی زۆر بەندی دژ بە بەرژەوەندی کورد لە دەستووردا و پەکخستنی مادەی 140 و هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی کەرکووک لە کوردستان، کە ئەوانە کار لە پێگەی سیاسی مام جەلال دەکەن، مام جەلال کەی خۆی وەڵامدەداتەوە؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** ئەوە غەدرێکی زۆرە لە مام جەلال و لەمێژوو دەکرێت. ئێمە هەموومان چەند کەس بووین و هەموومان دانانی مادەی 140مان بەسەرکەوتنێکی گەورە دانا، شتەکە ئەوە نەبوو کە یەکێتی یان کورد دایبڕێژێت و هەموو لایەک پێی ڕازیبن، مەسەلەکە ئەوەبوو کە لەلایەنی عەرەبیشەوە هەندێک ناوچە هەیە ناکۆکی لەسەرە، بەتایبەتی لەنێوان کەربەلاو ئەنبار، لایەنەکانی دیکە ئەوەیان بە دەرفەت زانی، موناقەشەی لایەنە عەرەبییەکانیشم کردووە، گوتوویانە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی ڕوونەو مێژووی خۆی هەیە و ئێوە چەندین ساڵە ئەو بابەتە باسدەکەن و بەرگری لێدەکەن، ئەگەر مەسەلەکە هەر کەرکووک و ناوچەکانی کوردستان بوایە ڕەنگە بەو شێوەیە نەبووایە. ئەوانە ئەوەشیان خستەسەر، کە نەدەبوو بڵێین نابێ باسی ئەو شوێنانەی خۆتان بکەن، بۆیە ئیشەکە تۆزێک بەوشێوە ڕۆیشت. سەبارەت بەسیاسەتی کوردیش لەکەرکوک دەبێ پێیدا بچینەوەو سیاسەتەکەمان زۆر ڕاست و دروست نەبووە، نەدەبوایە بەوشێوەیە مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەکانی ناو کەرکووک بکەین، ئەگەر بەشێوەیەکی دیکە مامەڵەمان بکردایە ڕەنگە هەندێک کێشە ڕووبەڕوومان نەبوونایەتەوە.



**ڕووداو: ئەی ئەو قسانەی نەوشیروان مستەفا لەچییەوە سەرچاوە دەگرن، کە دەڵێ ئەو کارانەی مام جەلال دژی بەرژەوەندی کورد بوون؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** دەیەوێت هەرچی هەیە بیخاتە سەر مام جەلال. کاک نەوشیروان خۆی یەکێکبوو لەوانەی هاتە بەغدا بۆ موناقەشەکردنی دەستوور، زنجیرە وتارێکی بڵاوکردەوەو ڕەخنەیەکی لەمن گرتبوو، گوتبووی داوامان لێکرد ئاوەها بکات، بەڵام بەگوێی ئێمەی نەکرد، دوای ئەوە کەلێیان پرسی ئەوەی تۆ دروستبوو یان ئەوەی فوئاد مەعسوم، دەڵێت ئەوە مێژوو دەزانێت. کاک نەوشیروان یەکێکبووە لە بەشدارانی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەمیشەیی عێراق، کە لەگەڵ کاک مەسعود هاتبووە بەغدا. لە ئەنجوومەنی حوکمدا ئەو بەرگرییەی مام جەلال لە کوردی کرد، وەک مورافەعەیەکی مێژوویی سەیر دەکرێت، حەیفە ئەوانە لەبیربکرێن. بێگومان ئەوەی نەوشیروان مستەفا هەڵمەتی هەڵبژاردنەو لەهەڵمەتی هەڵبژاردنیشدا زۆر جار شتی ڕاست و ناڕاستیش باس دەکرێت، بۆیە پێمباشە هەڵمەتی هەڵبژاردن لەسەر ئەو ئاستە ڕابگیرێت.

**ڕووداو: مام جەلال لە وتاری پلنیۆمدا گوتی، نەوشیروان لەگەڵ لایەن و وڵاتان دەڵێ پێشمەرگە میلیشیایە دەبێ نەمێنێ، ئەو وڵاتانە کامانەن؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** ڕەنگە ئاگاداری هەندێک وردەکاری نەبم بەپێی ئەوەی زیاتر لە بەغدام. هەندێک کەس هەن دەچن لەگەڵ کاک نەوشیروان دادەنیشن و دوای ئەوە دێن قسەکان بۆ ئێمە دەگێڕنەوەو، دەڵێن وایگوت و وایگوت. دیارە ئەوانەیە.

**ڕووداو: مەبەستم ئەوەیە ئەو وڵاتانە کامانەن کە مام جەلال دەڵێ لەگەڵ وڵاتان دادەنیشێ؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** خۆی کاک نەوشیروان چەندین جار پێشمەرگەی وەک میلیشیا هەڵسەنگاندووە، دیارە زۆر وڵات پەیوەندیان بەکوردستان و عێراقەوە هەیە و دەچنە لای کاک نەوشیروان قسە دەکەن، ئیتر هەموو ئەو قسانەش بۆ ئێمە دەگێڕنەوەو دەڵێن ئەو وایگوت و ئێوە بۆچوونتان چییە. ئەمەش زیاتر ئەو کونسولخانە و بالیۆزخانانەن کە هەن و ئەو بەرپرسانەن کە سەردانی کوردستان دەکەن و قسەی ئێمە بۆ جێی خۆی دەگەیێنن و قسەی ئەوانیدیکەش دەگەیێننە ئێمە.

**ڕووداو: ئەو قسە گەیاندنەی ئێوەو ئەوان بۆ یەکتر بەشتێکی ئاسایی دەزانی؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** ئەوە ئاساییەو ئەوان دێنە لای ئێمە پرسیارێک دەکەن و ڕای خۆمان دەدەین یان دەڵێن چوومە لای ئەوانیش ڕای ئەوانیش بەوشێوەیە بوو.

**ڕووداو: نەوشیروان دەڵێ تۆمەتبارکردنەکانی مام جەلال، ئەوان و برادەرانی دەباتە بەر دادگا و لەسێدارەدان، بۆیە وەڵام دەداتەوە، ئایا پێتوایە ئەو قسەکردنە لەسەر یەکتری دواجار سەر نەکێشێتە یەکتر بردنە بەردەم دادگا؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** ئەگەر قەزییەکەمان ببەینە بەردەم دادگا دیکۆمێنتی زۆرمان هەیە. ئەو کەسانەش زەرەرمەند دەبن کە بەرپرسیارێتی ڕاستەخۆیان هەبووەو یەکەم کەسیش کاک نەوشیروانە. ئەوشتانەی کە ئەو باسیدەکات هەمووی لەو کاتانەدا بووە کە خۆی بەرپرسیاری یەکەمی یەکێتی بووە، ئێستا نابێت لێیان پەشیمان ببێتەوە. ئێستاش ئەگەر ئەو بابەتانە بێتە پێشەوە دەبێ ئێمە بەرگری لە کاک نەوشیروان بکەین، چونکە ئەو بەرپرس بووە، ڕاست بووە یاخود نا، ئێمە دەبێ وەک لایەنی سیاسی بەرگری لێبکەین، چونکە ئەوە بەشێکبووە لە سیاسەتی یەکێتی، ئەگەرنا هەر بەوشێوەی ئێستا بڕوات و ئەو بەوشێوە ئێمە تۆمەتباربکات، ناچار دەبین زۆر لە دیکۆمێنتەکان بهێنینە دەرەوە، ئەوکات ڕەوشەکە بەشێوەیەکی دیکە دەبێت. دیکۆمێنتی زۆر هەستیار هەیە لەسەر کاک نەوشیروان کە بڵاوکردنەوەیان بارودۆخەکە دەگۆڕێت.

**ڕووداو: دەگوترێ خۆشت بەڵگەنامەیەکی زۆرت لەبەردەستدان، بۆ کەی هەڵتگرتوون؟**

> **لەگەڵ ئەوەم شەڕی ڕاگەیاندن ڕابگیرێت**

**د.فوئاد مەعسوم:** بەڵگەنامەیەکی زۆرم هەیە کە ڕاستی هەموو ڕووداوە مێژووییەکان دەسەلمێنن، بەڵام نەمویستوە لەم قۆناخەدا بڵاویان بکەمەوە، دەکرێت لەئایندەدا بیانخەمە بەردەم مێژووناسێک و لێکۆڵینەوە لەبارەیانەوە بکات و بڵاویان بکاتەوە.

**ڕووداو: لەوە ناترسێن ئەو شەڕە قسەیەی دروستبووە، لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا سەر بکێشێتە سەر شەڕە تەقە لەگەڵ یەکتر لە سلێمانی؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** ئومێدمان وایە کە ئەوە ڕابگیرێت بۆ ئەوەی ڕەوشەکە هەر لە ئارامیدا بێت و نەگاتە ئەوەی کە دوژمنانی میللەتەکەمان سوودی لێوەربگرن، وەک یەکێتی بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نادەین ئەو ڕەوشەی هەیە پەرەبستێنێت و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەبێ ڕۆڵی خۆی ببینێ لە پاراستی ئارامی.

**ڕووداو: هیچ هەوڵدانێک هەیە لەئاستی عێراق و ناوچەکەدا بۆ ڕاگرتنی ئەم گرژیانە؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** بێگومان هەیە.

**ڕووداو: عەلی باپیر بۆ هێورکردنەوەی نێوان مام جەلال و نەوشیروان هاتبوو، هەوڵەکەی چۆن بوو و چی بوو؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** نازانم، مامۆستا عەلی باپیرم نەدیوەو بێگومان ئەو جۆرە هەوڵدانانە کارێکی پیرۆزن.

**ڕووداو: بڕیارتانداوە وەکو یەکێتی ئەم هەڵمەتی ڕاگەیاندەی کەهەتانە بەرامبەر گۆڕان ڕایبگرن؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** هێشتا وەکو کۆبوونەوەو بڕیاردان نەبووە، بەڵام خۆم لەگەڵ ئەوەم ڕابگیرێت، چونکە ئەوەی مام جەلال لەپلنیۆم گوتی بۆ بڵاوکردنەوە نەبوو، زیاتر بۆ ڕوونکردنەوە بوو، کادیرەکانی یەکێتی دەیانگوت کاک نەوشیروان ئەو هێرشە

> **ئەوەی مام جەلال لەپلنیۆمدا گوتی چەند کادیرێکی یەکێتی ناچاریان کرد بیڵێت**

توندانە دەکات بۆ مام جەلال وەڵامی نییە ئەوە تەنسیقێکە لەنێوان ئەو و مام جەلال، کادیری خۆمان هەبوو گومانی هەبوو، مام جەلال ناچاربوو لە پلنیۆم باسی موعاناتەکانی خۆی بکات، کە تاوەکو ئێستاش قسەی نەکردبێت لەبەر بەرژەوەندی گشتی بووە، بەڵام ئێستا ناچاربووە ئەو قسانە بکات، واتە ئەوەی ئەو گوتی بەشێک نەبوو لە ڕاپۆرتی پلنیۆم کەدارشتنی سیاسەتی یەکێتیە، بەڵکو زیاتر موعاناتی خۆی بوو، مام جەلال و کاک نەوشیروان زۆرجار کێشەو گرفتیشیان هەبوویێت کەس پێی نەزانیوە.

> **کاک نەوشیروان خۆی بەرپرس بوو لەهەڵەبجەو ئەوەی لەبارەی منەوە دەیڵێ ڕاست نییە**

# هونه‌ر



**قه‌ره‌داخی ده‌بێته ده‌رهێنه‌ر**

**ڕووداو — هه‌ولێر**

**هونه‌رمه‌ند ئه‌نوه‌ر قه‌ره‌داخی، به‌بۆنه‌ی هاتنی ساڵی تازه‌ی 2010، له‌كه‌ناڵی ئاسمانی كوردستان تیڤی به‌رنامه‌یه‌كی به‌نێوی (ره‌ش و سپی) ده‌رهێنا، كه له‌لایه‌ن (هێشوو عه‌بدولكه‌ریم)ه‌وه پێشكێش ده‌كرێت. ئه‌و به‌رنامه‌یه كه له‌لایه‌ن قه‌ره‌داخی به‌رنامه‌رێژی بۆكراوه، تێیدا باسی دیارده‌كانی كوردستان ده‌كرێ به‌چوونه نێو خه‌ڵك و راو سه‌رنجیان له‌سه‌ر دیارده‌كان. به‌رنامه‌كه‌ش رۆژی 2010/1/12 بڵاوده‌كرێته‌وه. ئه‌نوه‌ر قه‌ره‌داخی ساڵی رابردووش چووه حه‌ج و بووه حاجی.**

## سترانبێژی ناودار شه‌هریبانا كوردی:

# 15 ساڵه‌ هه‌ر پاره‌ی هاتوچۆم ده‌ده‌نێ



گۆرانیبێژی نێودار شه‌هریبانا كوردی، بووه‌ته خاوه‌ن جێگه‌ی خۆی له نێو هونه‌ری كوردی دا . بـــه‌ڵام ماوه‌یه‌كه هیچ ئه‌لبوومێكی تازه‌ی ده‌رنه‌كردووه‌و به كه‌میش له كۆنســـێرته‌كاندا ده‌رده‌كه‌وێت. ئه‌وانه و زۆر پرسیاری دیكه‌ش هه‌ن له شه‌هریبان بكرێن.

هه‌ڤپه‌یڤین:
عه‌بدوڵڵا كۆچه‌ر

**نیوه به نیوه‌یه**

شـــه‌هریبان دایكـــی خه‌ڵكـــی ئامـــه‌ده، باوكی مێردینییه . شه‌هریبان ده‌ڵێ "واته من نیوه ئامه‌دی و نیوه ماردینیم" . خێزانه‌كه‌یان 40 ساڵه چووه‌ته شـــاری ئیزمیری توركیا . ئه‌و 6 خوشك و 3 برای هه‌ن. له ســـاڵی 1988دا ده‌ستی به گۆرانی گوتن كردووه‌و، تائێستا 10 ئه‌لبوومی بڵاوكردوونه‌ته‌وه، كه دواترینیان (كه‌تم ده‌ریا ئه‌ڤینێ) به‌هاوبه‌شـــی بووه له‌گه‌ڵ (تێكۆشین)ی برای. 16 ساڵه مێردی كـــردووه‌و3 كـــچ و كوڕێكی هه‌یه و نیشـــته‌جێی ئه‌ڵمانیایه.

**ڕووداو: بۆچی پاشـــناوی (كـــوردی)ت بۆ خۆ داناوه؟**

**شـــه‌هریبان:** هونه‌رمه‌ندێكـــی توركیش هه‌بوو ئه‌ویش ناوی شه‌هریبان بوو. كاتێك بۆ ده‌ركردنی یه‌كه‌مین ئه‌لبوومم چوومه ئیسته‌نبوڵ، ناسیاوێكم كه زۆر یارمه‌تی ده‌دام پێیگوتم ناوت بكه (شه‌هریبانا كوردی). ئێمه‌ش قسه‌ی ئه‌ومان نه‌شكاند و هه‌ر به‌و جۆره مایه‌وه.

**ڕووداو: حه‌ز ده‌كه‌ی بـــه‌رده‌وام چ گۆرانییه‌كی خۆت بڵێیه‌وه؟**

**شه‌هریبان:** حه‌ز له هه‌موو گۆرانییه‌كانم ده‌كه‌م. به‌ڵام گۆرانی "ئه‌ز كه‌چم كه‌چا كوردا مه" جێگه‌یه‌كی تایبه‌تی له لای من هه‌یه. رۆڵێكی تایبه‌تیشـــی له نێوبانگ ده‌ركردنی من دا هه‌بوو.

**ڕووداو: ئه‌گه‌ر له ســـه‌ره‌تاوه تائێســـتا هه‌ر به توركی گۆرانیت بگوتبایه، ئێستا چۆن ده‌بووی؟**

**شـــه‌هریبان:** زۆر سه‌ربه‌رزم كه ته‌نیا به كوردی گۆرانیـــم گوتووه. به‌ڕاســـتی له ســـه‌ره‌تای كاری هونه‌ریـــدا زۆر داوام لێكرا به توركی گۆرانی بڵێم، چه‌كـــی بانكییان له‌پێش دانام و پێیانگوتم: چه‌ند پاره‌ت ده‌وێ بینووســـه. به‌ڵام مـــن ئه‌وه‌م قبووڵ نه‌كـــرد، له‌وانه‌یه ئه‌گه‌ر قبوڵم بكردبـــا له بواری ته‌كنیك و پێشخستنی مۆسیقاكه‌مدا خاوه‌ن توانا و ده‌رفه‌تی باشتربووام، به‌ڵام ئێستاش په‌شیمان نیم كه ئه‌و ته‌كلیفه‌م قبووڵ نه‌كرد.

**ڕووداو: ئێستا وه‌ك نه‌ریتێكی لێهاتووه كه زۆر گۆرانبێژی تورك گۆرانی كوردی ده‌ڵێن، ئه‌وه چۆن ده‌بینی؟**

**شـــه‌هریبان:** ئه‌و گۆرانبێژانه‌ی تورك كه ئه‌مڕۆ بـــه كوردی گۆرانـــی ده‌ڵێن، له‌به‌رئـــه‌وه نییه كه گه‌لی كوردیـــان خۆش ده‌وێت، به‌ڵكو له‌به‌رئه‌وه‌یه چونكه ئه‌مڕۆ موزیكـــی كوردی بووه‌ته موزیكێكی جه‌ماوه‌ری. واته بۆ به‌رژه‌وه‌ندی تاكه‌كه‌سیی خۆیان به كوردی گۆرانی ده‌ڵێن. گه‌لی كورد له دامه‌زراندنی كۆماری توركیاوه تاوه‌كو ئه‌مڕۆ له ژێر زوڵم و زۆردایه، ئه‌گه‌ر ئه‌و هونه‌رمه‌ندانه‌ی تورك خاوه‌ن ویژدانبـــان، ده‌بوایـــه ئه‌وانیش رۆژێـــك دژی ئه‌و زوڵمـــه‌ی له گه‌لی كورد ده‌كرێت، به‌ده‌نگ بهاتبان. زۆر هونه‌رمه‌ند هه‌ن له كه‌ناڵه‌كانی توركیادا به‌رنامه پێشكه‌ش ده‌كه‌ن، رێیان نه‌ده‌دا كه له به‌رنامه‌كانی ئه‌وانـــدا به كـــوردی گۆرانی بگوتـــرێ، كاتێك كه په‌لاماری ئه‌حمه‌د كایایان دا، زۆر له‌و هونه‌رمه‌ندانه‌ی به ره‌چه‌ڵـــه‌ك كوردیش بوون هـــاوكاری ئه‌حمه‌د كایایان نه‌كرد. ئه‌و كه‌ســـانه‌ی له رۆژانی سه‌ختدا بێده‌نگ بوون، ئه‌مڕۆ دێنه پێش و له سه‌ر حیسابی كورد به كوردی گۆرانی ده‌ڵێن. ئه‌مه دووڕووییه‌كی گه‌وره‌یه. له‌به‌ر ئه‌وه من ئه‌و هونه‌رمه‌ندانه به‌ڕاست نازانم. من بڕوام وایه كه گه‌لی ئێمه‌ش ناچێته نێو گه‌مه‌ی ئه‌و كه‌سه دووڕووانه‌وه.

**ڕووداو: تا ئێستا هیچ جارێك له‌لایه‌ن TRT6 بانگهێشت كراوی؟**

**شه‌هریبان:** نه‌خێر. TRT6 له‌سه‌ر ویستی كۆماری توركیا نه‌بووه‌ته‌وه، به‌ڵكو ئه‌نجامی به‌رخودانی گه‌لی كورده .ئه‌گه‌ر كۆماری توركیا ئه‌و كه‌ناڵه‌ی بـــۆ گه‌لی كورد كردووه‌ته‌وه، ده‌بـــێ ده‌رگای خۆی بـــۆ هه‌موو كوردێك بكاتـــه‌وه، نه‌ك ته‌نیا بۆ ئه‌و كه‌ســـانه‌ی كه ته‌نیا به‌زمانی ده‌وڵه‌ت ده‌دوێن. به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شـــدا من كردنه‌وه‌ی TRT6به هه‌نگاوێكی بـــاش داده‌نێم. به كردنه‌وه‌ی TRT6زۆر ئاسته‌نگی په‌روه‌رده‌كردن به زمانی كوردی هه‌ڵگیران و كورد ئازادانه‌تر ده‌توانن داكۆكی له مافی دیموكراسی، كولتـــووری و هونه‌ریی خۆیان بكه‌ن. منداڵانـــی كورد له قوتابخانـــه‌و زانكـــۆی توركیـــا ده‌خوێنن و، هه‌مـــوو رۆژێك ســـروودی نه‌ته‌وه‌یی تورك ده‌ڵێنـــه‌وه، له نێو ده‌زگاكانی كۆمـــاردا كار ده‌كـــه‌ن. نوێنه‌رانی كورد لـــه په‌رله‌مانی توركیـــا بـــه توركی ســـوێند ده‌خۆن و قســـه ده‌كـــه‌ن. ئه‌گه‌ر كردنـــه‌وه‌ی TRT6خراپـــه، ده‌بێ كـــورد منداڵی خـــۆی نه‌نێرێته قوتابخانـــه‌ی توركی، كه‌س كاری ده‌وڵـــه‌ت نه‌كات، نوێنه‌رانی كوردیش له په‌رله‌مانی توركیادا دانه‌نیشن. به‌ڕای من كورد ده‌بێ TRT6 بۆ به‌ده‌ستهێنانی مافه‌كانی خۆی به‌كاربێنێت. به‌ڕای من كردنه‌وه‌ی TRT6بۆ كورد به‌سووده.

**ڕووداو: چ پێشـــنیازێكت هه‌ن بۆ پێشكه‌وتنی موزیكی كوردی له جیهاندا؟**



**شـــه‌هریبان:** له‌نێـــو هونه‌رمه‌ندانـــی هه‌مـــوو جیهاندا،ئه‌و هونه‌رمه‌ندانه‌ی كـــه كه‌مترین توانای ئابوورییان له‌به‌ر ده‌ســـتدایه هونه‌رمه‌ندانی كوردن. پـــارت و رێكخراوه كوردییه‌كان بایـــه‌خ بـــه هونه‌رمه‌ندان ناده‌ن. هونه‌رمه‌ندانی كورد به زۆری وێڵـــی په‌یداكردنی بژێـــوی خێزانه‌كانیانن. ئه‌گه‌ر ســـه‌ركرده و پارته‌كانی كـــورد هاوكاریمان بكه‌ن، ده‌توانین زۆر شت بكه‌ین. له باشووری كوردستاندا ده‌رفه‌تێكی باش ره‌خساوه، ده‌توانن سه‌مفۆنیایه‌كی نه‌ته‌وه‌یی دابمه‌زرێنـــن و له هه‌موو جیهاندا له‌گه‌ڵ هونه‌رمه‌ندانی باش كۆنســـێرت ســـاز بكات. ده‌بێ ئه‌كادیمیای موزیك و هونه‌ر دابمه‌زرێن له كوردستان و مامۆستای جیهانی وانه‌ی تێدا بڵێنه‌وه.

**ڕووداو: بۆچی زۆر به‌شـــداریی كۆنســـێرته‌كانی باكووری كوردستان ناكه‌ی؟**

**شه‌هریبان:** به‌ڕاســـتی منیش نازانم هۆكاره‌كان چین. ئه‌و كه‌ســـانه‌ی ئـــه‌و كۆنســـێرتانه به‌ڕێوه ده‌به‌ن، زیاتر دۆســـتایه‌تیان له‌گه‌ڵ كام هونه‌رمه‌ند هه‌بێ، ئه‌و بانگهێشـــت ده‌كـــه‌ن. هه‌روه‌ها ده‌می گیرفانه‌كانیان به‌بێ سنوور بۆ هه‌ندێ هونه‌رمه‌ند، به‌تایبه‌تی بیانییه‌كان ده‌كه‌نه‌وه، به‌ڵام هه‌تا ئه‌مڕۆ كێ بۆ كۆنسێرت و به‌رنامه، منی باگهێشت كردبێت گوتوویه‌تی"هه‌ڤاڵ شـــه‌هریبان، ئه‌م به‌رنامه‌یه به خه‌رجی خۆمان ئاماده ده‌كه‌ین، ئێمه هه‌ر ده‌توانین خه‌رجی رێگاكه‌ت بده‌ین" . ئه‌وه پازده ساڵه من ته‌نیا خه‌رجیی رێگه‌م له‌وان وه‌رگرتووه. به‌ڵام بڕیارمداوه بۆ هه‌ر كۆنســـێرتێك ئه‌گه‌ر مافی خۆم پێ نه‌ده‌ن نه‌چـــم. زۆر هونه‌رمه‌ند خه‌باتیان بۆ كورد كردووه، یه‌كێكیان منـــم. به‌ڵام به‌داخه‌وه كه‌س تائێســـتا نه‌یگوتووه، ئه‌رێ ئه‌وه بۆچی خوشـــكه شه‌هریبان هێنـــده له به‌رنامه‌كانـــدا ده‌رناكه‌وێت؟ . هیوادارم سه‌ركرده و به‌رپرسانی كورد له‌وباره‌وه ئاگادارین. من بڕوام به خۆم و هونه‌ره‌كه‌م هه‌یه، له‌به‌رئه‌وه‌ش ناچم به كه‌س بڵێم بۆچی من له كۆنسێرته‌كه‌تاندا به‌شدار ناكه‌ن.

> **هونه‌رمه‌ندانی كورد له هه‌موو هونه‌رمه‌ندانی جیهان هه‌ژارترن**

**ڕووداو: لـــه نێو گۆرانیبێژانی كـــورد و بیانیدا، كامیان زیاتر سه‌رنجت راده‌كێشن؟**

**شـــه‌هریبان:** زۆر حـــه‌زم لـــه گۆرانییه‌كانی محه‌ممه‌د شـــێخۆی نه‌مره. له نێو بیانیه‌كانیشدا زیاتر حه‌ز له هونه‌رمه‌ندی نه‌مری عه‌ره‌ب ئوم كه‌لسووم ده‌كه‌م.

**ڕووداو: ده‌ته‌وێ هیـــچ لـــه منداڵه‌كانت ببنه گۆرانیبێژ؟**

**شه‌هریبان:** منداڵه‌كانم گۆرانی ده‌ڵێن و ده‌نگیان خۆشه. به تایبه‌تی ده‌نگی كچه‌كانم خۆشن. به‌ڵام به‌ڕاستی بۆئه‌وه‌ی ئه‌وانیش وه‌ك ئێمه تووشی ئه‌و زه‌حمه‌ت و ده‌رده‌ســـه‌ریانه‌ی ئێمـــه نه‌بن، نامه‌وێ منداڵه‌كانم ببنه گۆرانیبێژ.

**ڕووداو: ژیانی ئه‌ورووپا هیچی له مۆســـیقای تۆ زیاد یان كه‌م كردووه؟**

**شه‌هریبان:** ژیان له ئه‌ورووپا زۆر شتی له كاری هونه‌ری من كه‌م كردووه، چونكه پێش ئه‌وه‌ی بێمه ئه‌ورووپا، به لانیكه‌م دوو ســـاڵ جارێك ئه‌لبوومێكم بڵاوده‌كرده‌وه. به‌ڵام به‌داخه‌وه ماوه‌ی 16 ســـاڵه له ئه‌ورووپام ته‌نیا دوو ئه‌لبوومم بڵاوكردوونه‌ته‌وه. كه یه‌كێكیان به پاره‌ی خۆمان كردوومانه.

**ڕووداو: كاتێك ســـاڵی 2009 چوویه باشووری كوردســـتان، چ شـــتێك له بـــواری كۆمه‌ڵایه‌تی و هونه‌ریدا له‌وێ زیاتر سه‌رنجی راكێشای؟**

**شه‌هریبان:** ئه‌و ســـه‌فه‌ره‌م خاوه‌ن جێگه‌یه‌كی تایبه‌تییه له ژیانی مندا. من به‌بانگهێشتی كۆڕه‌ك موزیك چوومه باشـــوور. سه‌رنجراكێشـــترین شت ئه‌وه‌یه گه‌لی كورد وشیاربووه‌و به ئاگاییه‌وه داكۆكی له خاك و به‌هاكانی خۆی ده‌كات. له بواری هونه‌ریدا هه‌وڵی باش له ئارادان. به‌ڵام زیاتر گرێدراوی ئاربسك (موزیكـــی عه‌ره‌بی)ن. له باشووردا زۆر ده‌رفه‌تی باش له لایه‌ن حكومه‌تی كوردستانه‌وه دابین كراون. بـــه‌ڵام هه‌ندێك كه‌س له‌وانه‌ی كه ئه‌و كارانه به‌ڕێوه ده‌به‌ن، زیاتر خه‌رێكی خۆبردنه پێشی شه‌خسین و ته‌نیا كه‌ســـانی ده‌ورووبه‌ری خۆیان ده‌بینن. واته نا یه‌كسانییه‌ك هه‌یه . به بۆچوونی من تاوانی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان له‌و شتانه‌دا نییه . به‌ڕێز سه‌رۆكی هه‌رێمی كوردستان كاك مه‌سعود بارزانی، به‌ڕێز كاك نێچیرڤان بارزانی و، بـــرای به‌ڕێزم خاوه‌نی كۆڕه‌ك تیلیكۆم كاك ســـیروان بارزانی، به خۆشحاڵییه‌كی زۆره‌وه پێشوازییان لێكردم و زۆر باش به ده‌نگمه‌وه هاتن. لێره‌شه‌وه دووباره سوپاسی ئه‌و مێوانپه‌روه‌ری و جوامێرییه‌یان ده‌كه‌م.

**ڕووداو: گه‌وره‌ترین خه‌ونی هونه‌ریت چییه؟**

**شـــه‌هریبان:** له‌گه‌ڵ ئۆركێسترایه‌كی مه‌زندا له ئامه‌د و هه‌ولێر له‌به‌رده‌م گه‌له‌كه‌مدا گۆرانی بڵێم.

**ڕووداو: ده‌ته‌وێ له كوێ بژیت؟**

**شـــه‌هریبان:** ده‌مـــه‌وێ له وڵاتی خۆمـــدا بژیم. ژیـــان له وڵاتی خۆتدا هێـــزت ده‌داتێ. وڵاتی ئێمه پارچه‌یه‌كه له به‌هه‌شت.

**ڕووداو: گوێگره‌كانت لـــه نامه و ئیمێله‌كانیاندا زیاتر داوای چیت لێده‌كه‌ن ؟**

**شـــه‌هریبان:** ده‌یانـــه‌وێ بچم له شـــاره‌كانیان كۆنســـێرت پێشـــكێش بكه‌م. له‌به‌رئه‌وه‌ی دره‌نگ سیدی ده‌رده‌كه‌م ره‌خنه‌م لێده‌گرن. خۆشه‌ویستی خۆیان به‌تایبه‌تی بۆ جلوبه‌رگه‌كانم ده‌ده‌بڕن. به‌هۆی پابه‌ندیم بـــه كولتووری خۆمانه‌وه ده‌ستخۆشـــیم لێده‌كـــه‌ن و ده‌یانـــه‌وێ ئـــه‌و تایبه‌تمه‌ندییه‌م هه‌ر بپارێزم.

**ڕووداو: سه‌رقاڵی چیت و به‌رنامه‌ت چییه؟**

**شـــه‌هریبان:** كاتێك چوومه كوردستان، كۆڕه‌ك مۆزیـــك به‌ڵێنـــی دا به‌رهه‌مێكی باشـــم بۆ بكات. منیش ده‌ســـتم پێكرد و ته‌واو ببوو. ده‌بووایه ئه‌و به‌رهه‌مه‌م له‌گه‌ڵ مامۆستا دڵشـــاد بكردایه. پاش ئه‌وه دوای ساڵێك به‌رپرسێك له كۆڕه‌ك مۆزیكه‌وه به ناوی عیســـا مێرگه‌سۆری په‌یوه‌ندی پێوه كردم و گوتی توانای داراییان نییه و ناتوانن به‌رهه‌مه‌كه بڵاوبكه‌نه‌وه. به‌ڕاستی خه‌مبار بووم. له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ســـاڵێك بوو من هه‌ر به ته‌مای ئه‌وان بووم، پاش ساڵێك ئه‌م وه‌ڵامه وره‌ی منی تێكدا. ئێستا ده‌مه‌وێ به‌خۆم چاپی بكه‌م. ده‌مه‌وێ كۆنسێرتی باش بكه‌م و كلیب بۆ چه‌ند گۆرانییه‌كی خۆم بكه‌م.

**ڕووداو: دوا وته‌ت چییه؟**

**شـــه‌هریبان:** داوا لـــه ســـه‌ركرده، حیزبه‌كان و گه‌له‌كه‌م ده‌كه‌م، ده‌ست بخه‌ینه ناو ده‌ستی یه‌كتر، هه‌موومان بۆ یه‌كێتی گه‌لی كوردستان تێبكۆشین و یه‌كترمان خۆشبوێت. هه‌روه‌ها هیوادارم سه‌ركرده و حیزبه كوردییه‌كان ئاگایان له هه‌موو رۆشنبیران و هونه‌رمه‌ندان بێت. با هه‌رگیز له بیر نه‌كه‌ن كه پاش شه‌هیدان، له نێو شۆڕشی گه‌لی كوردستاندا ئه‌وانه‌ی كه زیاترین ره‌نج و زه‌حمه‌تیان كێشاوه هونه‌رمه‌ندان. ئه‌گه‌ر به زیندوویی بایه‌خمان پێنه‌ده‌ن، با له دوای مردنیشمان هه‌ر بایه‌خمان پێنه‌ده‌ن.

# هونه‌رمه‌ندان هه‌ڕه‌شه‌ی وازهێنان له كاری هونه‌ری ده‌كه‌ن

**موحسین یاسین**
**ڕووداو-هه‌ولێر**

ژماره‌یه‌ك له هونه‌رمه‌ندانی كوردستان به نیازن یاداشتێك ئاراسته‌ی په‌رله‌مان بكه‌ن بۆ به‌رگرتن له دیارده‌ی كۆپیكردنی به‌رهه‌مه‌كانیان و، ده‌ڵێن ئه‌گه‌ر په‌رله‌مانی كوردســـتان چاره‌ســـه‌ریان بۆ نه‌دۆزێته‌وه، ئـــه‌وا له مانگی ئاداردا واز له كاری هونه‌ری دێنـــن، به‌ڵام هه‌ندێ هونه‌رمه‌ندی دیكه ده‌ڵێن "ئه‌وه چاره‌سه‌ر نییه".



هونه‌رمه‌ندانـــی كوردستان تائێستا چه‌نـــد جارێك بـــه رێگـــه‌ی جۆراوجـــۆر ناڕه‌زاییان به‌رامبه‌ر كۆپیكردنـــی به‌رهه‌مه‌كانیان ده‌ربڕیوه، به‌ڵام هیچ له مه‌سه‌له‌كه نه‌گۆڕاوه‌و رۆژانه هه‌زاران ســـیدی كۆپیكراوی به‌رهه‌مـــی هونه‌رمه‌ندان له كوردستان ده‌فرۆشرێن.

به‌پێی ئـــه‌و زانیارییانه‌ی ده‌ســـت (ڕووداو) كه‌وتوون، بڕیاره ژماره‌یه‌كی زۆر له هونه‌رمه‌ندانی كوردستان له مانگی ئاداری ئه‌مساڵ كۆببنه‌وه‌و یاداشتێك ئاراســـته‌ی په‌رله‌مان بكه‌ن بۆ دانانی رێگه چاره‌یه‌كی یاسایی بۆ به‌رگرتن له كۆپیكردنی به‌رهه‌مه‌كانیان .بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ش هونه‌رمه‌ندانی نێوخۆ و ده‌ره‌وه‌ی كوردستان كۆده‌بنه‌وه.

هونه‌رمه‌نـــد په‌یوه‌ند جاف، لـــه لێدوانێكدا بـــۆ (ڕووداو) رایگه‌یاند "به‌نیازین له مانگی ئادار كۆببینـــه‌وه‌و راپۆرتێك ئاراســـته‌ی په‌رله‌مانی كوردســـتان بكه‌ین، له‌و راپۆرته‌دا باسی گرفتی هونه‌رمه‌نـــدان بكه‌ین، بـــه تایبه‌تی كۆپیكردنی به‌رهه‌مه‌كانیان و، داوا له په‌رله‌مانی كوردســـتان بكه‌ین رێگـــه چاره‌یه‌ك بۆ ئه‌و دیارده‌یه دابنێ". په‌یوه‌نـــد جاف گوتیشـــی "ئه‌گـــه‌ر په‌رله‌مانی كوردســـتان گوێ لـــه داواكارییه‌كانمان نه‌گرێ، ئه‌وا پێكه‌وه بڕیار ده‌ده‌ین كاره هونه‌رییه‌كانمان رابگرین و كاری هونه‌ری نه‌كه‌ین".

> **ئه‌گه‌ر په‌رله‌مانی كوردستان رێگه چاره‌یه‌ك بۆ كۆپیكردنی به‌رهه‌مه‌كانمان دانه‌نێ واز له كاری هونه‌ری دێنین**
>
> په‌یوه‌ند جاف

هه‌رچه‌نده هونه‌رمه‌ند ئاڤان جه‌مال ئاگاداری ئه‌و هه‌وڵدانه نییه، به‌ڵام ئاماده‌یی خۆی نیشاندا به‌شداریی له‌و كۆبوونه‌وه‌یه‌دا بكات. ئاڤان كه ئێستا سه‌رقاڵی ئه‌لبوومێكی نوێیه و تاوه‌كو ئێســـتا نه‌یتوانیوه بڵاوی بكاته‌وه، ده‌ڵێ "من ئاگاداری هیچ شتێكی له‌و بابه‌ته‌نیم، به‌ڵام ئه‌گه‌ر كارێكی له‌وشـــێوه‌یه بكرێت زۆرباشه‌و منیش له‌گه‌ڵیانم".




ســـه‌باره‌ت به راگرتنی كاره هونه‌رییه‌كانیان ئاڤان گوتی " به بۆچوونی من وازهێنان له كاری هونه‌ری كێشه‌كه چاره‌سه‌ر ناكات، چونكه ئه‌گه‌ر ئێمه‌ش وازبێنین، كه‌ســـانی دیكه هه‌ن به‌رده‌وام بن"، ئاڤان نه‌هێشتنی دیارده‌ی كۆپیكردنی سیدی به ئه‌ركی وه‌زاره‌تی رۆشبیری داده‌نێ.

پێشـــتریش هونه‌رمه‌ندان هانایان بۆ وه‌زاره‌تی رۆشبیری و په‌رله‌مانـــی كوردســـتان بـــردووه، تاوه‌كـــو چاره‌یـــه‌ك بـــۆ كۆپیكردنی به‌رهه‌مه‌كانیان بدۆزنه‌وه، ته‌نانه‌ت له‌و دانیشتنه‌ی له‌گه‌ڵ سه‌رۆكی هه‌رێمی كوردستان ئه‌نجامیاندا، مه‌له‌سه‌ی كۆپیكردن یه‌كێكبوو له داواكانیان. به بۆچوونـــی هونه‌رمه‌ند حه‌مه ره‌ئوف كه‌ركووكی، كێشه‌كه ته‌نیا به به‌رزكردنه‌وه‌ی راپۆرت و یاداشت بۆ لایه‌نه په‌یوه‌ندیداره‌كان چاره‌ســـه‌ر نابێ، ئه‌و چاره‌سه‌ره‌كه له‌وه‌دا ده‌بینێته‌وه كه لێژنه‌یه‌ك له كه‌سانی شاره‌زا له وه‌زاره‌تی رۆشنبیری و لاوان بۆ ئه‌و مه‌به‌سته دابنرێ. به بڕوای ئه‌و هونه‌رمه‌نده كۆپیكردنی ســـیدی ده‌گه‌ڕێته‌وه بـــۆ نه‌بوونی كۆمپانیـــای كه‌رتی تایبه‌ت له بواری چاپ و بڵاو كردنه‌وه‌ی سیدی.

خـــاوه‌ن تۆمارگه‌كان چه‌ندین هۆكار له پشت كۆپیكردنی به‌رهه‌مـــی هونه‌رمه‌ندانه‌وه ریـــز ده‌كه‌ن. ئالان عه‌بدولره‌زاق، خاوه‌نی تۆمارگه‌ی ڤینۆس له‌شاری سلێمانی ده‌ڵێت به‌هۆی نه‌بوونی كۆمپانیای هونه‌ری و بڵاوكردنه‌وه‌ی سیدی له سلێمانی، هونه‌رمه‌ندان به‌رهه‌مه‌كانیان لـــه ده‌ره‌وه چاپده‌كه‌ن، هه‌ر به‌و هۆیه‌ش نوســـخه‌ی ئۆرجینال گـــران ده‌كه‌وێ و خه‌ڵك پێی ناكرێت و په‌نا بۆ كۆپیكردن ده‌بات. ناوبراو ئاماژه‌ی به‌وه‌شـــدا كه هه‌ر نوسخه‌یه‌كی سیدی ئۆرجینال كه له ده‌ره‌وه چاپده‌كرێ 1250 دینار راده‌وستێ، به‌ڵام سه‌نته‌ره‌كانی بڵاوكردنه‌وه به 2750 دینار به تۆمارگه‌كانی ده‌فرۆشـــنه‌وه "ئه‌گه‌ر ئه‌وان به نرخێكی گونجاو پێمان بفرۆشن، خه‌ڵك په‌نا بۆ كۆپیكردن نابات".

هاووڵاتی نیاز شـــێخ حوسێن، پێیوایه گرانی نرخی نوســـخه‌ی ئۆرجینال و كه‌م چاپكردنیان، هۆكارن بۆ كۆپیكردنی به‌رهه‌می هونه‌رمه‌ندان. ئه‌و هاووڵاتییه گوتـــی "هه‌ندێك كه‌س هه‌ن به یه‌كجار حه‌وت هه‌شـــت ســـیدی ده‌كڕن، ئه‌گه‌ر نوسخه‌ی ئۆرجینال بكڕێ زۆری له‌سه‌ر ده‌كه‌وێ، بۆیه په‌نا بۆ كڕینی به‌رهه‌می كۆپیكراو ده‌بات، جگه له‌وه ش ئه‌و گۆرانیبێژانه‌ی ئه‌لبومه‌كانیان بڵاو ده‌كه‌نه‌وه تیراژێكی كه‌می لێ چاپ ده‌كه‌ن، زوو له بـــازاڕ نامێنـــن، بۆیه خه‌ڵـــك په‌نا بۆ كۆپیكردن ده‌بات".

به‌ڵام خاوه‌نی تۆمارگه‌ی زانكۆ، فه‌رهاد له‌تیف له‌و باوه‌ڕه‌دا نییه كه‌می نوســـخه‌ی ئۆرجیناڵی هونه‌رمه‌ندان هۆكاری كۆپیكـــردن بێ، فه‌رهاد گوتی "من ئاگادارم سیدیه‌كی زۆری سه‌نته‌ره‌كانی بڵاوكردنه‌وه له كۆگاكانیـــان ماوه‌ته‌وه، ئه‌وه‌ش له‌به‌ر ئـــه‌وه‌ی كـــه خه‌ڵك ســـیدی كۆپیكراو ده‌كرێت" . ئـــه‌و خاوه‌ن تۆمارگه‌یـــه كه به‌هیچ شـــێوه‌یه‌ك ئاماده نییه به‌رهه‌می هونه‌رمه‌ندان كۆپی بكات، سه‌رســـوڕمانی خۆی به‌رامبه‌ر ئه‌و خه‌ڵكـــه ده‌ربڕی و گوتی "پێم ســـه‌یره خه‌ڵك حه‌ز لـــه ده‌نگی گۆرانبێژێك بكات، كه‌چی بچێ به‌رهه‌می كۆپیكراوی بكڕێ".



> **واز هێنان له كاری هونه‌ری چاره‌سه‌ر نییه**
>
> ئاڤان جه‌مال

موزیكژه‌ن و گۆرانیبێژ ســـه‌فین خه‌راجیانی به‌ر لـــه‌وه‌ی گله‌یی لـــه هاووڵاتیـــان بكات كه به‌رهه‌مه‌كانیـــان كۆپی ده‌كـــه‌ن، رووی گله‌یی له هونه‌رمه‌نـــدان ده‌كات و ده‌پرســـێ "كام له گۆرانیبێژانی ئێمه نوسخه‌ی ئۆرجیناڵی هه‌موو گۆرانیبێژانی له ماڵه‌وه هه‌یه، بۆیه كاتێك داوای مافـــی خۆمان ده‌كه‌ین با له خۆمانه‌وه ده‌ســـت پێبكه‌ین".

## تاراوگە



لەوانەیە عەرەب بن

ڕووداو-ئەڵمانیا
لە 2009/12/29، یوسف سەمین، 49 ساڵ، لەلایەن دادگای شاری کلێڤەی ئەڵمانیا بەزیندانیکرنی هەتا هەتایی حوکمدرا، هەروەها داودی کوڕیشیبە 7ساڵ زیندان حوکمدا. ئەو باوک و برایە لەسەر کوشتنی گولیسوم سەمین لە ئاداری ڕابردوودا حوکمدران. وابڵاوکرایەوە کە ئەوانە خێزانێکی کوردن، بەڵام شۆڕەتەکەیان و کەسانی نزیکی ئەو خێزانە دەڵێن ئەوان کورد نین و عەرەبن. کوردێکی باشووری کوردستانیش کە هاوشاری ئەوانە گوتی "ئەو خێزانە تەنیا چەند ڕستەیەکی کوردی دەزانن و، عەرەبییەکەیان زۆر ڕەوانە، بەڵام خۆیان بە کورد تۆمارکردووە لە ئەڵمانیا".

### پاش ئەوەی لە کۆمەڵە گەنجێکی تورک دەدات

# حەسەن لە هۆڵەندا بە "کاری بەزۆر" سزا دەدرێ

**لە مانگی نۆڤێمبەری 2009 کۆمەڵێک گەنجی تورک لە قوتابخانەیەکدا لە هۆڵەندا گەنجێکی کورد ئازار دەدەن. باوکی گەنجە کوردەکە بە تاقمێکەوە دەچێتـــە ناو قوتابخانەکە و لەگەڵ گەنجە تورکەکاندا پێکدادەدەن. باوکەکە دەڵێ: "تـــورک و عەرەب ڕقیان لە کوردە". هەفتەی ڕابردوو دادگایەکی هۆڵەندی باوکەکەی بە "کاری بەزۆر" سزادا.**

**ڕووداو – دە خۆی ئەن ئێیملاندەر**

ئەگەر کورد بیت و لە سەردەمی ڕژێمی سەددام حوسـێندا لە عێراق زیندانی بووبیـت و بە کارەبا ئەشـکەنجەدرابیت، کاردانـەوەت چـۆن دەبێ کە دادوەرێکـی هۆڵەندی تەنیا بـە پەنجا کاژێر کاری بەزۆر سزات بدا؟

حەسـەن، 45 ساڵ، لە تەنیشـت وەرگێڕەکەی هەڵدەستێتە سـەرپێ و دەڵێ: "کوڕە سزام بدەن، مـن ئامادەم بۆی". ئینجـا ڕووی وەردەگێڕێ و بە تووڕەییـەوە هۆڵەکە بەجێدێڵـێ. چونکە بە هەر شێوەیەک بێ ئەو سـزایەی بەهۆی بەشداریکردنی لە شەڕێکی نێو قوتابخانەیەکی شاری هیلڤەرسومدا، لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ڕابردوو، دەیدرێ، پێ دادپەروەرانە نییە.

کوڕەکـەی لـەو قوتابخانەیـەدا دەیخوێنـد و بەقسەی حەسەن ماوەیەکی زۆربوو لەلایەن هاوپۆلە تورکەکانیەوە سـووکایەتیی پێدەکرا. ئەو کوڕەی دزیشی لێ کرابوو و مامۆستاکەی هەرچەندە ئاگادار بوو لەو مەسەلەیە، کەچی هیچی نەکردبوو.

حەسـەن ماوەیەکبوو ئەو شتانەی دەبیستەوە، کاتێـک ڕۆژی 19 ی نۆڤەمبەر لـە ماڵی خۆی لە شـاری ئاڵمیرە تەلەفۆنێکی بۆ هات و پێیانگوت لە قوتابخانەکە کێشـە پەیدا بوونەتەوە. حەسەن بە دادوەری پۆلیس (پی. کنـۆڵ) دەڵێ: "پێیانگوتم تورکەکان خەریکی نانـەوەی گێچەڵێکن". بۆیەش سـواری ئۆتۆمبێلەکەی دەبێ و بەرەو هیلڤەرسوم دەڕوا. ئەو بەبیانووی چوونە ئاودەسـتەوە دەچێتە ناو باڵەخانەی قوتابخانەکەوە کە بە وردی چاودێری دەکرێ.

دوای کەمێـک، لـە ژوورێکـی قوتابخانەکەدا پێکدادانێکی گەورە دەسـت پێدەکات. حەسـەن دەڵێ من هیچ هەقم بەسەر ئەو پێکدادانەوە نەبووەو تەنیا ویستوومە قوتابییەکان لێک بکەمەوە: "ئاخر خۆم ناتوانم شـەڕ بکەم". هەرچەندە حەسەن ئەمە بە دڵنیاییەوە دەڵێت، بەڵام بە قسـەی شایەتەکان بەدوای باوکەکەدا کۆمەڵە گەنجێک بەرەو سـەرەوە چـوون و لـەوێ لـە ژوورێکدا پێکدادان دەسـتی پێکردووە. کوڕێکی دیکەی حەسـەنیش، کە دەڵێ تەنیا بە سـەردان هاتبووە قوتابخانەکە، لەنێو ئەو کۆمەڵە کوڕەدا بووە.

لەوێ تێکهەڵدان دەسـتپێدەکات. تەنانەت ئەو مامۆسـتایە کە جەخت دەکاتەوە پێشتریش کێشە هەبوون، لەلایەن کوڕەکەی حەسەنەوە تێیهەڵدەدرێ. یەکێـک لە شـایەتەکان بە پۆلیـس دەڵێ باوکی حەسـەن لەبەردەم ژوورەکەدا بە کۆمەڵە کوڕەکەی گوتووە: "وەرن، ئەوەتا با لێیدەین."

ئەو شایەتە چاو لە چاوی حەسەن دەکات و دەڵێ: "ئەوەی گوتم هەمووی ڕاسـت نییە؟"، حەسەنیش وەڵامی دەداتەوە: "من ناڵێم ئێوە درۆ دەکەن، بەڵام قسەکانتان یەک ناگرنەوە، من تەنانەت ناتوانم سەد مەتر بەپێ بڕۆم!."

تۆمەتبارە 45 ساڵەکە شیکردنەوەیەکی سادەی هەیە بۆ ئەو هەموو شـایەتییانەی لەدژی دەدرێن: "تورک و عەرەب ڕقیان لە کوردە."

حەسەن بەهۆی کاریگەریی شۆکە ئەلیکترۆنییەکانی کاتی ئەشـکەنجەدانی سەردەمی سـەددام بەسەر جەستەیەوە و هەروەها دوو کارەساتی ئۆتۆمبێلەوە چیدیکە ئەو پیاوە نییە کە دەبوایە ببێ. ئەو، کە لە ساڵی 1990 ەوە لە هۆڵەندا دەژیت، بە نائومێدی و دڵەڕاوکێوە دەژیت.

داواکاری گشـتی (ئا. فیسسـەر) پێیوایە کە لـە دۆزەکەیدا بەکارهێنانی ئاشـکرای توندوتیژی سـەلمێندراوە. ئەو نایەوێ ئـەو جیاوازییە بکات، بەڵام هەرواش دەڵێ جگە لە تورکەکان زۆر شایەتی مەغریبیش دژی حەسەن قسەیان کردووە. "ئەوەی ڕوویـداوە، بە پلان بووە. ئەوە قبوڵ ناکرێ کە ئەو ژمارە زۆرەی گەنجان بەیەکەوە هێرش بکەنە سـەر قوتابخانەیەک". فیسسـەر داوای 100 کاژێر سزای کاری قورسی دەکات، کە دەبێ 40 کاژێری مەرجدار بێ و بۆ ماوەی دوو ساڵ دوا بخرێ.

حەسـەن بە دڵەڕاوکێوە دەڵێ: "من ناتوانم کار بکـەم، من هیچم نەکـردووە. سـوێند دەخۆم کە پەنجەم نەگەیاندووەتە کەس. ئەوە نادادپەروەرانەیە. لەجیاتی ئەوە زیندانیم بکەن."

### بڕیاری دادوەر

دادوەری پۆلیـس بەڵگەنامـەکان بـە وردی ڕێکدەخـات، ئینجا بڕیارەکـەی دەخوێنێتەوە: "بە بیانوویەکەوە چووی بۆ ناو قوتابخانەکە. لە ژوورەوە لێت بووە بە هەرا لەگەڵ پاسـەوانەکاندا. کوڕێکت هەیە کە لـەو کاتەدا لەگەڵ هاوپۆلەکانیدا خەریکی پێکدادان بووە. شایەت هەنە کە دەڵێن باوکی کوڕەکە چالاکانە بەشـداریی لە پێکدادانەکەدا کردووە، نەک ئەوەی کە لێکیان بکاتەوە. بیستراوە کە گوتووتە : وەرن، ئەوەتا با لێیدەین. لەگەڵ گرووپێکدا چوویە سەرەوە. ئەوەش هەمووی لە شوێنێکی هەستیاری وەک قوتابخانەدا ڕوویداوە. من ئەوەشـیان لەسەر تۆ حیسـاب دەکەم. کوڕەکـەت قبوڵی کردووە کە سـزای کاری بەزۆر دراوە. تۆش بە هەمان شـێوە سزا دەدەم: 72 کاژێر کاری بەزۆر، کە 22 کاژمێری مەرجدارە."

هێشـتا دادوەر تەواو نەبووە، حەسەن هۆڵەکەی جێهێشتووە.



دیمەنی ئەو قوتابخانەیەی کوڕەکەی حەسەن لێ دەخوێنێ و پێکدادانەکە تێیدا ڕوویداوە

### کەریم شانسی نییە

# سیخوڕە کوردەکەی پۆلیسی هۆڵەندا بێکار دەسووڕێتەوە



شەقامەکانی خرۆنینگن کەریمیان ماندوو کردووە

**ڕووداو – داخبلاد ڤان هەت نۆردن**

کەریم، 33 سـاڵ، کـە خەڵکی باکووری عێراقە، چەندین سـاڵە بێکار بەناو شـاری خرۆنینگنی هۆڵەندادا دەسووڕێتەوە. زۆربەی کات لەسەر جادە دەخەوێ، جارجارەش بۆ شەوێک لە کەمپێکی فریاکەوتندا شوێنێکی خەوتنی دەستدەکەوێ.

ئەو هەمیشە دەترسـێ. ترس لەوەی کە دەسـتگیر بکرێ، چونکە ئەو بەشێوەیەکی نایاسـایی لە هۆڵەندا دەژیت. ئەگەر لەسەر شەقام دەستگیری بکەن، مەترسیی ئەوەی لەسـەرە کە وەک "بێگانەیەکی نەویستراو" بخرێتە زیندانەوە.

کەریم تووشـی بـەڵای خـۆی هاتووە. هۆکارەکەیشی پەیوەندییەکی تەلەفۆنییە کە سـاڵی 2002 بۆ نووسـینگەیەکی پۆلیسی کردووە.

کەریـم هیچ شـتێکی وای نییـە. ئەو و جانتایەکی شـانیەتی . جانتاکەی کاخەزی دادگاکان و پارێـزەران و هەروەها نامەکانی وەزارەتـی کـۆچ و خۆگونجاندنی هۆڵەندای تێدان. نامەکانی ئەووەزارەتە دەخوێندرێنەوە، بەڵام لێتێگەیشتنیان زەحمەتە.

ئەو هەروەها نامەی ئەندامانی پەرلەمانیشی لـە جانتاکەیـدا هەڵگرتوون کـە بەڕێزەوە بۆیان نووسیوەو هیچیان بۆ پێناکرێ، بەڵام هیواخوازن کە وەرەی بەرز بێت!

هەندێک شت هەنە ڕوونن. ئەوە ڕوونە کە کەریم "بێگانەیەکی نەویستراو"ە و دەبوایە لە نیوەی ئەو مانگەوە هۆڵەندای جێهێشتبایە. ئەوەش ڕوونە کە عێراق ئەوی ناوێتەوە.

بەپێی یاسا ئەو دەیتوانی بە سوود وەرگرتن لە یاسایەک کە ماوەیەک پێش ئێستا دەرچوو، سـەرەتا مافی مانەوەیەکی کاتی و بەدوایدا مافی مانەوەی یەکجاری وەرگرێ. ئەگەر ئەو کەمێک شانسی هەبووایە ڕەنگە دوای پێنج ساڵی دیکە ببوایە هاووڵاتیی هۆڵەندا. بەڵام کەریم شانسی نییە.

کەریم لە سـاڵی 1998 پەنای بۆ هۆڵەندا هێنـا و داوای مافی پەنابەرێتـی کرد و لە خرۆنینگن نیشـتەجێبوو. لەناو کەمپی پەنابەراندا پۆلیـس داوای ئەوەیان لێکـرد کە ئایـا دەیـەوێ کاری سیخوڕییان بۆ بکات.

کەریمیش کـە لە وڵاتی خۆیدا قوتابیـی کۆلێژی پۆلیـس بوو، داواکەی قبوڵ کرد. ئەو دوو ساڵ کاری سـیخوڕیی کرد. کاریشی ئەوەبوو لە هەر شـوێنێک دیتی کاری ڕەشی وەک قاچاخچێتی بە مرۆڤ و ماددەی بێهۆشکەرەوە دەکرێ، هەواڵی لێبدات.

دوای پرۆسـەیەکی سێ ساڵە، داواکاریی پەنابەرێتیی کەریم ڕەتدەکرێتەوە و بێماڵ و حاڵ دەبێ. ئەوە بەمانای کۆتاییهاتنی خزمەتەکانی دەبێ لای پۆلیسـیش. کەریم دەڵێ ئـەوکات تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کردووە بەو ئومێـدەی کە هاوکاریی بکـەن. بەڵام ئەوە هیچ دەرەنجامێکی نەبووە، واشیکردووە تەلەفۆنێکی تووڕە بکات.

ئەو تـا پێی کرابوو جوێنـی بە پەیامی دەنگی بۆ ئەو ئەفسەرەی پۆلیس جێهێشتبوو کە سەرپەرشتیی دەکرد.

دواتر کەریم بانگی نووسـینگەی پۆلیس دەکرێ، لەوێ قسەی خۆیان دەکەن و داوای لێبووردنیان لێدەکا. ئینجـا تەوقە دەکرێن و وا پێدەچـێ کە ئیدی کێشـەکە کۆتایی هاتبـێ. بەڵام دواتر پۆلیـس، لای خۆیان، سکاڵایەکی لەسەر تۆمار دەکەن و لە مانگی ئۆکتۆبەری 2003 بە تاوانی "هەڕەشەکردن" سـزای دەدەن. ئەو دواتر لەساڵی 2004 دا بۆی دەرکەوت کە پۆلیس ئەو کارەیان لەگەڵ کردووە.

ئەو حوکمدانە و چـواردە مانگ مانەوەی لـە زینداندا مانایەکەی ئەوەبـوو کە کەریم لە هۆڵەندا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بووە "بێگانەی نەویسـتراو" و بەهیچ شـێوەیەک مافی وەرگرتنی مانەوەی نەما.

سەرچاوەیەکی فەرمیی پۆلیسی هۆڵەندی نەیویست بچێتە ناو وردەکارییەکانی پرسی کەریمـەوە، بەڵام دانی بـەوەدا نا کە لەنێو پەناخوازاندا خەڵکیان هـەن کە زانیارییان لێوەردەگرن. وەڵامی فەرمیی ئەو سەرچاوەیە بـۆ ئێمە ئەوەیە کە: "ئێمە هەموو کارێک لە چوارچێـوەی خۆیدا دەکەین تـا زانیاریمان دەستکەوێ."

کەریم لەناو جانتاکەیـدا پاکەتێکی نامە دەردێنـێ کە پڕە لە پسـولەی کڕینی ئەو جلوبەرگانـەی پۆشـیویەتی و ئەو فلچە و خەمیری ددانەی لە جانتاکەیدان. ئەو دەڵێ: "ئەگەر دەسـتگیرم بکەن، بـەو کاخەزانە دەتوانم بیسـەلمێنم کە هیچـم نەدزیوە". ئـەو کاتێک هاتە هۆڵەندا زمـان فێر بوو و کۆرسێکی خۆگونجاندنی خوێند و دواتریش چووە پەیمانگەیەک تاوەکو ببێتە ئاشپەز.

کەریم هەندێکجار خواردن بۆ ماڵان دەبا، هەندێکجاریش قاپ دەشوات.

ڕێکخراوەکانی داکۆکیکردن لە پەنابەرانیش ئایندەیەکی نارۆشـنی بۆ پێشبینی دەکەن. بەڵام پارێزەرێک بڕیاریداوە کە دوایین هەوڵی خۆی بدات بۆ ئەوەی ڕێگە بە ناردنەوەی ئەو گەنجە بۆ عێراق بگرێ. کەریم خۆیشی ماندوو و سـڕ بووە هێندەی لەسـەر شەقامەکانی خرۆنینگن بێت. ئەو دەڵێ: "من دەبێ ئەوە قبوڵ بکەم کە هەڵەیەکم کردووە، بەڵام ئەوە کارێکی دادپەروەرانە نییە کە سەرتاسـەری ژیانـم باجی ئەو تاکە پێوەندییە تەلەفۆنییە بدەم."



# کورد کافینێتەکانی ئەڵمانیا داگیر دەکەن



ڕزگار ئەمین لە کافینێتەکەی لە ئەڵمانیا (فۆتۆ: ڕووداو)

**مستەفا چوارتایی**
**ڕووداو-ئەڵمانیا**

پێشتر دووکانەکەی ڕزگار زۆر شڕ بوو، بەڵام ئەو توانی بیکاتە کافینێتێکی ئاوەدان، ئێسـتا بێجگە لەو کوردانەی لە شـاری میونخ دەژین، ڕۆژانە چەندین ئەڵمان و کەسانی دیکەی نا ئەڵمـان ڕوو لە کافینێتەکەی ڕزگار دەکەن و لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هاوڕێی تازە دەدۆزنەوە.

ژمارەی کوردانی نیشتەجێی ئەڵمانیا بە نزیکەی ملیۆنێک مەزەندە دەکرێن و لە کار و پلە و شوێنی جیاجیادا جێی خۆیان کردووەتەوە، بەڵام کوردانی باشـوور هێشتا نوێن و نەوەی یەکەمیان پێنەگەیشتووە، ئەوانەش وەک پەنابەر لە ئەڵمانیان کارەکانیان بە گشتی لەنێوان شۆفێری تەکسی و کردنەوەی پیتزاریا و کافینێت یان وەک لە ئەڵمانیا دەڵێن "ئینتەرنێت کافێ" تێناپەڕێ، ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی ئەڵمانیا دووکانـی ئینتەرنێت کافێیـان کردووەتەوە، کە ئینتەرنێت کافێیەکەی ڕزگار یەکێکیانە.

ڕزگار ئەمیـن نـەک هـەر خاوەنی کافێنێتـە، کاری چاککردنـەوەی کۆمپیوتەریش دەکات و بە هۆی ئەوەی بە چەنـد زمانێک دەدوێت، خەڵکانی نەتەوە جیاوازەکان دێنە لای و کڕیارێکی باشی هەن. ڕزگار ئەمین، نایشارێتەوە کە ئـەم کارە هەرچەندە گران نییە، بەڵام ئاسـانیش نییە و زۆرجار تووشی گرفت دەبێ.

ڕزگار نموونەیـەک لەو کێشـانەی تووشـی دەبێت، باسـدەکات و دەڵێت "هەندێکجار خەڵکانێکی ئەڵمان یان بیانـی دێن، تەلەفۆنێکی زۆر دەکەن، کە تەواو بوو دەڵێت پـارەم پێ نییە، ناچار دەبی پاسـپۆرت یان مۆبایلەکەی لێوەرگـری تاوەکو پارەکە دێنێت، دواییش دەچێت پۆلیس دێنێت و دەڵێت پاسپۆرتەکەم ناداتەوە".

پێویسـتە ڕزگار لـەو کارەدا ئارامگر و ڕوو خۆش بێ و شارەزاییەکی تەواوی لە زانستی کۆمپیوتەر هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانێ درێژە بەکارەکەی بدات. ڕزگار دەڵێت "ئەوە کارێکی ئاسـان نییە، دەبێ لانیکەم کەمێک لە زانستی کۆمپیوتەر و بەکارهێنانـی بزانێت، لە هەمـووی گرنگتر ئارامگرتن و چۆنییێتی هەڵسـوکەوتکردنە لەگەڵ کڕیار و هاموشۆکاران، خەڵکی تەمەن جیاوازن و ئاسـتی بیرکرنـەوەی جیاواز، نەتەوەی جیاواز، سرووشتی دەروونی جیاواز، دەبێت خاوەن ئینتەرنێت کافێ لەگەڵیاندا بزانێت چۆن دەدوێت"، هەروەها دەڵێت "ڕووی خۆش لەگەڵ خەڵکدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە ڕاکێشـانی کڕیارەکان، ئەم دووکانەی من پێشتر چەند کەسێکی ئەفغانی و عەرەب کڕیویانە و تەنانەت هەندێکیان کرێی دوکانەکەشیان پێدەرنەدەهات، لە کارێکی وادا دەتوانی پێوەندی کۆمەڵایەتیش بەهێز بکەیت، هەم کاسبیش بکەیت، هەم خۆشت وەک مرۆڤ و کولتوور بە خەڵک بناسێنیت".

سەبارەت بەوەی کە بۆچی زۆربەی کوردانی ئەڵمانیا لە پیتزاریا یان شۆفێری تەکسی، یان کاری کافێنێت دەکەن، ڕزگار ئەمین گوتی "زۆرینەی کوردانی ئێمە لێرە لەبەرئەوەی بڕوانامەی ئەم وڵاتەیان نییە و هەلیان بۆ نارەخسێت کاری باشـتر بکەن، ئەم کارانە، خولی تایبەت و خوێندنی ناوێ، جگە لە مۆڵەتنامەی تەکسـی و شـۆفێریی، خەڵکی ئێمە هێشتا لێرە نوێن، زمانی ئەڵمانی باش نازانن".

خەڵک بەگشـتی لە ئەڵمانیا لەماڵـەوە ئینتەرنێتیان هەیـە و بـە نرخێکـی هەرزانتریش، بـەڵام دووکانەکەی ڕزگار هەمیشـە جمەی دێت لە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت، ڕزگار هۆکاری ئەوە ڕووندەکاتەوە "ڕاسـتە ئێستە زۆرینەی ماڵـەکان هێڵی ئینتەرنێتیان هەیە، بـەڵام بۆی هەیە لە ماڵـەوە کۆمپیوتەرەکەی باش نەبێـت، یان چاپکەرەکەی باش نەبێـت"، ناوبراو نموونە بەوە دەهێنێتەوە "خۆ هەموو ماڵێک قاوەی تێدایـە ئەی بۆچی خەڵک دەچنە قاوەخانە قاوە دەخۆنەوە؟ ئێرەش جێگەیەکی گەرمە، دێن هاوڕێکانی خۆیان دەبینن، پەیوەندی نوێ دروستدەکەن، بۆیە مەرج نییە کە یەکێک لە ماڵەوە ئینتەرنێتی هەبوو، ئیدی نەچێتە کافێنێت".

### لە TRT6 دا گوڵفرۆش پێشکەش دەکات

# لایەنگرانی PKK نەیانهێشت بەردان مێردینی لە ئەڵمانیا گۆرانی بڵێت



**ڕووداو- ئەڵمانیا**

وا بڕیاربوو بەردان مێردینی لە ئەڵمانیا لەگەڵ هونەرمەند شڤان پەروەر بەشداری لە شەوە ئاهەنگەکانی سەری سـاڵ بکات، بەڵام لەبەرئەوەی بەردان بەرنامەیەک لە TRT6 پێشکەش دەکات، لایەنگرانی PKK نەیانهێشت بەشداری ئاهەنگەکە بکات.

لە کۆنسێرتەکانی ئەوروپا بەردەوام کێشە لە نێوان ڕێکخەرانی کۆنسێرت و هونەرمەندان و هاووڵاتیان هەیـە، کە زۆرجار ڕێکخەرانی ئاهەنگ پارەی تەواو نادەنە هونەرمەندان، بەڵام ئەمجارە پێچەوانە بووەوە، کاتێک بەردان مێردینی 50 هەزار یۆرۆی وەرگرت، کەچی گۆرانی نەگوت.

کۆمپانیای گۆڤەن، کە خاوەنەکەی سلێمان گۆڤەنە و خەڵکی وێرانشاری باکووری کوردسـتانە، ساڵانە چەندین ئاهەنگ بۆ هونەرمەندانی کورد لە ئەڵمانیا ساز دەکات، ئەمساڵیش بەبۆنەی سەری ساڵی نوێی زاینییەوە ئاهەنگێکی بۆ هەردوو هونەرمەند شڤان پەروەرو بەردان مێردینی ڕێکخستبوو.

دوای دەسـتپێکردنی ئاهەنگەکـە شـڤان پەروەر هاتە سەر شـانۆ و دەستی بە گۆرانی کـرد، بـەڵام خەڵکەکە چاوەڕێـی بەردان مێردینیشـیان دەکرد بێتە سـەر شـانۆ، کەچـی هەر نەهات . سـلێمان گۆڤەن لە بارەی بەشـدارینەکردنی بەردان مێردینی لە ئاهەنگەکـەدا بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کاتێک بەردان دەیویست بێتە نێو هۆڵەکە، گرووپێک لە لایەنگرانی PKK ڕێگایان پێگرت و نەیانهێشت بێتە نێو هۆڵەکە، لەبەرئەوەی لە TRT6دا بەرنامەی هەیە". بەردان مێردینی لە TRT6دا پێشکێشکاری بەرنامەی (گوڵفرۆش)ە.

بەردان بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێ یەکسەر دەگەڕێتەوە فرۆکەخانە. شـایەتێکی ڕووداوەکە بە نێوی ڕێزان شێخ ئەڤدۆ کە چاوەڕوانی هاتنی بەردان بـوو، بە (ڕووداو)ی گوت "بەردان لە ترسـی ئەوەی لێی نەدەن لە ئۆتۆمبێلەکەی نەهاتە دەرەوە و کاتێک بینی ڕەوشەکە زۆر خراپە، لە شوێنی ئاهەنگەکە دوور کەوتەوە".

سەرچاوەیەک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند دوای ڕۆیشتنی بەردان، سـلێمان گوڤەن تەلەفۆنی بۆ پۆلیسـەکانی فڕۆکەخانـە کردبوو کە ڕێگە نەدەن بەردان مێردینی لە ئەڵمانیا بچێتە دەرەوە، چونکە پارەی وەرگرتووەو بەشداری ئاهەنگەکەی نەکردووە .سلێمان قسەکانی ئەوسەرچاوەیەی (ڕووداو)ی پشتڕاستکردەوەو گوتی "ئێمە لەگەڵ بەردان بە 10 هەزار یورۆ ڕێککەوتبووین، پێشتر 5 هەزار یورۆم دابووێ، گرێبەستیشـمان ئیمزاکردبوو.بەڵام بەشداری نەکرد، بۆیە سکاڵام دژی ناوبراو تۆمار کردووە، لانیکەم دەبێ پارەکەم بگەڕێنێتەوە".

# کاروباری ژنان



## کچێکی 21 ساڵی سووتا

نەجمەددین نێرویی
رووداو-زاخۆ

رۆژی 2010/1/3 لە گوندی تاوکێی سەر بە زاخۆ ئاگر بەربووە خانووی هاووڵاتی ئەحمەد ئیسماعیل لە ئەنجامدا کچێکی بەنێوی سوهام کە 21 ساڵان بوو سووتا و گیانی لەدەستدا. ئەحمەد سەفەر لە فەرمانگەی ئاگرکوژێنەوەی زاخۆ بە (رووداو)ی راگەیاند دەستبەجێ گەیشتینە شوێنی ئاگر کەوتنەکە و کوژاندمانەوە ناوبراو گوتیشی "جگە لە مردنی ئەو کچە، نزیکەی 6 ملیۆن دینار زیانی دارایی بەر ماڵەکە کەوت". پۆلیس بەردەوامە لە لێکۆڵینەوەو تائێستا هۆکاری ئاگر کەوتنەوەکە نەزانراوە.

# 17کەس ئارام و سروەیان گوللەباران کرد

## سروە بە برینداریییەوە: ئەو کۆرپەلەی ناو سکم پیرۆزترین یادگاری نێوان من و ئارامە



لەیاد قەرەداخی
Laiad_84@yahoo.com

رووداو-سلێمانی

سروە لەســەر قەرەوێلەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەهەناسە سوارییەکی زۆرەوە بــەردەوام دەگــری و وێنەی ئارامی هاوسەری لە باوەشــدەگرێ . ئەو بە چاوی خۆی براکەی خۆی بینی لەگەڵ چەند کەسێکدا خۆیان کرد بەماڵەکەیانداو هاوســەرەکەیان لەشیرینی خەودا دایە بەر رێژنەی گوللەو پێنج گوللەشیان لە خۆیدا.

ئەو ژوورەی نەخۆشخانە کە سروەی تێدا خەوێندراوە، بە چەند پۆلیس و ئاسایشــێک دەورە دراوە، چونکە هێشتا بکوژەکان دڵیان ئاوی نەخواردووەتەوەو هەڕەشە دەکەن.

چوار مانگ لە مەوبەر ســروە شووی بەو کوڕەکــرد کە زیاتر لە یەک ســاڵ و نیو بوو یەکتریان خۆشدەویســت، هەموو خۆزگەیان ئەوەبوو ژیانێکی هاوبەشــی ئارام بەســەر ببەن، بەڵام لەبەر ناڕەزایی ماڵی سروە. بەبێ رەزامەندی ئــەوان بڕیاری پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرییان دا و، زەماوەندەکەیان تەنها لەنێو دڵی خۆیاندا گێڕاو مانگی هەنگوینیشیان پڕبوو لە ترس و دڵەراوکێــی پەیدابوونی ئەوانەی بــەدوای دەرفەتی تاڵکردنی ژیانیانەوە بوون "لێیان تاڵکردین، هەموو شتێکیان تێکدا".

کاژێر 9ی شــەوی2010/1/3 لەگەڕەکی رزگاری شــاری ســلێمانی،دەنگی رێژنــە گوللەیەکــی لەناکاو گەڕەکەکەی شــڵەژاند. پێش گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی رووداوەکە، هێرشــکەران هەڵاتن و پۆلیســیش تەرمی ئارام جەمال و ژنێکی تەمەن 22 ســاڵ یان بەناوی ســروە محەممەد ئەمین بە برینداری لە ماڵێکدا هێنایە دەرەوە. سروە بە برینداری لە نەخۆشخانە چیرۆکە تراژیدییەکەی خۆی و ئارامی هاوسەری بۆ (رووداو) گێڕایەوە.

جەمالی باوکی ئارام دەڵێت "ئارام ئۆقرەی لــێ بڕابوو، دەیگوت ئەگەر ســروەم بۆ داوا نەکەن خۆم دەکوژم، سروەش بەهەمانشێوە ئەوەی بەماڵی باوکی گوتبوو، بەڵام بەداخەوە ســێ جار چووینە داخوازی، پێیان نەداین". ئەو پیاوە کە هێشــتا بەسەر پشکۆی داخ و حەســرەت و مەرگی کوڕەکەیەوە راوەستاوە گوتیشــی "ئەوان چەند ســاڵێک لەمەوبەر هاتنــە داوای کچی من و پێمدان و ئێســتا کچێکی من بووکی ئەو ماڵەیە". باوکی ئارام دەڵێ ئەوانەی هێرشیانکردووەتە سەر ماڵی کوڕەکەی لەشــەوی 2010/1/3دا ژمارەیان 17 کەس بووە.

ئەگەرچــی ئارام و ســروە خەڵکــی قــەزای دووکانن و هەر لەوێ دادەنیشتن، بەڵام بڕیارە سـه خته كه یا ن ناچــاری کردن دوکان بەجێبهێڵن و روو لەسلێمانی بکەن تا دوور بن لەمەترســی پەلاماری براکانی سروە "ســروە و ئــارام ناچــار بــوون بەدزییەوە چوونە لای دادوەر و خۆیان لەیەک مارە کرد، پاشــتر خۆیان تەسلیمی پۆلیس کــرد، دواتر دادوەر کەســوکاری هەردوولای بانگ کردو پێیگوتین تازە ئەوان دەستگیرانی یەکتــرن و ئێوەش بیکەنە پیاوەتی"، باوکی ئارام گوتیشــی "ماڵی ســروەش رازیبوون، بەڵام گوتیان بەمەرجێــک نەیێنەوە دوکان، بەڵام پاشتر بەئاسایشم گوت ئەوانە جێگەی متمانە نین و هەر دەیانکوژن، کەچی گوێیان لێنەگرتم".

سروە کە بەئاســتەم قسەی بۆدەکرێت رووداوەکەی بەو شــێوەیە گێڕایەوە "ئارام نوســتبوو منیش لەحەمام بــووم، چەند کەســێک هاتنە نێو ماڵەکە دەســتیان بە تەقەکرد، کە چوومە دەرەوە بەپەلە ســەیرم کرد ئارام کوژراوەو دواتر چەند گوللەیەکیشیان بە منەوەنا". گوتیشی "بەچاوی خۆم براکەم و چەنــد خزمێکی خۆمانم بینی کە تەقەیان کرد".

سروە دەڵێ دووشــەو پێش ئەو رووداوە، ئەو و ئارام لە ســلێمانی لــە ماڵی خۆیان دانیشــتبوون و، ئارام زۆر قســەی خۆشی بۆکردووە و لە ســروەی پرسیوە : سروە تۆ لەمردن دەترسیت؟ "گوتم نا، ئەویــش گوتــی دەمنیش لەمردن ناترســم". سروە دەڵــێ کاتــی خــۆی بەڵێنی بە ئــارام دابوو ئــەو لەهەرشــوێنێک بێــت، ئەویــش بچێتە لای، ئەویش ئەو بەڵێنەی پێدابوو. سروە دەڵێ "بۆیە ئەگەر چاکیش ببمەوە هەر خۆم دەکــوژم و دەچمە لای ئارام".

ئــەوە زەنگێکــی مەترسیدارە لەلایەن سروەوە، پێویستە لەو بارەوە هوشیارییەکی تەواو هەبێت.

ســروە مشــتومڕی لەگــەڵ کارمەندانی نەخۆشخانەکەدەکرد،پزیشکەکان‌داوایاندەکرد سروە رێگەیان پێبدا "ئەشیعە" بۆ منداڵەکەی نێو ســکی بگرن، تاوەکو بزانن لەژیاندا ماوە یان نا، بەڵام ئەو رێگەی پێنەدەدان. ســروە بەگریانەوە بەپزیشکەکانی دەگوت "نامەوێت ئەوەی لەئارام بۆم بەجێدەمێنێت شــتێکی لێبێت، نابێت ئەشــیعەی بــۆ بگرن نەوەک بەوهۆیەوە بمرێت".

ئــازاد جەمالی برای ئارام، زۆر پەســنی براکــەی دەدا و دەڵێــت "ئــارام تابڵێــی کەسێکی لەسەرخۆو هێمن بوو، هەموو کەس خۆشیدەویست، ئەگەرچی ئەو قاچێکی تەواو نەبوو، بەڵام کەسێکی زۆر زیرەک بوو". سروە قسەکانی ئازادی پشتڕاستکردەوەو بەچاوی پڕ لەگریانەوە گوتی "رۆشــنایی چاوەکانی من ئارام بوو، لەپێناوی خۆشەویستی ئەودا بۆ هەموو شــتێک ئامادەبووم و ئێســتاش ئامادەم".

وەک باوکی ئارام باسیکرد ئێستا بکوژەکان هەڕەشــە لە برایەکی خۆیان دەکەن بەناوی رزگار، چونکــە ئەویش مێردی خوشــکێکی ئارامەو پەیوەندی لەگەڵ ماڵی ئارام و باوکی ئارام خۆشــبووە. ســروەو ئارام درانە بەر رێژنەی گوللەو نەیانهێشت ئارام نۆبەرەی خۆی ببینێت سروە دەڵێ "ئەو منداڵە جوانترین و پیرۆزترین یادگاری نێوان من و ئارامە".

عەمیــد نەجمەدیــن قــادر، بەڕێوەبەری پۆلیســی شــاری ســلێمانی لە بارەی ئەو رووداوە بــە (رووداو)ی راگەیانــد ئەو دوو بنەماڵەیە کێشــەی کۆمەڵایەتییان هەبووە، پێشــتر لە دووکان دانیشــتوون و ئێستا لە سلێمانی دادەنیشن، راشیگەیاند "بکوژەکان مام و برای ژنەکەن و سکاڵایان لەسەر تۆمار کراوە،پۆلیس فەرمانی دەســتگیرکردنی بۆ دەرکردوون، بەڵام خۆیان شــاردووەتەوەو تا ئێستا دەستگیر نەکراون".



ئارام و سروە تەنیا چوار مانگ پێکەوە ژیان

## لە هەولێر 7 ژن لەسەر ناموس کوژراون لە سلێمانی و دهۆکیش هیچ نەکوژراون

# کوشتنی ژنان لەسەر نامووس کەم دەبێتەوە

سۆران بەهائەددین
رووداو-هەولێر

لە چێشــتەنگاوێکدا شەوبۆ .ع، تەمەن 20ساڵ، بە زمانی بە رۆژووەوە بە تەلەفۆن قســەی لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەکرد، لەو کاتەی زڕخوشکەکانی بە تەلەفۆن باوکیان ئاگادار کردەوە ئەویش بەپەلە خۆی گەیاندەوە ماڵ و بێ ئەوەی هیچ قســەیەک بکات، شەوبۆی دایە بەر گوللە و کوشتی.

تا چەند ساڵێکیش بەر لە ئێستا کوشتنی ژنان لەسەر نامووس ببووە دیاردەیەک، بەڵام لەو چەند ســاڵەی دواییدا کوشــتنی ژنان لەژێر ئەو ناوەدا رووی لە کەمی کردووە، بە تایبەتیش لە سەنتەری شارەکان خەریکە بەرەو نەمان دەچێت. حکومەتیش دووساڵ پێش ئێستا جیاواز لە عێراق، ئەوەی وەک تاوانێکی کوشتن هەژمارکرد.

بەپێی ئاماری وەزارەتی پێشــووی مافی مرۆڤ، لە ساڵی2008 لە کوردستان 117ژن کوژراون (52 هەولێر، 43 سلێمانی، 22دهۆک)، بەڵام بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی کوردستان لە ساڵی2009 لە کوردستان 17 ژن لەسەر نامووس کوژراون (7 لە هەولێر، 1 لە ســۆران، 9 لە گەرمیان).

هەرچەندە لە ئاینی ئیسلامدا بــە هەمــوو شــێوەیەک حەرامکراوە کچان لەسەر پەیوەندی سۆزداری بکوژرێن، تەنانەت ئەگەر زیناشیان کرد، تەنیا دەبێت دادوەر تەمبێی بکات نەک کوشــتن، بەڵام لەکۆمەڵگەی کوردی کە زۆرینە موسڵمانە بێ رەچاوکردنی ئاینەکەیان کچان لەســەر پەیوەندی ســۆزداری دەکوژرێن، شەوبۆ لە رۆژی 2009/9/3 لە گەڕەکی قەتەوی هەولێر، لەسەر ئەوەی مۆبایلی پێگیرا بە دەستی باوکی کوژرا.

بەبڕوای هــاوڕاز ئەحمەد ئەندامــی پەرلەمانی کوردســتان، خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و ئامێرە تەکنەلۆژییە نوێیەکان کاریگەریان لەسەر کوشتنی ژنان هەیــە، بەڵام ئەگەر لێپێچینەوە هەبێت، پیاو دەستی ناچێتە کوشتنی ژنێک، یاساش پشتگیری لێپێچینەوە دەکات "هەموارکردنی یاسای کڕینەوەی شەرەف لەلایەن پەرلەمانەوە خزمەتی باش بە ژن دەکات، بەڵام یاساکان بە تەواوی جێبەجێ ناکرێن، ئەوانەی دەبێ یاساکانی جێبەجێ بکەن، خۆشیان زانیارییان لەسەر یاساکە نییە".

زۆرجار کوشــتنی ژنان لەســەر ناموس جێگەی شانازی بنەماڵەیە. دوای کوشتنی ئاوات. ک،تەمەن 25 ساڵ، لەلایەن براکەیەوە لە رۆژی 2009/7/10 لە ناحیەی رزگاری هەولێر، مێردی ئاوات لە کاتی وەرگرتنەوەی تەرمی ژنەکەی شانازی بە برای ژنەکەیەوە کردبوو، بەپۆلیســی گوتبوو "برای ژنەکەم شــەرەفی من و خۆی کڕیووەتەوە، سکاڵام لەسەری نییە".

بەڕێوبەرایەتــی بەدواداچوونــی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێــر، بەردەوام بەدواداچوون بۆ توندوتیژییەکانی‌بەرامبەرژنان‌دەکات.نەقیب‌ژیلەمۆ عەبدولقادر کە بەڕێوبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییەیە لە هەولێــر، گوتی" لەکاتی کوشــتنی ژنێک فەرمانی گرتنــی تۆمەتبــاران دەردەکەین، هەمــوو بازگەو فڕۆکەخانەو بنکەی پۆلیس و شــوێنە گشتییەکان لــە فەرمانی گرتنی ئاگادار دەکەینەوە، وێنەیان لە سایت و رۆژنامەکان بڵاودەکەینەوە".

بەپێی ئامــاری یەکێتی ژنانی کوردســتان لە ســلێمانی، ئەو ژنانەی هەڕەشــەیان لەسەر بووە ئەمساڵ کەمتربووە لەپار. ســاڵی 2008زیاتر لە 100کەس هانای بۆ رێکخراوەکەیان برد، بەڵام لە ســاڵی2009 تەنیا 80 ژن پەنــای بۆ بردوون کە هەڕەشەی کوشتیان لەسەر بووە.

لەیلا عەبدوڵــڵا، بەڕێوەبەری لانــەی ئارام لە سلێمانی کە ســەر بە یەکێتی ژنانی کوردستانە، بەپێویستی دەزانێ یاسا ــا توندتر بکرێت لەسەر بکوژانــی ژن، چونکە زۆرجار کوشــتنی ژنێک لە رێگەی عەشایرییەوە چارەسەر دەکرێت "لە سلێمانی جار هەبووە ژنێک کوژراوە لە رێگەی عەشایرییەوە چارەسەرکراوە و نەیانهێشتووە بگاتە یاسا".

بەپێی شــەریعەتی ئیسلامی بۆ ئەوەی لەسەر یەکێک بســەلمێنرێت کە زینای کردووە، دەبێ لە یەک کاتدا چوار شاهێد کردەوەکە بەتەواوی ببینن و لە دادگا شاهێدی وەک یەک بدەن، ئینجا ئەگەر ژن بوو یان پیاو بەردباران دەکرێن، بەو مەرجەی حوکمی ئیسلامی بێت.

پیاوێکی دانیشتووی خەبات ژنەکەی بە ناوی مەهاباد .م، 27ساڵ، دایکی 4منداڵ، رۆژی 2009/10/31 بــە تۆمەتــی ناموس کوشــت، (رووداو) دوای کوشــتنی مەهاباد بە تەلەفۆن پەیوەندی بــە مێردی مەهابادەوە کرد، ئەو هیچ پەشــیمان نەبوو لە کوشتنی ژنەکەی و دەیگوت "دەمەوێت بەسەر بەرزی بژیم، بەچاوی خۆم کاری خراپم لێ بینی".

کولتــوری کۆمەڵگــە وایکردووە بکــوژان لە کوشتنی ژنانیان پەشیمان نەبنەوە. خ.ع، تەمەن 65 ســاڵ، دوای ئەوەی 11منداڵی لە ژنەکەی بوو لەســەر ناموس کوشــتی، لە زیندان بۆ (رووداو) دەیگوت "هەرگیز پەشیمان نیم، ئێستاش ژنەکەم زیندوو بێتەوە دەیکوژمەوە".

لەو چەند ســاڵەی دوایی دیاردەکە بەبەراورد لەگەڵ رابردوو کەمی کــردووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی پۆلیس رێوشوێنەکانی بەرامبەر بە کوشتنی ژنان توندتر کرد. هیوا رەسول، 25 ساڵ، پێیوایە کەم کەس لەم ســەردەمە لەسەر ژنەکەی خۆی تووشی کێشە دەکات، ئەگەر شتی خراپیشی لێ بینی تەڵاقی دەدات، هیوا نموونەی ناسیاوێکی خۆی دێنێتەوە کە بە چاوی خۆی پیاوێکی لەگەڵ ژنەکەی بینیوە، ژنەکەی نەکوشتووە "تەنیا تەڵاقیدا، ژنەکە بەقەدەر کوشتنێک ئازار دەخوات، سەیرە هەندێک پیاو خۆیان بۆ ژن دەکەنە دوژمندار".

بەشێک لەوانەی دەســتیان لە کوشتنی ژنان هەیە لە پاڵ بەرپرس و ســەرۆک عەشیرەتەکان خۆیــان حەشــار دەدەن، هــاوڕاز پێیوایە ئەوە هۆکارێکی بەهێزە بۆ بەردەوامی کوشــتنی ژنان، چونکە "کاتێک ئەوانەی تاوان دەکەن هەست بەوە دەکەن دەپارێزرێن و ناخرێنە بەردەم یاســا، هیچ شتێک لەبەردەمیان نامێنێت، ببێتە رێگر دەست لەو تاوانە هەڵبگرن".

زۆربــەی ئەوانەی کە ژن و کچیان کوشــتووە هەڵاتوون و پۆلیســی کوردستانیش بەزۆری هەتا تاوانبار خۆی رادەستی پۆلیس نەکات ئۆپەراسیۆن ناکەن بۆ گرتنیــان. عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوبەری پۆلیسی هەولێر، بە (رووداو)ی راگەیاند " هیچ کەسێک نییە لە هەولێر دەستی لە کوشتنی ژنێــک هەبێت و دەســتگیر نەکرابێــت، مەگەر هەڵاتبێتە دەرەوەی کوردســتان یان ناوچەکانی دیکەی عێراق"، بەڵام هەندێجار دەگوترێ ژنکوژان لە بازاڕ بە ئازادی پیاسە دەکەن . ئەو بەڕێوەبەرەی پۆلیس دەڵێ " شتی وانییە لە بازاڕ پیاسە بکات، ئەگەر یەکێکیش هەواڵمان پێبدات کە تۆمەتبارێک لە فلان شوێنە، هێزی پۆلیس دەنێرین دەستگیری دەکەین".

بەڕێوبەری پۆلیسی هەولێر باسی لەوە دەکرد دۆســیەی ئەو کەســانەی تۆمەتبارن بە کوشتن داناخرێــت و هەیە 13ســاڵ بــوو هەڵاتبوو کە خوشکی کوشتبوو ئەمساڵ دەستگیرکرا "هەتا 15ســاڵ دۆسیەیان هەر دەمێنێت دوای ئەو کاتە دەبێ سکاڵا تۆمار بکرێتەوە".




# کەژاڵ دوای کوشتنی به تایەی ئۆتۆمبێل ئاگری لەسەر هەڵکرا

رووداو- چەمچەماڵ

دوای ئەوەی کەژاڵ محەممەدی کوشت، تایەکی ئۆتۆمبێلیشی لەســەر ســینگی ئاگر تێبەردا، بەڵام ئەو تاوانبارە تائێســتا دەسگیرنەکراوەو پۆلیســی چەمچەماڵ دەڵێ " بکوژەکە ناوی (ن.ح)ەو هەوڵی دەستگیرکردنی دەدەین".

رۆژی 2010/1/7 لەسەر رێگەی نێوان چەمچەماڵ-سلێمانی، کچێکی تەمەن 34 ساڵ، بە نێوی کەژاڵ محەممەد، دانیشتووی ناحیەی شــۆڕش لەلایەن کەســێکەوە درایە بەر گوللە و دوای کوشتنی، تایەیەکی ئۆتۆمبێلی لەسەر سینگی سووتاند و بەشێکی زۆر لە جەستەی سووتا.

دراوســێیەکی ماڵی کەژاڵ، کە نەیویست ناوی بهێندرێ، بە (رووداو)ی راگەیاند"کەژاڵ بە مەبەســتی کڕینی بەرگە سەرین چووبــووە چەمچەماڵ و، دواتر نەگەڕایەوە"، ئەو دراوســێیەی کەژاڵ گوتی "ماڵی کەژاڵ لە ناحیەی شۆرشــە و، سێ منداڵی برازایەکی بەخێودەکات، کاتێک لە ماڵ دەرچووە نەگەڕاوەتەوە، بەڵام دواتر کەسێک تەلەفۆن بۆ خێزانەکەی دەکات و دەڵێت: من کچەکەتانم کوشتووەو سووتاندوومە".

عەمیــد دارا عەبدوڵــڵا، بەڕێوەبەری پۆلیســی چەمچەماڵ، سەبارەت بە کوشتنی کەژاڵ بە (رووداو)ی راگەیاند " ئەو کەسەی کەژاڵی کوشــتووە ناسراوەتەوەو ناوی (ن.ح)ە چەند جارێکیش مەفرەزەمان بۆ رەوانە کردووە، بەڵام تا ئێستا دەستگیر نەکراوە، چونکە شوێنی نادیارە". بەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ هۆکاری کوشــتنی کەژاڵ بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە "کێشــەیەکی خێزانی لەنێوان ئەو دوو بنەماڵــەدا هەبووە، بۆیە ئەو کوڕە ئەو کچەی رفاندووەو کوشــتوویەتی، دوای کوشتنیش ئاگری لە جەستەی بەرداوە". عەمید دارا گوتیشی "هەر کاتێک زانیاریمان لەسەر بکوژ دەستکەوت لە هەر شوێنێک بێ دەستگیری دەکەین".

بەپێی راپۆرتی پزیشــکی بەشی فریاکەوتنی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی چەمچەماڵ دەرکەوتووە، کەژاڵ وێڕای ئەوەی چەند گوللەیەکی لێدراوە، 50% ی جەستەشی سووتێندراوە.

لەلایەکی دیکەوە 14 رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سنووری چەمچەماڵ بەیاننامەیەکیــان دەرکردو داوا لە هێزەکانی پۆلیس دەکەن دەستبەجێ بکوژی کەژاڵ دەستگیر بکەن و رێگەش بگرن لە دیاردەی تەقە کردن لە ژنان، چونکە وەک لە بەیاننامەی ئەو 14 رێکخراوەدا ئاماژەی پێدراوە، هەر ئەو هەفتەیە لە ســنووری ناوچەکە تەقە لە ژنێکی دیکەش کراوە.

# کۆمەڵایەتی

## باوکێک و کچە3 مانگییەکەی لە ئۆتۆمبێلدا سووتان



**رووداو-زاخۆ**

رۆژی 2010/1/8 لە نزیک گوندی (ئەڤلە و پیربلا) ئاگر بەر بووە ئۆتۆمبێلی هاووڵاتی جەمیل محەممەد عوسمان، کە لە جۆری مازدا ستەیشن بوو، لە ئەنجامدا خاوەنی ئۆتۆمبێلەکە و کچەکەی کە تەمەنی 3 مانگ بوو سووتان و گیانیان لەدەستدا. بەپێی قسەی پۆلیسی زاخۆ ئاگرەکە لە ئەنجامی شۆرتێکی کارەبایی لەنێو ئۆتۆمبێلەکە دروستبووەو بووەتە هۆی تەقینی تانکی بەنزینی ئۆتۆمبێلەکە و ئاگر تێبەربوونی.

# وردەکارییەکانی کارەساتی کوشتنی دوو منداڵەکە لەلایەن باوکە نابیناکەیان

## "پەشیمان نیم لە کوشتنی منداڵەکانم، ئەوان دەچنە بە هەشت و خۆشم تۆبە دەکەم و خودا لێم خۆشدەبێت"



سۆران بەهائەددین
Soran2025@yahoo.com

**رووداو-هەولێر**

سامان بەردەوام خەفەتی لەوە دەخوارد کە ناتوانێ بە چاوەکانی خۆی جگەرگۆشەکانی ببینێ، ئێوارەیەک بە بیانووی بردنیان بۆ پارک، دەستی کوڕە حەوت ساڵەکەی دەگرێت و کچە یەک ساڵییەکەشی لە باوەشدەکات، بەڵام دوایی لە چۆڵەوانییەک هەردوو منداڵەکەی کوشتن.

رۆژی 2010/1/2 پیاوێکی نابینا بەناوی سامان سەباح سابیر، تەمەن 29 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی سەروەرانی هەولێر، هەردوو منداڵەکەی (سیراجەدین،تەمەن 7ساڵ. سیڤان، تەمەن 1ساڵ) لە چۆڵەوانییەک لە نزیک گوندی بێستانە (25کیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتی هەولێر) بە کلاشینکۆف کوشت . دوای رووداوەکە پۆلیس دەستگیری کردو ئێستا لە زیندانی گرتن و گواستنەوەی هەولێر (محەتە) راگیراوە.

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئامادەنەبوو لە بارەی کوشتنی ئەو دوو منداڵەوە هیچ لێدوانێک بدات و گوتی "ئەو رووداوە هێشتا ماویەتی". بەپێی توێکاری پزیشکیی دادوەریی کوردستان لە نەخۆشخانەی رزگاری هەولێر، سیراجەدین و سیڤان بە گوللە لەسەریان دراوەو دەستبەجێ گیانیان دەرچووە.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی قەزای دەشتی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، پۆلیس سەبارەت بە کوشتنی ئەو دوو منداڵە نەگەیشتووەتە ئەنجامی کۆتایی و نازانن ئەو باوکە بۆچی جگەرگۆشەکانی کوشتووە "دڵنیاین کە سامان خۆی بکوژە، بەڵام نازانین کێ ئەوی گەیاندووەتە ئەو چۆڵەوانییە، ئەگەر ئەو شۆفێرە دەستگیر بکرێت کە ئەوانی گەیاندووەتە ئەوێ، رەنگە سەرەداوێکی باش بێت بۆ ئاشکراکردنی رووداوەکە".

سامان پێشمەرگەی پارتی بوو، لە ساڵی 1998 لە شەڕی نێوان پارتی و PKK بریندارئبووەو بینایی لەدەستداوە، مینی پێدا تەقیوەتەوە . ئەو ماوەی 10ساڵە لەگەڵ فەریدە محەممەد عوسمان، ژیانی هاوسەری پێکهێناوە. سیراجەددینی کوڕی قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بوو.

محەممەد عوسمان، باوکی فەریدە بە خەمێکی قوڵەوە بۆ نەوەکەی گوتی "سیراجەدین قوتابییەکی زۆر زیرەک بوو".

یەکێک لە دراوسێکانی سامان ئاماژەی بەوەدا سامان و ژنەکەی زۆرجار کێشەیان لەگەڵ یەک هەبووە، بەڵام ئەو ماوەیە زۆر لەگەڵ یەک باشبوون. دراوسێکەی سامان گوتیشی ساڵێک لەمەوبەریش سامان هەوڵی کوشتنی منداڵەکانی دا "سامان گوتبووی منداڵەکان دەخنکێنم، ژنەکەی هاواری کرد، ئێمە بەهاوارییەوە چووین، ژنەکەی منداڵەکەی لە ژوورێک کردبوو لە ترسان"، ئێستاش کە سامان تاوانەکەی کردووە، ئەو دراوسێیەی ماڵی سامان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە دەڵێ "هەمووومان بەو کارەساتە تاساوین".

فەریدە سێ رۆژ دوای کوژرانی هەردوو منداڵەکەی لەنێو ماڵی باوکی قسەی بۆ (رووداو) کرد و، باسی رۆژی رووداوەکەی گێڕایەوە "ئەو رۆژە سامان چووە بازاڕ و کلاشینکۆفێکی کڕی"، هەرچەندە فەریدە دەڵێ ئەو زۆر ناڕازی بووە بەو چەک کڕینە، بەڵام سامان گوتوویەتی کارمان پێیدەبێت.

سیراجەددین دوای دوو هەفتە لە پشووی نیوە ساڵ، لە یەکەم رۆژی چوونەوە بۆ قوتابخانە، دوای ئەوەی لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە، باوکی بە فەریدەی هاوسەری دەڵێت "سیراجەددین و سیڤان دەبەمە باخچەیەک و پیاسەیەک دەکەین"، وەک فەریدە ئاماژەی پێدا ئەو رۆژە زۆر ساردبوو، لەبەر ئەوە حەزی نەکردووە بچنە دەرەوە، بەڵام هەرچووەو کچە شیرەخۆرەکەیشی (سیڤان) لە باوەشکردووەو چوونەتە دەرەوە "من خەریکی چاککردنەوەی تانکی بووم، گوتی تۆ لەماڵ بە، بە تەنیا دەچم".

سیراجەددین لە خۆشی یاریکردن لە نێو پارک و سیڤانیش بە باوەشیەوە لەگەڵ باوکیان چوونەتە دەرەوە، بێ ئاگا لەوەی مەرگ چاوەڕێیان دەکات. دوای چوونە دەرەوەیان تا مەغریب فەریدە تەلەفۆنیان بۆ دەکات و دەڵێت وەرنەوە شیر دەدەمە سیڤان، بەڵام سامان دەڵێت عیشا تەلەفۆنم بۆ بکەو پاشان تەلەفۆنەکەی دەکەوێتە دەرەوەی بازنە، فەریدەش باوکی سامان و خزمەکانی ئاگادار دەکاتەوە.

هەموو خەریکی گەڕان دەبن بەدوای سامان و منداڵەکانی لە باخچەکانی هەولێر، لەناکاو سامان تەلەفۆن بۆ کوڕە پورێکی دەکات و پێیدەڵێت وا لەلای بێستانەم نازانم بێمەوە، بە تەنیا وەرە دوام. دوای چوونیان دەبینن سامان بە لادا دەڕوات و گێژ بووە، لاشەی هەردوو منداڵەکەیشی لەوێ کەوتوون.

سامان گوللەیەکی لەنێو دەمی سیراجەدین دابوو، 3 گوللەیشی لە دەست و سینگ و سەری سیڤان دابوو.

سامان لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا، دانی بە تاوانەکەدا ناوەو هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە نەیتوانیوە سۆزی باوکایەتی بە منداڵەکانی بدات، هەروەها دانی بەوەش داناوە، چەند رۆژێک بەر لە تاوانەکەی ژەهری داوەتە یەکێک لە منداڵەکانی بۆ ئەوەی بمرێت.

هەرچەندە لەسەرەتادا وابڵاوکرایەوە، کە ئەو باوکە لەبەر هەژاری دوو منداڵەکەی خۆی کوشتووە. بەڵام فەریدەی هاوسەری سامان، کە سکاڵای لە دژی مێردەکەی تۆمارکردووەو داوا دەکات لە سێدارە بدرێ. بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوان هیچ کێشەیان نەبووەو باری ئابووریشیان زۆر باشە، دوو خانوویان هەیە، ئەوەی سەروەران کە حکومەت پێیدابوو، خانووێکیش لە دارەتوو کە کڕیویانە و بەکرێیان داوەتەوە. هەروەها سامان 3 مووچەی هەیە، یەکێکیان بەهۆی کەمئەدامبوونیەوە وەک پێشمەرگەی خانەنشین وەریدەگرێ، یەکێکیشیان وەک کەمئەندامی و ئەویتریشیان یارمەتییەکی 150هەزار دیناریيە لە فەرماندەیی پێشمەرگە. فەریدە هەروەها گوتی، ئەوان سەیارەکیشیان هەبوو، بەودواییە سامان فرۆشتی.

فەریدە باسی لەوە دەکرد کە سامان زۆرکات دەگریا، دەیگوت لەبەرئەوەی ناتوانم منداڵەکانم ببینم و زۆر خۆشمدەوێن بۆیە دەگرییێم "دەمگوت خۆ من دەیانبینم، دەیگوت جا بە من چی، خۆ من نایانبینم".

گۆران محەممەد، برای فەریدە کە لەگەڵ خوشکەکەی ئامادەی لێکۆڵینەوە بووە لەگەڵ سامان دەڵێت "سامان لەلای دادوەر دەیگوت لەبەرئەوەی سۆزی منداڵەکانم پێنەدەدرا و سکم دەسووتا، بۆیە ئەوانم کوشت، پەشیمانیش نیم، منداڵەکانم رەوانەی بەهەشت کرد، نەمدەویست گەورە ببن و تووشی تاوان بن، منیش تۆبە دەکەم و خودا لێم خۆشدەبێت".

فەرمانی برای فەریدەش ئاماژەی بەوەدا بەگوێرەی زانیارییەکان چەند رۆژێک زووتر چاڵێک لەو شوێنە لێ درابوو کە خوارزاکانی لێ کوژراوەو، گومان دەکات لایەنێکی سیاسی لە پشت ئەو کارەوە بێت، ئەگینا سامان ئەو قسانە چۆن دەکات "دەترسێم بڵێن شێتەو ئازاد بکرێ و مافی خوشکەکەم و منداڵەکانیشی بسووتێت".

فەریدە هەر دڵی لەلای منداڵەکانی بوو، ئاخر ئەو چیتر چاوی پێناکەونەوە . سیراجەدین بەخۆی و جانتاکەیەوە لە قوتابخانە بگەڕێتەوە. فەریدە دەڵێ "سیراجەدین زۆر زیرەک بوو، دەستی باوکی دەگرت و دەیبردە بازاڕ، دەهاتەوە ماڵ سەلامی دەکرد، چەند سورەتێکی قورئانی پیرۆزی لەبەرکردبوو، دەچووە مزگەوت".





سیراجەددین سامان ، تەمەن 7ساڵ



خانووی سامان سەباح لە گەڕەکی سەروەرانی هەولێر، خانوویەکی دیکەشی لە دارەتوو هەیە (فۆتۆ:رووداو)



تامان شاکر

# "هەی ژنانی"

لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست چونکە تاک ئازاد نییە، هیچ کاتێک تاکەکان نەبوونەتە شوێنی بایەخی دەسەڵاتدارانی ئەم ناوچەیە، تاکەکان بە ئیرادەی ئەوانیتر هەڵسوکەوت دەکەن، بۆ ئەوەی رەزامەندی خەڵک بەدەستبێنن. ئەو کارانەی تاک لە ژیانیدا ئەنجامیان دەدات، هەمیشە تووشی دڵەڕاوکێی دەکەن چونکە بە ترسەوە دەستیان بۆ دەبات. بۆیە پێویستیمان بە دامەزراوەو رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، بە مەرجێک لە مەبەستی کارەکە تێبگەن.

رێکخراوەکانی ژنان بۆ داکۆکی لە مافەکانی ژنان دروستبوون، بەڵام زۆرجار ئەو ژنانەی ناتوانن داکۆکی لە مافەکانیان بکەن، دەکەونە ژێر پەلاماری کەسانی دوورو نزیک لە خۆیان، دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بە ژنان، لەگەڵ چارەسەرکردنی کۆمەڵێک کێشە، لە هەمانکاتدا هەندێک کێشەی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا، بەهۆی نەخوێندنەوەی عەقڵی کۆمەڵگەو پیاوی کورد. پیاوی کورد شانازی بە پیاوبوونی خۆیەوە دەکات، کاتێک بیەوێ سووکایەتی بە هاورەگەزەکانی خۆی بکات، پێیدەڵێ ژنانی، وەک ئەوەی ژن بوون سوکایەتی بێت.

بۆیە پیاوی کورد هیچ کاتێک لەو ژنە نابوورێ، ئەگەر دایکی دە منداڵیش بێت بڕوا لە دادگا شکاتی لێبکات و بیخاتە زیندانەوە. زۆرینەی ئەو پیاوانەی لە زیندان ئازاد دەبن، دەڵێن چۆن لەگەڵ ژنێک دابنیشم کە شکاتی لێکردووم، یەکسەر سێ بەسێ تەلاقی دەدات. چونکە لەمەودوا بە چاوی دوژمن سەیری دەکات، نەک هاوژینی خۆی، ئەگەرچی لە ناخییەوە دڵنیایە کە خۆی تاوانبارە، بەڵام پیاوەتی رێگرە لەبەردەم وتنی حەقدا.

بۆیە لە ئێستاوە دەبێ بیر لە دامەزراندنی ماڵێک بۆ پیاوان بکەینەوە، بۆ ئەو پیاوانەی کە پڕاوپڕن لە توندوتیژی و کەللە رەقی، لەو ماڵانەدا فێری ئەوەیان بکەین کە چۆن لە ژیاندا بەسەر تووڕەبوونیاندا زاڵ بن و کۆنترۆڵی هەستەکانی خۆیان دەکەن، لەسەر کێشەی بچووک شەڕی گەورە نانێنەوە و فێر دەبن چۆن رێز لە ژن و منداڵەکانیان بگرن. لەم ماڵەدا کە ناوی زیندان نییە، پیاوان لە پیاوەتیان کەم نابێتەوە، کەرامەتیان ناروشێت.

ئەم بیرۆکەیە دەبوایە یەکێتی پیاوانی کوردستان بیریان لێبکردایەوە، کە خۆیان بە داکۆکیکاری مافەکانی پیاوان دەزانن، یان ئەوەتا وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی یان وەزارەتی ناوخۆ ئەم ئەرکە بخەنە ئەستۆی خۆیان و پیاوەتی پیاوە توندوتیژەکان لە بریندار بوون رزگار بکەن.

بەوەش کاری دادگاکان و رێژەی جیابوونەوەش کەمتر دەبێتەوە، چونکە دوایی دەترسم وەک وڵاتی میسرمان لێبێت، نزیکەی چوار ملیۆن پیاو بە دوای مافی خۆیان بگەڕێن لە دادگا، دوای ئەوەی لەلایەن ژنەکانیانەوە لەماڵ دەردەکرێن،چونکە تەڵاق بە دەست ژنەکانیانەوە بووە . سەیرەکەش لەوەدایە پیاوان هەمیشە خۆیان بە بەشخوراو دەزانن و دەڵێن ئێوە تەنها باسی مافی ژن دەکەن، باسی مافی پیاو ناکەن، ئەوا ئەمجارە باسی مافی ئێوەشمان کرد، ئێوەش دەتوانن داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بکەن، ماڵێک بۆ لەنێوبردنی توڕەییتان بکەنەوە، چونکە دڵنیام ئێوە چەند تووڕە بن و لایەنی دەروونیشتان خراپ بێت سەردانی پزیشکی دەروونی ناکەن، لە ترسی ئەوەی نەوەک خەڵک بە شێتتان بزانێت، کەواتە ماڵێکی ئاوا بۆ هێمنکردنەوەی ئێوە، کۆمەڵێک کێشەمان لە کۆڵ دەکاتەوەو تۆزێک لە دەرەوەش رووومان سپی دەبێتەوە.

# نابینایانی سلێمانی بەدوای کاک ئەحمەدی شێخدا دەگەڕێن

## قورئانخوێنێکی نابینا: قورئان خوێنە چاوساخەکان زۆر دڵڕەقانە نانی ئێمەیان بڕیوە

**رووداو-سلێمانی**

دوای تێکدانی دەستوورەکەی کاک ئەحمەدی شێخ لە سلێمانی، پشت چاویلکە رەشەکانی مەلا نەسرەدین هێندەی دی تاریک بوون. سلێمانی بۆ ئەو، چیتر ئەو شارە نییە کە بتوانێ دوور لەخەمی نان، میحنەتی نابینایی بەدوای خۆیدا رابکێشێت و نازانێ دەردە دڵی خۆی لە چ کەنارێکەوە بۆ کێ هەڵبڕێژێت "قسەکردن بێسوودە، کەس گوێ لەئێمە ناگرێت ". ئێستا نابیناکان تەنها خوداو گۆچانەکەی دەستیان شک دەبەن.

نزیکەی 200 ساڵ لەمەوبەر کە نابینایان بەسەردەمی هەڵاتنی خۆری زێڕینی خۆیانی دەزانن، کاک ئەحمەدی شێخ لەپێناو نابینایاندا ئەوەی کردە نەریتێک کە بۆنە ئاینیەکانی وەک مەولودنامەو پرسەو تەلقینی سەرقەبران وخەتمی قورئان لەلایەن مەلا نابیناکانەوە بەڕێوەبچێ وهەر لەو رێگەیەوە ئەوان دەیانتوانی سەرچاوەی ژیانی خۆیان دابین بکەن، بەڵام ئێستا زیاتر لە150مەلا و قورئانخوێنی نابینای شاری سلێمانی گلەیی ئەوە دەکەن کە ئەو دەستوورە تێکدراوەو لەلایەن چاوساخەکانەوە نانبڕاو کراون.

> **ئەگەر خەڵک خێری دەوێ با نابیناکان ببەن بۆ قورئانخوێندنی پرسە**
>
> بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی

مەلا شوکر ئەفەندی دەڵێ لە " دوای وەفاتی کاک ئەحمەدی شێخەوە، کەس نییە بەرگری لەنابینایان بکات". ئەو پیاوە تەمەن 56 ساڵە کە بە دووچاوی خاڵی لەڕۆشناییەوە شەش سەر خێزانیش بەخێو دەکات گوتی "ئێستا هەندێک گەنج پەیدابوون هەمووشتێکیان گۆڕیوەو لەپرسەکاندا جگە لەقورئان خوێندن، شیعرو شانامەو لاواندنەوەی مردووش دەخوێننەوە،نانی ئێمەشیان بڕیوە". مەلا شوکر ئەو گەنجانە بە"بێویژدان" ناودەبات و دەڵێ "بۆ هەر پرسەیەک 500 دۆلار وەردەگرن، بەڵام ئێمە بە100هەزار دیناریش رازین، کەچی خەڵک هەر ئەوانی دەوێ".

لەگەڵ بەرەبەیاندا، یەک لەدوای یەک مەلا نابیناکان بەشوێن گۆچانەکانیانەوە خۆیان دەگەیێننە مزگەوتی گەورەی سلێمانی، ئەگەرچی قوتابخانەی شێخ مەعروفی نۆدێیی تایبەت بەنابینایان لەوێیە، کەچی هیوایەکی دی ئەوان لەوێ کۆدەکاتەوە تا کەسێک داوایان لێبکات لەپرسەکەیاندا قورئان بخوێنن. مەلا مەحمود قادر، 37 ساڵ، کە جار بەجار بۆ بیستنی قسەیەکی خۆش سەری لەمەلا نەسرەدین نزیک دەکاتەوە گوتی "ئێستا وای لێهاتووە بەشەش مانگ جارێکیش کەس نایێت بەدواماندا". لەناخی ئەویشدا کۆڵێک گلەیی هەیە نازانێ لەبەربای چ دڵسۆزێکدا شەنی بکات. مەلا مەحمود دەڵێ خەڵک ئێستا کە پرسەی هەیە بەدوای قورئان خوێنی دەنگ خۆشدا دەگەڕێت "ئێ خۆ ئێمەش دەنگ خۆشمان تێدایە". مەلا مەحمود هێشتا پێکەنینی ئەو هەواڵە بەسەر لێوەکانیەوەیەتی کە لە مەلا نەسرەدینی بیستووە "یەکێک لەخاوەن پرسەکانی سلێمانی دوای ئەوەی پارەی داوە بەقورئانخوێنێکی نابینا، پێشیگوتووە لێت حەرام بێت مادام دەنگت ئەوەندە ناخۆشە".

سەید حەسەن عەلی بەڕێوەبەری خوێندنگەی شێخ مەعروفی نۆدێیی تایبەت بە نابینایان گلەیی لە چاوساخەکان دەکات کە خودا چاوی پێبەخشیون، بەڵام ناچن بەدوای کاسبییەکدا و نانی ئەوان دەخۆن. سەید حەسەن گوتی "ئێمە 150 نابینایین هەموومان قورئانمان لەبەرەو ئیشوکارمان لەسەرخوێندنی قورئان بووە لەپرسەو سەرقەبران و مەولودەکاندا". وەک ئەو دەرگای نیگەرانییەکانی خۆیی و هاوشێوەکانی دەخاتە سەرپشت، ئێستا کۆمەڵێک گەنجی چاوساخ ئیشەکەی ئەوانیان داگیرکردووە "لەکاتێکدا ئەوان بەنرخی خەیاڵی دەڕۆن و خەڵکەکەش بەزەییان بەئێمەدا نایێتەوە". سەید حەسەن رووی دەمی لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف دەکات و دەڵێ بۆچی بانگیان ناکەن و سنوورێکیان بۆ دانانێن؟. مەلا شوکریش پێی باشە ئەوقاف بڕیارێک دەربکات تاوەکو هەر نەبێت بەهاوبەشی بچنە پرسەکانەوە.

> **چاوساخەکان ئیشەکەی ئێمەیان داگیر کردووە**
>
> بەڕێوەبەری قوتابخانەی شێخ مەعروف نۆدێی

یەکێک لەو قورئان خوێنە گەنجانەی کە نەیویست ناوی بکەوێتە سەر رووپەڕی رۆژنامە دەڵێ ئێمە رسقی کەسمان نەخواردووەو بۆ بازرگانی کردنیش ناچین "خەڵک خۆی داوامان دەکات". گوتیشی ژمارە مۆبایلیان لای خەڵکە و پەیوەندییان پێوە دەکەن "باخەڵک خۆی وەڵام بداتەوە کە بۆچی نابینایان ناوێت". ئەو قورئانخوێنە گەنجە دەڵێ "زۆرترین پارە کەلەپرسەدا پێمدرابێت 300 هەزار دینار بووە".

ئاکۆ حەسەن، بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی پشتی نابیناکان دەگرێت و دەڵێ "چی بکەین خەڵک بەدوای قورئان خوێنی دەنگ خۆشدا دەگەڕێت و دەنگ خۆشەکانیش لەبەر ئەوەی کەمن، داوای نرخی خەیاڵی دەکەن". گوتیشی "ئێمە نرخمان دیاریکردووەو لەبەرامبەر قورئانخوێندنی هەر رۆژێکی پرسە بڕی 60 هەزار دیناری چاپی نوێیە، بەڵام کەس کار بەو بڕیارە ناکات". بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی، داوا لە خەڵک دەکات پشت لە نابینایان نەکەن " ئەگەر خەڵک دەیەوێت خێری بگاتێ با نابینایان ببات بۆ پرسە و مەولود خوێندنەوە".

سەرۆکی یەکێتی نابینایانی کوردستان بۆخۆی پێی خۆش نییە مەلایانی نابینا پشت بەقورئانخوێندنی پرسەو سەرقەبران ببەستن و دەڵێ ئێمە هەوڵدەدەین بەرەو خوێندن هەنگاو بنێین و بەشداری لەپرۆسەی فێربوونی هاوچەرخانە بکەن. هاوکات قسە بۆ ئەوانیش دەهێڵێتەوەو دەڵێ "بەشێکیشیان ناچارن و هیچ کارێکیان پێناکرێت، خەڵکیش پشتی کردووەتە نابینایان".

بەبڕوای شێخ عەبدولڕەحمان نەقشبەندی، خودی نابینایان خۆیان بوونە مایەی ئاوابونی خۆری خۆیان لەناو کۆمەڵگەدا "چونکە کاتی خۆی هەر ئەوانە دەبران، هەندێکیان ئەوەندەیان پارە لەو رێگەیەوە کۆکردەوە، متمانەیان لەناو خەڵک نەماو هەندێکیان بگرە کۆشک و تەلارشیان پێکەوە نا".



تەکیەی کاک ئەحمەدی شێخ لە سلێمانی (فۆتۆ:رووداو)



# ئەوروپا پەناگەیەک بۆ ژنە عێراقییە قوربانییەکانی بازرگانیی سێکس دەکاتەوە



**رووداو- ئاژانسەکان**

لەسەر بودجەی یەکێتی ئەوروپاو لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی رێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM)، رۆژی پێنج شەممەی رابردوو لەشاری حەلەبی باکووری سوریا، پەناگەیەک بۆ ئەو ژنە عێراقییانە کرایەوە کە بوونەتە قوربانیی بازرگانیی سێکس.

ئەو سەنتەرە کە بەهەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەسوریا کراوەتەوە، بودجەکەی ملیۆنێک و 500 هەزار یورۆیەو کۆمەکی راستەوخۆ پێشکێشی ئەو ژنانە دەکات کە دەبنە قوربانی باندەکانی بازرگانیکردن بەژنانەوە. کۆمەکەکەش لە خزمەتگوزاریی پزیشکییەوە تا چاودێریی دەروونی و کۆمەڵایەتی و دووبارە سازدانەوە دەگرێتەوەو ئەو قوربانیانەی رزگار دەکرێن، لەلایەن رێکخراوەکەوە لەسەر فێربوونی پیشەیەکی نوێ مەشق و راهێنانیان پێدەکرێ.

هەوڵەکانی حکومەتی سوریاو ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتییە لەبواری بەرگرتن لە بازرگانیکردن بەمرۆڤ، لەساڵی 2005ەوە دەستی پێکرد کاتێک ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرانی عێراقی بەلێشاو روویان لەسوریا کرد. لەنێو خێزانە عێراقییەکاندا بەتایبەتی ئەوانە بەرەورووی مەترسی بازرگانی پێوەکردن دەبنەوە کە گەورەکانیان ژنن و ناتوانن هەلێک بۆ پەیداکردنی بژێوی بدۆزنەوە.

ئەم پرۆگرامەی رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بەشێوەیەکی کردەنی لەساڵی 2008ەوە دەستی پێکردووەو پارەکەی لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە دابین دەکرێت. ئەم پرۆگرامەش بەشێکە لە پابەندییەکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ یارمەتیدانی سوریا لەبواری مامەڵەکردن لەگەڵ کۆچی بەلێشاوی پەنابەرانی عێراقی و سنووردارکردنی دیاردەی بازرگانیکردن بەمرۆڤ لەنێوەندی پەنابەراندا.





# میستەر بین سەرۆکایەتی یەکێتی ئەوروپای داگیرکرد

**رووداو-رۆیتەرز**

یەکێک لە هاککەرانی کۆمپیوتەر دزە دەکاتە نێو ئەو ماڵپەڕە فەرمییەی حکومەتی ئیسپانیا بەبۆنەی بوونی بەسەرۆکی خولی نوێی یەکێتی ئەوروپا کردوویەتییەوەو، وێنەیەکی (میستەر بین)ی لەسەر دادەنێ کە یەکێکە لە ناسراوترین کەسایەتییە کۆمیدییەکانی جیهان.

بەرپرسێک لە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا لەوبارەوە رایگەیاند کە هاککردنەکە تەنیا ماوەیەکی کورتی خایاندو هیچ کاریگەرییەکی لەسەر زانیارییەکانی نێو ماڵپەڕەکە نەبووە.

ئەو لێکچوونەی لەنێوان روان ئەتکینسۆن (میستەر بین) ئەکتەری کۆمیدیی نێوداری بەریتانی و خوسیە لویس رۆدریگس ساباتیرۆی سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیادا هەیە،تاوەکو ماوەی چەند ساڵێکیش لەنێو ئیسپانییەکاندا ببووە سەرچاوەی چەندین نوکتەو گاڵتەوگەپ.

بەم دواییەش، رۆژنامەی (بایس) کە یەکێکە لە رۆژنامە پرفرۆشەکانی ئیسپانیا، لەپاڵ وتارێکدا کە رەخنەی توندی لەسیاسەتی ئابووریی سەرۆک وەزیرانی سۆشیال دیموکرات گرتبوو، وێنەیەکی کۆلاژکراوی گاڵتەجاڕانەی ساباتیرۆ و میستەربینی دانابوو.

سەرۆکایەتی یەکێتی ئەوروپا لەنێو ئەندامەکانیدا بەشێوەی خولی شەش مانگییەو ئیسپانیا لەسەرەتای ئەمساڵەوە سەرۆکایەتییەکەی وەرگرت و تا نێوەڕاستی ئەمساڵ دەخایێنێ.

# هەزارانی جیهان لە عێراق بەدوای دەوڵەمەندبووندا وێڵن

## نووسینگە و کۆمپانیاکان دەستی هەزرانی ئاسیایی و ئەفریقی دەبڕن

**رووداو- ایلاف**

جانیش کۆمار، گەنجێکی نیپالییەو تەمەنی 22 ساڵە، پێشتر نە ناوی عێراقی بیستووەو نە زانیویەتی لەسەر نەخشەی جیهان دەکەوێتە کوێوە. یەکێک لە نووسینگەکانی سەفەر پێیگوتووە لەو وڵاتە شەڕو کوشتار هەیە، بەڵام زیاتر باسی ئەوەی بۆ کردووە کە ئیشێکی زۆری لێیەو بەدوای کرێکاردا وێڵن، کرێی کار لەوێ زۆر بەرزەو بەئاسانی دەتوانێ چنگی لەو هەلە گیربکات کە ئیدی ژیانی بۆ هەتا هەتایە مسۆگەر دەکا. نووسینگەکە پێیگوتووە کە ئیشەکانی وەک رێستورانت، خاوێنکردنەوەو کاری بیناسازی وەک خۆڵن و مانگانە لانیکەم دەتوانێ لەبەرامبەر 8 کاتژێر کاری رۆژانە 1200 دۆلاری دەستبکەوێ لەگەڵ دوو رۆژیش پشوو لە هەفتەیەکدا.

ئەمە ئەو زانیارییانە بوون کە جانیش کۆماری هانداوە بێ سێ و دوو ناوی خۆی تۆماربکات و بەرەو عێراق بکەوێتەڕێ. ئاخر کۆمار لەو کرێکارییەی کە لەنیپاڵ دەیکرد مانگانە هەر 50 دۆلاری چنگ دەکەوت. کۆمار بۆ ئەوەی ئەم هەلەی عومرەی لەدەست نەچێ، بەپەلە بڕیار دەدات خانووە بچکۆلەکەی لە (لاهان) بفرۆشێ کە دەکەوێتە رۆژئاوای نیپاڵ، لەگەڵ پارچەیەک زەوی کە هەمووی بایی 3700 یورۆ بووەو بەشی ئەوەی کردووە مافی نووسینگەکەی لێبدات لە کاتماندۆی پایتەخت کە سەفەرەکەی بۆ رێکدەخات و کاری گونجاوی لەعێراق بۆ دەدۆزێتەوەو بلیتی فڕۆکەی بۆ دەبڕێ.

کۆمار وەک دەیان هەزار هەژاری ئاسیایی و ئەفریقی، لە رێگەی نووسینگەکانی دەڵاڵی بەخەیاڵی بەدیهێنانی خەونەکانی، رووی لەعێراق کردووە. نووسینگەکان لەپێناوی کێشانەوەی پارە، بەئاسانی دەتوانن خەیاڵی ئەرخەوانی بخەنە کەللەی ئەم کرێکارە هەژارانەوە.

کۆمار بەدەم فرۆشتنی زەوی و تاقە خانووە بچکۆلەکەی ماڵی باوکییەوە دەکەوێتە رستنی خەونی سەوز و سوور "بە شەش مانگی یەکەم خەرجییەکانی سەفەر پەیدادەکەمەوەو لەشەش مانگی دووەمیشدا خانوویەکی نوێ بۆ دایک و باوکم دەکڕمەوەو پارەی ژنهێنانیش دەخەمەلاوە".

ئۆتۆمبێلێکی نووسینگەکە دەیگەیێنێتە فڕۆکەخانەی کاتماندۆ، سواری فڕۆکەی دەکات بەرەو عێراق و،ئیدی بەرەورووی چارەنووسی نادیاری خۆی دەکاتەوە.

کۆمار لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا دێتەخوارەوەو جانتایەکی چکۆلانەی بەشانەوەیە. هەر کە دەگاتە بەردەم ئەفسەری پاسپۆرت، یەکێک پاسپۆرتەکەی وەردەگرێ و دوای خۆی دەخات و نزیکەی کیلۆمەترێک بەپێ دەیبات تا دەیگەیێنێتە ئەو شوێنەی فڕۆکە عێراقییەکانی لێ ریزکراون. کۆمار هەرکە دەگاتە ئەوێ قەڵەمی ئەژنۆی دەشکێ. سەدان پیاو دەبینێ کە بەسەروسیما لەنیپاڵی دەچن و ماندوویێتی بە دەموچاویانەوە دیارە. هەندێک لەوانە دوو مانگ و هەیانە سێ مانگە چاوەڕێیە. لەسەر ئەو زەویە رەقە دەخەون و کیسی نایلۆن بەخۆیاندا دەدەن. ئەمانە هەموو بەو هیوایە ماونەتەوە کە بەڵکو رێگەیان بدەن و لەم سەرزەمینی خەونەدا کارێکیان دەستبکەوێ. کۆمار هەر لەوێداو دەستبەجێ دڵنیادەبێ کە دوای تراویلکە کەوتووەو نووسینگەکانی دۆزینەوەی کار لە کاتماندۆ دەستیان بڕیوە. ئەو لەفڕۆکەخانە هیچ نێردراوێکی حکومەتی نیپاڵ بەپیرییەوە نەهات وەک ئەوەی بەڵێنیان پێدابوو.

بارودۆخی سیاسی و ئابووریی خراپ لەنیپاڵ، گەنجەکانی بەرەو کۆچکردن پاڵ دەنێ. رۆژانە پتر لە 600 کەس بەرەو دەرەوەی وڵات کۆچ دەکەن، زۆربەیان دەڕۆنە مالیزیا یان دوبەی. هەرچی هەژارو بێ دەرەتان و قوربەسەرە لەخشتەبراوەکانیشە روودەکەنە عێراق. بەگوێرەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان، لەساڵی 2004دا نزیکەی 17 هەزار نیپالی بەخەیاڵی دۆزینەوەی کارێکی باش روویان لەعێراق کردووە. هەر لەو ساڵەشدا 12 کرێکاری نیپاڵی لەلایەن چەکدارانی نەناسراوەوە رفێنران و گوللەباران کران، ئەو رووداوەش وا لێکدرایەوە کە بۆ گوشار دروستکردن بووە لەسەر حکومەتی نیپاڵ تا رێگە بە هاووڵاتیانی نەدات بێنە عێراق و کار لەگەڵ هێزی داگیرکەر بکەن.

سەدان کەس لەم هەزارانە کە لەلایەن نووسینگەکانی دەڵاڵییەوە لەخشتەبراون و رەوانەی عێراق کراون، هەر لەبنەڕەتەوە نەیانزانیوە بەرەو کوێیان دەبەن. ئەمانە لە بەنگلادیش، هیندستان، سریلانکا، ئۆگەندا، فلیپین، ئەسیوبیا وئەندەنوسیاوە هاتوون. بەهەزارانیان لەبنکە ئەمریکییەکان و لە رێستورانت و هوتێلەکاندا کاردەکەن یان کاری خاوێنکردنەوە دەکەن. ئەمانە بە بەراورد بەعێراقییەکان دەستێکی کاری زۆر هەرزانن.

کۆمپانیایەکی کوێتی کە هاوکاریی یەکێکی ئەمریکی دەکات لەبواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەهێزەکانی ئەمریکا، 450 کەسی خستنەکار، بەڵام زۆری نەبرد لەگەڵ کۆمپانیاکە بەکێشە هاتن، چونکە سەرباری سەختیی بارودۆخی ژیانیان لەخشتەیان بردبوون و ئەو مووچەیەیان پێنەدابوون کە پێشتر لەسەری رێککەوتبوون. هەندێک لەوانە هەڵاتبوون و دواتر لەرێگەی کوێتەوە توانیبوویان بگەنەوە وڵاتی خۆیان، بەڵام گوتەبێژێک بەناوی کۆمپانیاکە رایگەیاند کە ئەوانە هەموو مافێکی خۆیان وەرگرتووە.

کۆمار رۆژانە لەو بەشەی فڕۆکەخانەکەدا بۆ پەناو پەسیوێک دەگەڕێ لە سەرماو کزەبا بیپارێزێ کە لەگەڵ داهاتنی شەو زیاددەکات. هەر چەند رۆژ جارێکیش سەربازە ئەمریکییەکان دێن و هەندێک خواردنیان بۆ فڕێدەدەن. ئەمان شەو و رۆژ لەبەر هارەی فڕۆکە خەویان لێناکەوێ. زۆربەیان وەک زیندانی وان و تەنانەت پاسپۆرتەکانیشیان پێ نەماوەو پارەی بلیتی گەڕانەوەیان پێ نییە .ناشوێرن زۆر لەو ناوچەیە دووربکەونەوە چونکە ئەگەری ئەوە هەیە بڕفێنرێن و بکوژرێن.

سەرئەنجام و پاش ئەم هەموو چاوەڕوانییە، کۆمار کەوتە بیرکردنەوە لەوەی (دوا شیربا)ی هاوڕێی کردی. ئەو هەر بەگەیشتنی بەفڕۆکەخانەی بەغداو بینینی رەوشی هاونیشتمانییەکانی، دەستبەجێ بڕیاری گەڕانەوەی دابوو.

کۆمار هیچ هیوایەکی نەما، دەزانێ کە ئەمەی بەسەری هات ویستی خودای لەسەربووەو دەبێت بگەڕێتەوە نیپاڵ.

چەند رۆژێک لەمەوبەر، لەگەڵ 6 لە هاونیشتمانییەکانی، لەلایەن رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بلیتێکی گەڕانەوەی دەستکەوت و بەرەو کاتماندۆ کەوتەڕێ. کۆمار جارێکی دیکە گەڕایەوە سەر ژیانی هەژارانەی خۆی و عێراق و کێشەکانی عێراقی لەپشتی خۆیەوە بەجێهێشت.



# لە دوبەی بۆ یەکەمین جار نوێژ لەسەر هەور کرا

**رووداو- العربیەنت**

نیوەڕاستی هەفتەی رابردوو، ژمارەیەک لە دانیشتووانی شاری دوبەی، لەبەرزترین مزگەوتدا لەسەر ئاستی جیهان کە لەنهۆمی 154هەمینی بورجی خەلیفەدایە، نوێژیان کرد.

بورجی خەلیفە، رۆژی دووشەممەی رابردوو بە ئاهەنگێکی بێ وێنەو سەرنجڕاکێش وەک بەرزترین تاوەر لەجیهاندا کرایەوە کە بەرزییەکەی دەگاتە 828 مەتر.

تۆماس دیمبسی بەڕێوەبەری تاوەرەکە، رایگەیاند کە رۆژی سێشەممە، واتە رۆژێک دوای کردنەوەی تاوەرەکە بەشێوەیەکی فەرمی، هەندێک لە کارمەندان و فەرمانبەرانی تاوەرەکە لەنێو ئەو مزگەوتەدا نوێژیان کرد کە نزیکی لوتکەی تاوەرەکەیەو دەکەوێتە نهۆمی 154ەوە، واتە شەش نهۆم لەخوار لوتکەی بورجەکە. گوتیشی "مزگەوتەکە مانگی داهاتوو بەتەواوی دەکرێتەوە، گەشتیاران و کارمەندانی کۆمپانیاو نووسینگەکانی نێو تاوەرەکە دەتوانن بەشێوەیەکی بەردەوام رووی تێبکەن".

بورجی خەلیفە کۆمەڵێکی ئەوتۆ شتی سەیرو سەرنجڕاکێشی لەخۆگرتووە کە رەنگە چەندین لاپەڕەی کتێبی (گینس) بۆ ژمارە پێوانەییەکان بەخۆیەوە سەرقاڵ بکات . بەگوێرەی ئەو فیلمەی کە بەشی کارگێڕیی تاوەرەکە رۆژی سێشەممەی رابردوو پێشانی ئامادەبووانیدا، بورجی خەلیفە بەرزترین رێستورانت و بەرزترین مەلەوانگەو درێژترین ئەسانسۆر و بەرزترین نووسینگەی کارگێڕی لەسەر ئاستی جیهان لەخۆدەگرێ، جگە لە 57 ئەسانسۆر کە هەموو ئەمانە لە کتێبی ژمارە پێوانەییەکاندا تۆماردەکرێن.

بڕی ئەو چیمەنتۆیەی لەدروستکردنی تاوەرەکەدا بەکارهاتووە، ئەگەر بۆ دروستکردنی شۆستەی شەقامەکان تەرخان بکرابایە ئەوا بەشی 1900 کیلۆمەتر شۆستەی دەکرد. ئەوە جگە لە 31 هەزار تۆن شیش کە لەدروستکردنی بینایەکەدا بەکارهاتووە. تاوەرەکە هێندە بەرزە لە دووریی 95 کیلۆمەترەوە مرۆڤ دەتوانێ بیبینێ، واتە لەهەردوو میرنشینی شاریقەو عەجمانەوە دەبینرێ.

خالید فەواز کە هاووڵاتییەکی قەتەرییەو لەرۆژی کردنەوەی تاوەرەکەدا لەگەڵ سەدان میوانی دیکە بەنێو نهۆمەکانی تاوەرەکەدا گەڕاوە، دەڵێت ئەوەی زۆرتر لەهەموو شتەکانی دیکە سەرنجی راکێشاوە، ئەوەبووە کە کاتێک لە لوتکەی تاوەرەکە بووە فڕۆکەی بینیوە لەخوار خۆیەوە تێپەڕیون . خالید دەڵێت "شتێکی ئاساییە فڕۆکە لە سەرووی تۆوە بفڕێ و بۆ بینینی سەرت بەرزبکەیتەوە، بەڵام سەیری بەرپێی خۆت بکەی بۆ ئەوەی فڕۆکەیەک ببینی کە دەفڕێ، بەڕاستی ئەوە شتێکی سەرنجڕاکێش بوو بەلای منەوە".

بورجی خەلیفە کە سەرەتا ناوی (بورجی دوبەی) بوو، لە سێپتەمبەری 2004 دەست بەدروستکردنی کراو رۆژی 2010/1/4 کۆتایی بەکارەکانی هات و کرایەوە.

تێچووی پرۆژەکە، کە لەلایەن کۆمپانیای (سامسۆنگ)ەوەدروستکراوە، ملیارێک و 500 ملیۆن دۆلار بووە و 12 هەزار ئەندازیار و کرێکار کاریان تێداکردووە.







# لاوان دوعای بەحیزبینەکردنی سندوقەکەیان دەکەن

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

دوای چەندین گفتوگۆ و راگۆڕینەوە، بەمەبەستی دامەزراندنی سندوقێک بۆ پشتیوانی لاوان،رۆژی 2009/12/29 هەردوو رێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، لەسەر رەشنووسی پرۆژەکە رێککەوتن، بەنیازیشن لەداهاتوویەکی نزیک بۆ بە یاساییکردنی پرۆژەکە سەردانی هەریەک لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان بکەن.

ئومێد خۆشناو، سکرتێری رێکخراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند ئەم سندوقە پرۆژەیەکی هاوبەشی هەردوو رێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانە، ئامانج لەدامەزراندنیشی گرنگیدانە بە بەهرەو توانای لاوان و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان.

ئومێد خۆشناو گوتی "هەردوولا لەسەر خاڵە سەرەکییەکانی پرۆژەکە رێکەوتووین، بۆ ئەوەی شێوەیەکی یاسایی وەربگرێت، بەنیازین سەردانی هەریەک لە سەرۆکایەتی هەرێم وئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان بکەین، رەشنووس و کارنامەی پرۆژەکەیان پێشکێش بکەین".

تائێستا سندوقەکە خاوەن هیچ داهاتێک نییە. بەڵام سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بەوەدا، کە هەردوو رێکخراو بەنیازن وەک دەستپێشخەری بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکە مانگانە بە رێژەیەک لە بودجەی تایبەتی رێکخراوەکانیان هاوکاری سندوقەکە بکەن و گوتیشی "بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ سندوقەکە وەک قۆناخی یەکەم بەنیازین نووسراوێک ئاراستەی هەریەک لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەت و پەرلەمان و گشت وەزیر و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و سەکردایەتی سیاسی بکەین بۆ ئەوەی هەر یەکەیان بەگوێرەی توانای خۆی مانگانە بڕێک لە مووچەو داهاتی تایبەتی خۆیان وەک هاوکاری پێشکێشی سندوقەکە بکەن". ئومێد لە درێژەدا گوتی "بۆ ناساندن و بەدەستهێنانی هاوکاری و کۆمەکی نێودەوڵەتی بۆ سندوقەکە، لەپرۆژەماندایە، لەرێگەی رێکخەری هەرێم لە UN سندوقەکە بە رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان بناسێنین".

گەنجان دروستبوونی سندوقێکی لەو جۆرە بە باش دادەنێن. ئاکار فارس، 23 ساڵ،لەبارەی ئەو سندووقەوە دەڵێ "ئەم پرۆژەیە ئەگەر دوور لەدەستتێوەردانی حیزبی جێبەجێ بکرێت، ئەوا دەبێتە یەکەم پرۆژەی ئومێدبەخش بۆ لاوان کە تێیدا هەست بکەن رێکخراوەکان خەمخۆریانن".

دوای رێککەوتن لەسەر رەشنووسی پرۆژەکە، دەستەیەکی باڵای هەردوو رێکخراو، سەردانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدراڵیان کرد. ئومێد خۆشناو لەبارەی ئامانجی سەردانەکە گوتی "ئامانج لەسەردانەکەمان بەدەستهێنانی پاڵپشتی بوو بۆ پرۆژەکە، خۆشبەختانەش سەرۆک کۆمار پاڵپشتی خۆی بۆ پرۆژەکە نیشانداو بەڵێنی پێدابن مانگانە هاوکارییەکی باشی سندوقەکە بکات".

ئومێد خۆشناو، راشیگەیاند سەرجەم لاوانی کوردستان بەتایبەتیش ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 18ـ 40 ساڵی دایە، بەبێ جیاوازی ئایدۆلۆژیا و ئاین و رەگەز دەتوانن بەپێی برگەو بابەتەکانی سندووقەکە سوودمەندبن لێی، "بۆ ئەوەی خەرجی و داهاتی سندووقەکە بە شەفافانە دیاربێ و تووشی تیروتوانج نەبین، بەنیازین دوای رەزامەندبوونی حکومەت لەسەر پرۆژەکە ژمارەیەکی حیسابی لەبانک بکەینەوە و مانگانە یان شەش مانگ جارێک لەرێگەی سایتێکی تایبەتییەوە زۆر شەفافانە داهات وخەرجی ئەو سندووقە بۆ هەموو خەڵک ئاشکرا بکەین، ناوی هەموو ئەو کەس و لایەنانەش بڵاو بکەینەوە کە کۆمەکی سندووقەکەیان کردووە یان لێی سودمەندبوون".

لە ئەگەری پشتگیری نەکردنی پرۆژەکەش لەلایەن حکومەت و پەرلەمانە وە سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، گوتیشی "هەردوو رێکخراو لەسەر ئەوە رێککەوتووین، ئەگەر حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان پرۆژەکەیان رەتکردەوە، خۆمان درێژە بە پرۆژەکە دەدەین".

### ئامانجەکانی دامەزراندنی سندوقی پشتیوانی لاوان

- هاوکاری و یارمەتیدانی لاوانی بەهرەمەند و، زەمینە خۆشکردن بۆ دەرخستنی تواناکانیان.
- دانی قەرزی بچووک ودرێژ خایەن بەلاوان بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆژەی وەبەرهێنانی بچووک.
- یارمەتیدانی ئەو لاوانەی تووشی نەخۆشی درێژخایەن و دەروونی دەبن.
- دروستکردنی وەرشەی کارو پرۆژەی وەبەرهێنەر بۆ لاوان.
- هاندان و پاڵپشتیکردنی ئەو لاوانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن.
- دروستکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ لاوان لەرێگەی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت.



# خوێندکاران شەرم لە کێشەکانی خۆیان دەکەن

**سارا حاجی**
**رووداو ـ سلێمانی**

"ئەگەر کێشەو گرفتیشم هەبێ ناتوانم بڕۆمە لای مامۆستاکەم، چونکە زۆر شەرم لە دەوروبەرەکەم دەکەم". پەیوەند محەممەد، خوێندکاری پۆلی نۆیەمی بنەڕەتییە، ئەو بوونی توێژەری کۆمەڵایەتی بە پێویست دەزانێت لەخوێندنگەکەیدا، هەرچەندیشە خۆی ئامادەنییە کێشەکانی بۆ باس بکات "هاورێم هەبووە گەشتووەتە حاڵەتی تێکچوونی دەروونی، بەڵام توێژەری خوێندگەکەمان بەچەند دانیشتنێک کێشەکەی بۆ چارەسەر کردووە".

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەیەک توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی لەنێو خوێندنگەکاندا دامەزراندووە بۆ گوێگرتن لە کێشەو گرفتەکانی خوێندکاران و بۆیان چارەسەر بکەن، بەڵام بەشێک لەخوێندکاران دەڵێن شەرم دەکەین کێشەکانی خۆمان بخەینە بەردەستیان.

بڕوا مەحمود، 19 ساڵ، دەترسێ کێشەکانی بۆ ئەو توێژەرانە باس بکات " کاتێک دەچمە لای توێژەرێک دەترسم قوتابییەکانی دیکە بمبینن، چونکە هەر کە قسەت لەگەڵ توێژەری کۆمەڵایەتی کرد، ئیتر قوتابییەکان وادەزانن کەموکوریت هەیە". ئەو خوێندکارە نایشارێتەوە، ئێستا لەنێو خوێندکارانی قۆناخی بنەڕەتیدا کێشەی جۆراوجۆر هەیە "قوتابی هەیە کێشەی دەروونی گەورەشی هەیە".

هەندێک لە قوتابیان سڵ لە تانە و تەشەری هاورێ قوتابییەکانیان ناکەنەوەو هەر کاتێک کێشەیان هەبێ پەنا دەبەنە بەر توێژەری کۆمەڵایەتی یان دەروونی قوتابخانەکەیان. ئاڤان کەریم، کە لە پۆلی دەیەمی بنەڕەتییە دەڵێت "زۆر متمانەم بە مامۆستاکەم هەیە و ئەوەی لای دایک و باوکم ناتوانم بیڵێم لای مامۆستاکەم باسیدەکەم"، ئاڤان کەریم، بوونی توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکاندا بە پێویست دەزانێت و دەڵێ چەند جارێک رۆشتووەتە لای و کێشەکانی خۆی لەلا باسکردووە "تائێستا کەس وەک ئەو گوێی بۆ نەگرتووم، بەدڵسۆزییەوە گوێ بۆ قسەکانت دەگرێ و رێگە چارەت بۆ دادەنێ".

توێژەرە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان لە قوتابخانەکاندا وانە ناڵێنەوەو تایبەتکراون بەگوێ گرتن لەو خوێندکارانەی کە کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونییان هەیە. شیلان هادی، توێژەری کۆمەڵایەتی لەقوتابخانەی بێریڤانی بنەڕەتی کچان لەسلێمانی دەڵێ تائێستا 12خوێندکارم کێشەی توندوتیژی خێزانییان هەبووەو هەوڵمداوە رێگە چارەی گونجاویان بۆ بدۆزمەوە. مامۆستا شیلان گوتیشی "هێشتا خوێندکاران بەشێکیان شەرم دەکەن و هەندێکیان لە رێگەدا دێنە لامان و باسی کێشەی خۆیان دەکەن".

هەندێک لەو توێژەرانە، رەخنە لەسیستمی پەروەردەو فێرکردنی خوێندنگەکان دەگرن و پێیانوایە بەهۆی ئەو سیستمەوە، متمانە لەنێوان خوێندکارو مامۆستادا نییە و بەشێک لەخوێندکارەکانیش رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە. کارزان فوئاد، کەیەکێکی دیکەیە لەو توێژەرە کۆمەڵایەتیانە دەڵێ تائێستاش خوێندکار جەنگی دەروونی لەگەڵ دەکرێ "دەبێ بەدڵی مامۆستا جل لەبەربکات، بەدڵی مامۆستاکەی هەڵسوکەوت بکات ناهێڵن خوێندکار بەپێی تەمەنی خۆی بژێ". ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە گوتیشی "بەداخەوە ئەوەی ئێستا لەقوتابخانەکاندا هەیە، تەنها فێرکردنەو پەروەردەی لەگەڵدا نییە". کارزان بەشێک لەهۆکارەکانی نەبوونی رایەڵەی متمانەی نێوان خوێندکارو توێژەرەکان دەگێڕێتەوە بۆ ئیدارەی خوێندنگەکان و دەڵێ زۆربەی ئەو خوێندکارانەی دێنەلام باسی هەمووکێشەکانیان ناکەن "چونکە پێش هەموو شتێک ئیدارەی خوێندگاکەیە وای کردووە متمانەی نەبێ".

سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی کوردستان دامەزراندنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەقوتابخانەکاندا بەکارێکی درەنگ دەزانێ و دەڵێ لەساڵی 2002ەوەوە ئەوان دادەمەزرێنرێن. گوتیشی " لەساڵی 2007ەوە تائێستا 350 توێژەری کۆمەڵایەتی لەسەر پێشنیازی ئێمە دامەزرێنراون". جەزا حەمە ساڵح، سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان، پێیوایە بەهۆی هەموو ئەو بارودۆخە ناهەموارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوریەی لە وڵاتەکەماندا هەن، کێشەکانیش زۆربوون و پێویستە لەخوێندنگەکاندا راوێژکارێکی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەبێت تاوەکو خوێندکاران پەنای بۆ ببەن "سیستمی پەروەردەی تەندروست بەبێ توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی بەڕێوەناچێت". هەروەها گوتیشی "پێشنیازی دامەزراندنی دەرچووانی کۆمەڵناسی و دەروونناسیمان کردووە، چونکە بەهۆی دامەزراندنی ئەو رێژە کەمەوە، سەدەها خوێندکار کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی خۆیان باسکردووە".

کەمال نوری غەریب، بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی لەو بڕوایەدایە بەدامەزراندنی ئەو توێژەرانە کارێکی زۆرباشیان کردووەو هاوکات پەسنی زۆری ئەوان دەدات و دەڵێ " دەتوانم بڵێم 75% یان ئیشی زۆر باشیان کردووە". بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی گوتیشی "ئێمە زیاتر پێویستمان بە توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە تاوەکو توێژەری دەروونی".

> خوێندکاران لە لایەن مامۆستاکانەوە جەنگی دەروونیان بەرامبەر دەکرێ و ناهێڵن خوێندکار بەپێی تەمەنی خۆی بژی
>
> توێژەرێکی کۆمەڵایەتی



# کچان تەنها گوێ لە پاڵەوانێتی براکانیان دەگرن

**لەنیا مەحمود**
**رووداو-سلێمانی**

گەرمیان، خۆزگەی دەخواست ئەویش رۆژێک وەک براکەی بەشانازییەوە لەماڵی خۆیاندا باسی ئەو کەسە بکات کە خۆشیدەوێت، بەڵام هەر خۆیشی دەڵێت "ئەوە خەونە".

ئەو کچە تەمەن 24 ساڵە کاتێک ویستی هوشیاری براکەی تاقیبکاتەوە، لێدانێکی زۆری خوارد و تائێستاش شوێنەواری لێدانەکە بەجەستەیەوە دیارە.

گەرمیان، دوای ئەوە تەواو بۆی سەلماوە کە کوڕ و کچ لە کۆمەڵگەی کوردی دا هەرگیز یەکسان نین "هەرئەوەندە باسی خۆشەویستەکەی خۆمم کرد، براکەم دارکاری کردم". ئەو کچە زیاتر بەوە نیگەران دەبێ کە براکەی هەموو جار بە شانازییەوە لە ماڵەوە باسی ئەو کچە دەکات کە خۆشی دەوێ "تەنانەت وێنەکەشی لەمۆبایلەکەیدایەو نیشانماندەدات".

ئەو جیاوازییەی نێو خێزان، هەزاران کچی وەک گەرمیانیان بێزارکردووەو حەزدەکەن خێزان بە یەکسانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات و چیتر رازەکانی ئەوانیش زیندانی نەبن.

گۆنا، 22 ساڵ، ئیرەییەکی زۆر بەبراکەی دەبات کە سەربەستە لەوەی هەرکاتێک ویستی پەیوەندییە خۆشەویستیەکانی خۆی باس بکات "تەنانەت کە نێوانیشیان تێکدەچێت، لێمدەپرسێ :چۆن ئاشتی بکەمەوە؟". گۆنا نەیشاردەوە کاتێک سەرقاڵی دۆزینەوەی رێگاچارەیەک دەبێ بۆ براکەی تاوەکو بتوانێ لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا ئاشت ببێتەوە دڵی پڕ دەبێت "چونکە نازانم کێشە سۆزدارییەکانی خۆم بۆ کێ باس بکەم". هەر لەو روانگەیەوە گۆنا بە خەمگینیەوە دەڵێ "بۆیە رۆژانە سەتان جار لەناخی خۆمدا هاوار دەکەم تاکەی من و براکەم یەکسان نەبین".

> براکەم لەسەر خۆشەویستی دارکاری کردم، بەڵام وێنەی خۆشەویستەکەی پێشانی هەموومان دەدات
>
> کچێک

بەڵام کوڕان رێگەگرتن لەخوشکەکانیان بەکارێکی دروست دەزانن و پێیانوایە شیاو نییە کچان لەماڵەوە باس لەوجۆرە پەیوەندییانە بکەن و تەنانەت هەندێک لە کوڕان ئامادەن لەهەر حاڵەتێکی وادا توندترین سزای خوشکەکانیان بدەن.

"ئەگەر خوشکەکەم شتێکی واباس بکات، وەک مریشک سەری دەبڕم". بەختیار جەعفەر، 27ساڵ، ئەوە بەسەرشۆڕی بۆ خێزان ناودەبات و پێیوایە بەزاندنی هێڵی سووری خێزانە گوتیشی "خێزانی ئێمە هەرگیز ئەو جۆرە باس و خواسانە لەدەمی کچەوە قبوڵ ناکات". بەختیار دەڵێ کاتێک کچێک لەماڵەوە چیرۆکی خۆشەویستی خۆی بگێڕێتەوە، وەک پەڵەیەکی رەش وایە بەنێوچاوی براکەیەوە.

هەروەها زانا عەلی 29 ساڵ دەڵێ خوشکەکەم حەدی نییە شتی لەوجۆرە باس بکات "زمانی دەبڕم". زانا هۆکاری ئەو توندوتیژبوونەی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر کچان گەیشتنە ئەوەی دەردەدڵی ئەویندارانەی خۆیان بەئاشکرا لەبەرچاوی براو و خێزانەکەیان باسبکەن " ئەوکات خێزان تووشی سەر شۆڕی دەبێت".

توێژەرانی دەروونی پێداگیری زۆر لەسەر پەروەردەی خێزانی دەکەن و پێیانوایە ئەو جۆرە پەروەردەیە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر تێڕوانینی خێزانەکان. دڵشاد مەحمود، توێژەری دەروونی دەڵێ تەنانەت هەندێک لەکچان لەکاتی خوازبێنی کردنیشیاندا پرسیان پێناکرێت و رایان لێوەرناگرێیت "کۆمەڵگەی کوردی بەتەواوی کوڕی زاڵ کردووە بەسەر کچدا".

بەبڕوای هیوا سەعدی، کە ئەویش توێژەری دەروونییە ئەو جیاوازیکردنە وایکردووە کچان بەبەردەوامی لەنێو دڵەڕاوکێدا بژین و بەردەوام شەرم بکەن " ئەمەش دەبێتە پاڵەپەستۆی دەروونی و کاریگەری خراپی لەسەر کچان دەبێت".

> ئەگەر خوشکەکەم لەماڵەوە باسی خۆشەویستی بکات زمانی دەبڕم
>
> کوڕێک

## هەمەجۆر



### 34ی خوارد

رووداو - AFP

**سەرۆکی ئەمریکا لەکاتی بەسەربردنی پشووەکانی ئاهەنگی سەری ساڵ لەدوورگەی هاوای رایگەیاند ئایسیکریمی زۆر پێخۆشەو حەز دەکات بەردەوام بیخوات. باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا ئاشکرای کرد کە ئەو لەکاتی بەسەربردنی پشووەکانی ئاهەنگی سەری ساڵی 2010 لەدوورگەی (هاوای) زیاد لەپێویست ئایسکرێمی خواردووەو لەو کاتەشەوە کە گەڕاوەتەوە دووبارە ئارەزووی خواردنی ئایسکرێم دەکات "چونکە ئایسکرێمم زۆر پێخۆشەو حەز دەکەم بەردەوام بیخۆم". هاوکات باس لەوە دەکرێ کاتێک سەرۆکی ئەمریکاو هاوسەرەکەی و هەردوو کچەکەی لە دوورگەی هاوای بوون بۆ بەسەربردنی پشووی سەری ساڵ، ئۆباما زۆرترین ئایسکریمی خواردووەو ژمارەی ئەو ئایسکریمانەی خواردوویەتی گەیشتووەتە 34 دانە.**



# نازک تە ژ بیر ناکەت

**رووداو – دهۆک**

کچە گۆرانیبێژ نازک نێروەیی بەمزووانە نوێترین ئەلبوومی خۆی بەنێوی (هەر ئەڤینی) بڵاودەکاتەوە.

نازک نێروەیی بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئێستا خەریکی تەواوکردنی کارەکانی ئەلبوومە نوێیەکەیەتی بەنێوی (هەرئەڤینی)کە بەمزووانە بڵاویدەکاتەوەوگوتیشی "یەکێک لەگۆرانییەکانی ئەو ئەلبوومەم بەنێوی (تە ژ بیر ناکەم)ە کە لەشیعر و ئاوازی هونەرمەند عەبدولقادر زاخۆییە و ئێستا خەریکی کلیپکردنیم".

نازکی تەمەن 19 ساڵ، گوتیشی ماوەیەکی زۆرە کار بۆ ئەلبوومە نوێیەکەی دەکات و بەمزووانە بڵاویدەکاتەوە. ئەلبوومەکەی نازک لە 11 گۆرانی پێکاتووە و لەستۆدیۆیەکی شاری هەولێر تۆمارکراوەو لەلایەن کۆمپانیای (کۆڕەک موزیک)ەوە بەرهەمدەهێنرێت و بڵاودەکرێتەوە. " . نازک زیاتر گوێ لە گۆرانییەکانی شەهریبان دەگرێ و دەڵێ "زۆر زۆر حەز لە دەنگی دەکەم".



# دارین دیاری ناردنەوە

**رووداو– هەڵەبجە**

هونەرمەندی لاوی کورد، دارین زانیار، چەندین دیاریی پێشکێشی منداڵانی کورد لەهەڵەبجە کردو بڕیارە لەمانگی 2010/7 بگەڕێتەوە کوردستان.

هونەرمەند دارین زانیار، کە لەسوێد دەژیت و یەکێکە لەو هونەرمەندە ناسراوە جیهانیانەی کە بەزمانی کوردی، سوێدی و ئینگلیزی گۆرانی دەڵێت، وەک رێزلێنان و ئاوڕدانەوەیەک لەمنداڵانی هەڵەبجە، 250 یاری منداڵان و هەندێک پۆشاکی منداڵانی پێشکێشی هەریەک لەباخچەی ساوایانی (شنەو پەریان)و داینگەی هەڵەبجە کرد.

دارین زانیار کە لەچەندین کۆنسێرتی نێودەوڵەتی لەئەمریکا و ئەوروپا بەشداری کردووە، لەساڵی 1978 لە سوێد لەدایکبووە، دایک و باوکی خەڵکی هەڵەبجەن و لەترسی رژێمی سەدام کاتی خۆی چوونەتە ئەوروپا. دارین لە زۆر بەرنامەی جیاوازدا ئاڵای کوردستانی لەسەر سینگی خۆی داوە، تاکو نیشان بدات کە لە کوێوە هاتووە، ئەو خۆی بە هاووڵاتییەکی کوردستانی – سوێدی دادەنێت.



# ئەمجارەیان جیاوازم

**رووداو– هەولێر**

گۆرانیبێژ دلێر عەبدولقادر خەریکی ئامادەکردنی ئەلبومێکی گۆرانییە، بۆ ئەو مەبەستەش سەردانی شاری دیاربەکری باکووری کوردستان دەکات تاکو گۆرانییەکی ئەو ئەلبوومەی کلیپ بکات.

گۆرانیبێژ دلێر عەبدولقادر لەبارەی ئەلبوومە نوێیەکەی بە (رووداو)ی راگەیاند ئەلبووکەی بەنێوی (ئازیزا من) دەبێت و لە8 گۆرانی پێکدێت کە 4 گۆرانی بەشێوەزاری کرمانجیی سەرووەو، دەڵێ "ئەو ئەلبوومە بەهاوکاری ئاراس مستەفا خاوەنی کۆمپانیای شاری زێرین (سویتستار) بەرهەمدەهێنرێت و بەشێک لەتێکستەکانی لەلایەن کاک ئاراس و خۆم دانراون".

دلێر عەبدولقادر کە دوایین ئەلبوومی بەنێوی (تۆم خۆشدەوێ) بڵاوکردەوە، گوتیشی دوای ئەوەی گۆرانی (ئازیزا من)ی لەشاری دیاربەکری باکووری کوردستان کلیپکرد، ئەلبوومەکەی بڵاودەکرێتەوە، "ئەو ئەلبوومەم لەگەڵ ئەلبوومەکانی پێشووم زۆر جیاوازی دەبێت و موژدە دەدەمە جەماوەر کە بەمزووانە ئەلبوومەکەم بڵاودەکەمەوە".



# بەختی رووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی

ayarfalaky@hotmail.com

### کاوڕ
Mar 21–Apr 19

دەگەنە ئەو راستییەی کە دەبێت هەندێک لە کارەکان بەپێی پێویست بەڕێوەبچن نەک بەخواستی ئێوە. باری سۆزداریتان وەک خۆی دەمێنێتەوە. چەند گۆڕانێک لەهەڵوێستی هاوبەشەکانتان (شریک) دەردەکەوێت. کاتێکی باشە بۆپێشخستنی باری داراییتان.

### تەرازوو
Sep 23–Oct 23

هەست بە گۆڕان دەکەن لە هەڵوێستی چواردەورتان، باری دەروونیتان ماندووە و بێزاریتان پێوە دیارە، بۆ ئەوەی ئاسوودەبن دەبێ یان لە کارێکدا یان لە وەرزشێکدا جەستەتان تەواو ماندوو بکەن. لە بارەی سۆزدارییەوە ناتوانن دڵنیا ببن.

### گا
Apr 20–May 20

گرنگی تەواو بە پلەو پایەی کۆمەڵایەتیتان بدەن، لەو بارەیەوە دەتوانن هاوکارەنی کارکردن و بەرپرسانتان دڵنیا بکەنەوە کە تواناتان هەیە سەرکەوتن بەدەستبێنن. گرنگی بە باری تەندروستیتان بدەن.

### دووپشک
Oct 24–Nov 21

وا باشە بەرنامەیەک بۆ گەشتی کورتخایەن یان نزیک دیاری بکەن بەتایبەت بۆ لای ئەو ئازیزانەی ئاسوودەتان دەکەن، لە کارەکانتاندا هەست بە رازایی دەکەن، فرسەتی باشتان بۆ دەڕەخسێت ئەرکەکانی سەرشانتان سووک بکەن.

### جمک
May 21–Jun 21

لەم هەفتەیەدا کەشێکی هێمن بەسەر دەبەن، گەڕان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانتان زیاد دەبێ، هەتا دوایین ئەنجام زامن نەبێت بڕوای تەواو بە هیچ یەکێک لەو بەڵێنانەی پێتان دەدرێن مەبەستن، پێویستیتان بە چاوەڕوانی و کاتی زیاترە.

### کەوان
Nov 22–Dec 21

هیچ کارێکی کتوپڕ مەکەن ئەگەر پێشتر بەرنامەڕێژیتان بۆ نەکردبێت. رۆژانی پێنج شەممە و هەینی باشە بۆ لایەنە سۆزدارییەکان و ئەو کارانەی پشت بەبەخت دەبەستن. لەم هەفتەیەدا چەند هەواڵێکی جیاواز دەبیستن کە هەندێکیان خۆشن.

### قرژاڵ
Jun 22–Jul 22

هەوڵبدەن خۆتان لەگەڵ کەشە نوێیەکان بگونجێنن. تەنها رۆژی دووشەممە کەمێک قورسە پاشان تا کۆتایی ئەم مانگە ئاسودەییەکانتان بەردەوام دەبێ. لەم ماوەیەدا کەسانێکی دڵسۆزتان بۆ دەردەکەون. وا باشترە گوتەکانتان کورت وپوخت بن.

### کارژۆلە
Dec 22–Jan 19

هەست بە خەمباری و خاوبوونەوە مەکەن کاتێک کارەکان دەوەستن یان بەربەستێک دێتەپێشەوە، پشوویەک بدەن و پاشان بەدەروونێکی هێمن هەوڵەکانتان دووبارە بکەنەوە، لەم هەفتەیەدا دەتوانن پێشبینی ئەو هەنگاوانە بکەن کە دەتانەوێ ئەنجامی بدەن.

### شێر
Jul 23–Aug 22

گەڕانەوەی هەسارەی مارس لەبورجەکەتان کارەکان بەرفراوان دەکات وناتوانن کۆنترۆڵیان بکەن، مامەڵە لەگەڵ کەسانێکی ماندوو دەکەن رەنگە تێگەیشتنی تەواولە نێوتان نەبێتەکایەوە، کاتێکی باش نییە بۆ پەلەکردن لە هەر کارێک بەمەبەستی کۆتایی پێهێنانی.

### سەتڵ
Jan 20– Feb 18

لەسەر هیچ یەکێک لە کارەکان بڕیاری کۆتایی مەدەن، ئەو بەربەستە نوێیانە بەخێرایی تێدەپەڕێنن. باری داراییتان بەرەوباشبوون دەچێت، لەرۆژانی چوارشەممە و پێنج شەممەدا کەمێک چالاکییەکانتان دادەبەزێت، بەڵام دوای ئەوە گەشبینییەکانتان بۆ دەگەڕێتەوە.

### گوڵەگەنم
Aug 23–Sep 22

چالاکییەکانتان لەدابەزینیدا دەبن، هەوڵبدەن خۆتان بەهێز بکەن و بەردەوامبن لەسەر جوڵەو وەرزش، دەبێ خۆتان چالاک بکەنەوەو توانا شاراوەکانتان بەگەڕ بخەن نەک ئەو خاوبوونەوەیە کاریگەری لە کارەکانتان بکات.

### نەهەنگ
Feb 19–Mar 20

هەفتەیەکی مامناوەند بەسەر دەبەن، ئەنجامەکان دەکەوێتەوە سەر هەوڵەکانی خۆتان، لایەنەکانی ژیان بەگشتی باشە، بەڵام هیچ کەمتەرخەمییەک لەکارەکانتان مەکەن و هەوڵبدەن لەهەموو کاتەکانی دیکە زیاتر هێمنی بپارێزن.

**بەگشتی:**

**ئاگاتان لە ئاگرو کارەبا و ئۆتۆمبێل بێت**

ئەم ماوەیە ماوەیەکی باش نییە بۆ هەموو کار و هەنگاوەکان، چونکە هەسارەی مارس لەگەڕانەوەدایە، دەبێ زۆر بە وردی ئاگاداری بین، بەتایبەت لە کارەبا و ئاگر، چونکە مەترسییەکانیان زیاتر دەبێت، لەبەرئەوەی رووداوەکانی ئۆتۆمبێل زۆردەبن لە زۆر جێگە سوتفەی رووداوی کتوپڕ دەکەین. لە هەمانکاتدا فکرمان زۆر سەرقاڵ دەبێت، لەزۆر کاتدا بیر لە کارە گرنگەکەی خۆمان ناکەینەوەو، خەیاڵمان بۆ جێگەیەکی دیکە رۆیشتووە کە رۆڵێکی گرنگی نییە بۆ ژیانمان. پێش ئەوە لەهەر جێگەیەک بڕۆیت بەتەواوی سەیری شتەکانی خۆت بکە، بزانە هیچ شتێکی پێویستت لەیاد نەکردووە!

تێبینی بکە خەڵک زۆر گرنگی بە رێکپۆشی نادەن بەراورد بە هەفتەکانی دیکە، زۆربەی شوێنەکان قەرەباڵخی زیاتری تێدەکەوێت.

# زوما قۆڵی لێ هەڵماڵیوە

**رووداو– AFP**

لەمەراسیمێکی تایبەت بەهۆزەکەی، سەرۆکی ئەفریقیای باشوور ژنی پێنجەمی هێنا.

چەند شایەتحاڵ و دۆستێکی (یاکوب زوما)ی سەرۆکی ئەفریقیای باشوور، ئاشکرایانکرد کە زوما بۆ جاری پێنجەم ژنی هێنا، بەمەش سەرۆکی وڵات کە لە هۆزی زۆلۆیە، ئێستا خاوەنی سێ ژنە. ئاهەنگی ژنهێنانی زوما لەماڵەکەی خۆی بەڕێوەچوو، کە ماڵێکی ئاساییە لە نیکاندلا لە هەرێمی کوازۆلۆ – ناتال و تێیدا سەرۆکی تەمەن 68 ساڵ،جلوبەرگێکی تایبەت بە هۆزی زۆلۆی لەبەرکردبوو.

یاکوب زوما، سەرۆکی ئەفریقیای باشوور، بەپێی خەسڵەت و نەریتەکانی تایبەت بە هۆزی زۆلۆ (تۆبیکا مادیبا)ی 37 ساڵی مارەکردووە و بووە هاوسەری. مایک زوما برای سەرۆک لەوبارەوە گوتی "ئەوەی ئێمە دەیکەین، مەراسیمێکی ئاساییە و کولتوری هۆزەکەمانە، زۆر جۆر هەڵپەڕکێ دەکەین و چەندین ئاژەڵ سەردەبڕین".



سەرۆک کۆمار و ژنە تازەکەی لە کاتی سەماکردندا (فۆتۆ:AFP)

پێش ئەوەی مارەی بکات و سەرەڕای ئەوەی هێشتا بەرەسمی نەببووە هاوسەری، یاکوب زوما سەرۆکی ئەفریقیای باشوور سێ کوڕی لە مادیبا هەبوو. زوما ئێستا خاوەنی 19 کوڕ و کچە لەو پێنج ژنەی هێناویەتی و ئێستا سێ ژنی لاماوە، دەزگیرانێکی دیکەشی هەیە. لە باشووری ئەفریقیا رێگە بە فرەژنیی دەدرێت.

# بەقسەی گانوی مەکەن

**رووداو– ئیرانکلیک**

بەپێی توێژینەوەیەک، پەروەردەکردنی منداڵ بەسزادانێکی کەم یان لێدانی بەشێوەیەکی کەم، سوودی هەیە و لەدوارۆژدا منداڵەکان ئاسوودەتر و سەرکەوتووتر دەکات لەچاو ئەو منداڵانەی سزای جەستەیی نەدراون.

ئەو توێژینەوەیە کە لەلایەن زانایەکی ئەمریکی ئەنجامدراوە، دەریدەخات کە ئەو منداڵانەی تاوەکو تەمەنی 6 ساڵی سزای جەستەیی دراون، لەخوێندنگەکانیاندا زیرەک و سەرکەوتوو و گەشبینتربوون لەو منداڵانەی رووبەڕووی ئەو سزایانە نەبوونەتەوە. ماجۆری گانوی پرۆفیسۆری زانستی دەروونی لەکۆلێژی کالفین لە ویلایەتی میشیگان کە ئەنجامدەری توێژینەوەکەیە دەڵێت "لە توێژینەوەکەدا پرسیارمان لە 179 هەرزەکار کردووە سەبارەت بەوەی چەند جار لەلایەن باوک و دایکیانەوە لێیاندراوە و لە چ تەمەنێکدا لێدانیان راگیراوە. وەڵامەکان لەگەڵ شێوازی هەڵسوکەوتیان بەراوردکراوە بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا سزادانی جەستەیی کاریگەری هەبووە لەسەریان یان نا، بۆمان دەرکەوت ئەوانەی تاوەکو تەمەنی 6 ساڵان سزای جەستەیی دراون چالاکیان زۆر ئیجابی بووە و مامەڵەیان خراپ نەبووە، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی هیچ سزایەکی جەستەیی نەدراون، ئەوانەش کە تاوەکو تەمەنی 11 ساڵی سزای جەستەیی دراون دەرکەوتووە زیاتر دەخوێننەوەو سەرکەوتوون لەچاو ئەوانەی هیچ سزایەکی جەستەیی نەدراون".



# ئەنجلینا بەختی رەشە



**رووداو– ئاژانسەکان**

لەمانگی 3ی 2010 هەردوو ئەکتەری بەنێوبانگی ئەمریکی براد پیت و ئەنجلینا جولی لە یەکتر جودا دەبنەوە.

رێکخراوی ئەمەریکی بۆ پێشبینی داهاتوو، رایگەیاند کە هەردوو ئەکتەری نێوداری ئەمریکی (براد پیت) و (ئەنجلینا جولی) لەمانگی 3ی 2010 لەیەکتر جودا دەبنەوە. سەرەڕای ئەو پێشبینیە، ئەو رێکخراوە چەندین پێشبینی دیکەی بۆ 2010کردووە، یەکێک لەو پێشبینیانە، ئەوەیە کە (تایگێر ڤۆدز) وەرزشوانی بواری گۆلف لەئاکامی ریسوایی ئەخلاقی بۆ ماوەی ساڵێک لەوەرزشی گۆلف دوور دەکەوێتەوە و ساڵی 2011 بۆ جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە. هەروەها (ئۆپێرا وینفێری) پێشکەشکاری نێوداری تەلەڤزیونی ئەمریکا لە داهاتوویەکی نزیک، دەبێتە سیاسەتڤان.

# سەرۆک کۆمار ونبوو

**رووداو– ئیرنا**

گرووپێکی پارێزگارییکردن لەمافی مرۆڤ لە نایجیریا داوایان لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە کرد کە ونبوونی (ئومارۆ یار ئادوا)ی سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە بەفەرمی رابگەیێنرێت و گرووپێکیش رابسپێردرێت بۆ دۆزینەوەی.

سەندیکای پارێزەرانی مافی مرۆڤ لەنایجیریا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ونبوونی سەرۆک کۆمار بۆ ماوەیەکی درێژ بۆشایی لەدەسەڵات دروستکردووە و بووەتە هۆی پەککەوتنی کاروبارەکانی حکومەت. یار ئادوای سەرۆک کۆمار بۆ ماوەی 6 هەفتەیە بە هۆی نەخۆشییەوە لەیەکێک لە نەخۆشخانەکانی سعودیە کەوتووەو ئەمەش بووەتە هۆی دروستکردنی نیگەرانییەکی زۆر لەو وڵاتەدا. سەندیکای پارێزەرانی نایجیریا داوای کردنەوەی دۆسیەیەک بۆ راسپاردنی دەسەڵات بە جێگرەکەی دەکەن و هاوکات داوای کار پێنەکردنی هەموو ئەو بڕیارانەش کراوە کە کابینەی نایجیریا بێ ئامادەبوونی سەرۆک کۆمار دەریکردوون.

رۆژنامەنووسانی نایجیریا ئاماژە بەوەدەکەن لەبەر شێوازی دەستاو دەستکردنی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی لەنێوان بەشی باکوور و باشوور، دەست لەکارکێشانەوەی یار ئادوای زۆر ئەستەمە.





رامیار مەحمود

karwanmramyar55@gmail.com

## سیاسەت لە هەرێمی کوردستان لە نێوان تورکیا و ئێراندا

# هەوادارانی قەیران

دوای راگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕان و بەشداریکردنی لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا و بەدەستهێنانی 25 کورسی لە پەرلەمان، جۆرێک لە قەیرانی سیاسی رووبەڕووی هەرێمەکە بووەتەوە. بڕێکی زۆری ئەم قەیرانە بەندە بە پێشبینی نەکردنی پارتی و یەکێتی بۆ سەرهەڵدانی هێزێکی سیاسی کە بەرژەوەندییەکانی خۆی دوور لە هاوپەیمانێتی رابگرێت و بڕوای بەوە نەبێت کە لەژێر چەتری سیاسی پارتی و یەکێتی بێت. پارتی و یەکێتی ئەزموونی هێزی سیاسی جیاوازیان هەیە لە دەرەوەی خۆیان، بەڵام تا رادەیەک سەرکەوتوو بوون لەوەی بۆ سالانێکی زۆر لایەنە سیاسییەکانی دیکە لەژێر چەتری خۆیاندا کۆبکەنەوە. کۆمۆنیستەکان کە نەیاندەویست لە ژێر ئەو چەتر و چوارچێوە سیاسییەدا کار بکەن دووچاری پەراوێز خستن و هەڵوەشاندنەوە هاتن.

یەکگرتوو لە گەڵ ئەوەی دیارترین هێزی سیاسییە کە هێڵی ئایدیۆلۆجی جیاوازی هەبێت لە هەندێک هەڵوێست و رووداودا تووشی قەیران و گوشاربوونەوە. بەڵام یەکگرتوو لە دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە هەوڵی ئەوەیدا لە نوێنەرایەتیکردنی سیاسیدا سەربەخۆ بێت و لەژێر ئەو چەترەدا نەبێت کە پارتی و یەکێتی دەیخوازن . یەکگرتوو جیاواز لە بزووتنەوەی گۆڕان بەشێوەیەکی هێمنتر و بە نەفەسێکی درێژخایەنتر هاتە ناو ئەو پرۆسەیەوە لەبەر دوو هۆ: یەکەم، لەبەرئەوەی یەکگرتوو بەپێچەوانەی بزووتنەوەی گۆڕان، بزووتنەوەیەکی سیاسی دامەزراوترە. دووەم، لەبەرئەوەی ململانێی یەکگرتوو لەگەڵ یەکێتی و پارتی دا قابیلی تێکەڵاوکردن نییە بە کێشە شەخسییەکان، تا سەرکردەکانی لە مەداری ژیانی خۆیاندا ململانێیەکە بەڕێوە ببەن، چونکە گۆڕان لە پەلەکردنی لە جیاکردنەوەی بەرژەوەندییەکەی لە گەڵ یەکێتیدا ئەوەیە کە دەبێت سەرکردەکانی لە مەداری عومرو تاقەتی بایۆلۆجی خۆیاندا ئەو کێشەیە یەکلایی بکەنەوە کە لەگەڵ یەکێتیدا بە دیاریکراوی هەیانە. قەیرانەکە بەشێکی زۆری بەندە لەسەر ئەوەی کە پارتی و یەکێتی پێشبینی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسی ناکەن لە نێو ژینگەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، لەکاتێکدا پێشبینیکردن و گەشەپێدانی ژینگەیەکی سیاسی عەقلانی رێگە پۆزەتیفەکەیە بۆ ئەوان، مادام ئەوان خۆیان لە سەرەتای راپەڕینەوە رەوایەتیان بە سندوقی دەنگدان دا بۆ دروستکردنی حکومەت، دەبێ بە عەقلێکی کراوەشەوە مامەڵە لەگەڵ بەرپرسیاری دەسەڵاتدا بکەن بە مانا سیاسییەکەی دوور لە پەرچەکرداری نا عەقلانی. ئێمە ئێستا هەمووومان دوو دراوسێ لە تەنیشتمانەوە بە دوو قەیرانی سیاسییەوە دەبینین، تورکیا و ئێران. ئەمە دوو نمونەی زۆر باشن، کە ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ قەیرانی سیاسیدا بکەین. چاو لە ئێران کردن و گەیاندنی هەموو شتێک بە خاڵی رووبەڕووبوونەوە لەسەر شەقام و و پەککەوتنی پرۆسەی سیاسی و دیالۆگ، یاخود هەڵبژاردنی رێگە تورکییەکە کە گول سەرۆکایەتی دەکات بە ناوی نەخشە رێگای نوێوە و سەرلەنوێ پێشنیازکردنەوەی پاکجێکی دیموکراتی فراوان و گەورەو وتووێژکردن لەگەڵ سەکردە سیاسییەکانی تورکیاو، رووناکبیران و توێژەرەوەکان بە ئامانجی گەڵاڵەکردنی رۆشنایيەکی عەقلانی لە سەر بارودۆخی ناوخۆی بە شێوەیەک ئەگەر ئەو هێزانەی پشتیوانیش لە پرۆژەکەی ناکەن، هەوڵبدات نەبنە کۆسپ بۆ بەرنامەی نەخشەی رێگە نوێیەکە. دیار نییە قەیرانەکەی هەرێمی کوردستان بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات. ململانێی سیاسی کە کەرەستە دیموکراتییەکان و بیرکردنەوەی سیاسی تێیدا بالادەست دەبێت و گەشە دەکات، یاخود تەنگەژەنانەوە و بەدحاڵی بوون و هەڵوەشاندنەوەی کۆدەنگی و سەپاندنی تاکڕەوی، مەنتقی رابردوو بە سەر بیرکردنەوە لە ئێستادا. هەفتەی ئایندە دێمە سەر گرفتەکانی توێژاڵی سیاسی لە کوردستاندا.



رێبوار کەریم وەلی

rebwar2001@yahoo.com

# نیو سەدە لە مێژوو لە بەردەم دادگادا

هەفتەی رابردوو، نەوشیروان مستەفا هەفتەی رابردوو وەڵامی تاڵەبانی دایەوە. ئەگەرچی پێدەچێ لە هەندێک شوێن زۆر خاتری گرتبێت، بە تایبەتیش کە نەوشیروان مستەفا لە قسەکانی تاڵەبانی لە پلینیۆمی چوارەیەمی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بە خیانەتکردن تۆمەتبارکراوە. چاوەڕوان دەکرا لە زۆر شوێن زۆر توندتر بەرپەرچ بداتەوە، بەڵام ئەگەر ئەوا بەردەوام بن، لە راوندی دیکەی ئەم موناقەشەیە شتی دیکەش هەن کە دەگوترێن.

مێژووی سیاسی ئێمە، مێژوویەکی لێڵە کە سیاسییەکانمان دەینووسنەوە، چونکە ئەوان کاراکتەری سەرەکی هەموو رووداو گۆڕانکارییەکان بوونە بە ورد و درشتییەوە. زۆر سیاسیی کورد بە هەزاران نهێنییەوە چوونە ژێر گڵ، سەرەڕای ئەوەی تەمەن تەنگی پێهەڵچنیبوون کۆڵیان نەدا و نەیانکرد دەست بۆ قەڵەم ببەن و بنووسن. بە هەزاران نامە و بەڵگەنامە لە ئارشیفی تایبەتیدا تۆزیان لێ نیشتووە، ئەم بەڵگەنامە و نامانەن کە پێماندەڵێن ئێمە کێ بووینە. رووداوەکانی مێژووی سیاسیی کوردستان هێندە تاکمیحوەرن کە دانپێدانانی یەک تاک دەبێتە هۆی شیبوونەوەو دەرکەوتنی دەیان راستیی چەواشەکراو کە سالانێکە هەندێ شکست و ماڵوێرانی وەک سەرکەوتن و دەستکەوت دەرخواردی خەڵک دراوە.

موناقەشەی نێوان تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا، بەشێکی زۆر لە نهێنییە تۆز لێ نیشتووەکان، ئۆباڵە مێژووییەکان و هەڵە و کێماسییەکان ئاشکرا دەکات. کێ راست دەکات؟ تاڵەبانی یان نەوشیروان مستەفا؟ کامیان لەسەر هەقن؟ ئەم پرسیارانە پێموایە نابێ خەڵکی رۆشنبیر و نووسەر وەڵامیان بدەنەوە. لایەنگرانی سیاسیی هەردوولا دەتوانن دوای هەر وەڵامدانەوەیەک تەپڵی سەرکەوتن بۆ بەرامبەرەکەیان لێبدەن و سینگ دەرپەڕێنن، بەڵام خەڵکی رۆشنبیر و نووسەر دەبێ بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو فاکت و زانیارییانە بکەن کە لەو نووسینە سیاسی و مێژووییانەدا باسیان لێوە دەکرێت و بەپێی رەوشی رووداوەکان راستییەکان لە هەڵچوون و موزایەدەی سیاسیی یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەیاندا هەڵبهێنجرێت. زۆرن ئەوانەی کە دەکەونە ژێر کاریگەری و دەبن بە تەرەف. ئەمە هەڵەیە چونکە بنەڕەتی موناقەشەی نێوان تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا لە سەر دوو میحوەری بە خائینکردن و دۆزینەوەی تاوانبارێکی مێژوویی بنیادنراوە و موناقەشەکە بەو دوو بەستەرەدا هەنگاو دەنێت. نەوشیروان مستەفا لە وەڵامدانەوەکەیدا لە وەڵامی تۆمەتی کوشتنی خەڵک لە شار و لادێکاندا لەسەردەمی بەعس، ئۆباڵی قۆناخێکی دیاریکراو لە ئەستۆ دەگرێت، بەڵام چارەگە سەدەیەکیش لە بەرپرسیارێتی مێژوویی بۆ بەرامبەرەکەی بەجێدەهێڵێت. بۆیە ئەم موناقەشەیە ئەگەر ئاوا بەردەوامبێت، شاهیدی زۆر دانپێدانانی دیکەش دەبین. بەڵام مەرج نییە هەر دانپێدانانێک بەوە لێک بدرێتەوە کە دەبێ خێرا هەڵوێستی بۆ وەربگیرێت و وەک چەکێکی سیاسی بەکار بهێنرێت، چونکە راستییەکان هێندە زۆرن و هێندە تێکهەڵکێشی یەکترین کە ئاستەمە یەکیان بێ ئەوی دیکەیان مانای هەبێ.

نزیکەی نیو سەدە لە کاری سیاسی دوو کەسایەتی کە کاراکتەری سەرەکی بزووتنەوەیەک بوونە، ئێستا بەنووسین لەلایەن یەکترەوە دادگایی دەکرێن، ئەم رابردووە وەک پەمۆی هەڵلاجان لە پەڕە دەدرێت و باسی لێوە دەکرێت و ئەگەر ئاوا بەردەوام بێت کەم گۆشەی تاریک و نهێنیی ئەم مێژووە سیاسییە دەمێنێت کە رووناکی پێنەگات و کەم کەسایەتی سیاسی هەیە کە پێگەی راستەقینە و رووی راستەقینەی دەرنەکەوێت.



هێمن عەبدوڵڵا- ئەڵمانیا

hemen@live.nl

# ئەگەر وابێ با قەت نەبێ

ئەو کۆبوونەوەیەی ٢٠ کەسی ئەکادیمی و زمانزان لە کۆتایی مانگی رابردوودا لە هەولێر بۆ "دەستنیشانکردنی زمانی فەرمیی کوردی" ئەنجامیاندا، زۆرتر لە دانوستاندنی دوو لایەنی سیاسیی بەشەڕهاتوو دەچێ، وەک لە گەنگەشەیەکی ئەکادیمی. ئەوە بەڕوونی بە لێدوانی یەکێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکەشەوە دیارە کاتێک دەڵێ: "بەهیچ شێوەیەک قبوڵ ناکەین ئەو پرسە بچێتە پەرلەمان، چونکە خەڵکی سلێمانی و هەولێر ناتوانن چارەنووسی خەڵکی دهۆک یان زازا دیاری بکەن."

ئەو گەنگەشە توندانەی چەند ساڵێکە دەربارەی یەکلاییکردنەوەی پرسی زمانی فەرمی کوردی دەکرێن، ئەوەی لێکەوتووەتەوە کە هەم کرمانجی سەروو و هەم خواروو پێداگیریی زۆرتربکەن بۆ سەپاندنی شێوەزاری خۆیان بەسەر ئەوی دیکەدا. ئەوەش نە خێری زمانەکەی تێدایە و نە پرسە راستەقینەکەش کە خۆیەکلاییکردنەوەیە دەربارەی پرسی زمانی فەرمی چارەسەر دەکات.

دوو هەفتە پێش ئێستا لە وەرگێڕانی رۆمانێکی هۆڵەندی بوومەوە کە باسی ژیان لە شاری (بەغدا)ی پاش سەددام دەکات. کتێبەکە باسی ئەوەش دەکات کە چۆن عارەبەکانی ئەو شارە بە تۆقیوی روویان دەکردە باشووری کوردستان تا خۆیان لە ئاگری شەڕ پەنا بدەن، بەڵام لەوێ بەهۆی کوردینەزانینەوە کێشەیان بۆ دروست دەبوون. کاتێک ئەو بەشەی کتێبەکەم دەکردە کوردی، لە خۆمم پرسی: چی دەبوو ئەگەر بەیاسا ئەوە رێکخرابووایە کە ئەگەر هەر کەسێکی بیانی بۆ ژیان بێتە کوردستان پێویست بێت خولێکی زمان ببینێ و پاش وەرگرتنی بڕوانامەیەکی دانپێدانراو ئینجا بۆی هەبێ لەوێ بژیت؟ بەڵام کە وەبیرم هاتەوە زمانێکی فەرمیی کوردی بوونی نییە تا چانسی دەرچوونی یاسایەکی وا زیاد بکات، دالغەکەم شکاند.

ئەوە راستییەکی تاڵە کە تاوەکو زمانی فەرمیمان نەبێ، هەبوونی بڕگەیەک لە دەستووری عێراقدا کە زمانی کوردی بە فەرمی دەناسێنێ، تەنیا دانپێدانانی سەر کاخەزە. ئەو راستییەش زۆر تاڵە کە هەموو دنیا دەزانێ کاتێک کوردێک زمان نەزانێ و پێویستی بە وەرگێڕێک بە "کوردی" هەبێت، پێویستە لێی بپرسرێ کە مەبەستی کام "کوردی" یەیە؟ بەڵام لەوانە تاڵتر شیر و تیر لێک سوینی "زمانزان و کەسانی ئەکادیمی" خۆمانە کە لەجیاتی ئەوەی زەمینە بۆ گفتوگۆیەکی هێمن برەخسێنن و زەینی هاوزمانەکانیان بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو پرسە گرنگە ئامادە بکەن، لێدوانی توند دەدەن.

بەشبەحاڵی خۆم زۆرم پێ گرنگە کە ئەو زمانە فەرمییەی باسی دەکەین هەبێت. بەڵام ئەگەر ئەوە بە نرخی لەوە زۆرتر پارچەپارچە بوونی کورد و دەمارگیریی گێلانە لەنێوان هاوزمان و هاونیشتیمانییەکانماندا بێ، با قەت نەبێ



کاوە ئەمین - سوێد

kawe35@hotmail.com

# ئۆباما و بەرەکانی شەڕ

عومەر فاروق ئەبدولموتەلیب، گەنجێکی توندڕەوی ئیسلامی خەڵکی وڵاتی نێجیریایە، لە کۆتایی ساڵی رابردوودا هەوڵی تەقاندنەوەی فڕۆکەیەکی مەدەنی ئەمریکاییدا کە دەیویست 289 سەرنشین لە ئەمستەردامەوە بگوازێتەوە Detroit، بەڵام هەوڵەکەی سەری نەگرت، چونکە ئەو تەقەمەنییەی لەخۆی بەستبوو نەتەقەییەوە. سەرۆکی ئەمریکا ئۆباما لە وتارێکدا هەموو کەموکوڕیە ئەمنییەکانی خستە سەر شانی خۆی کە داوودەستگا ئەمنییەکانی ئەو وڵاتە نەیانتوانیوە لەکاتی خۆیدا، عومەر دەستگیر بکەن. ئۆباما هەمان ئاوازی جۆرج دەبلیو بوشی لێدایەوە: ئێمە لە شەڕداین، ئێمە لە شەڕداین لەگەڵ رێکخراوی قاعیدە.

دووبارەکردنەوەی قسەکانی بوش،بەڵام بەشێوەیەکی دیکە لەکاتێکدایە کە شەڕ لە ئەفغانستان بەردەوامە و پاکستان خەریکە بەتەواوەتی لە شەڕی تالیبانەکانەوە دەگلێت، ئێستا لە نیمچە دوورگەی عەرەبیش لە یەمەن، قاعیدە بەرەیەکی نوێی شەڕی کردووەتەوە کە مەترسی ئەوە هەیە ئارامی هەموو ئەو ناوچەیە تێکبدات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمریکا لەچەندین لاوە لەشەڕێکەوە بگلێت کە ئەنجامەکەی روون نییە، بەتایبەتی گرەنتی هیچ سەرکەوتنێکی نییە و دوور نییە ئەمریکا لەو شەڕانەدا دووچاری هەمان شکستی سۆڤیەت ببێتەوە کە لەکۆتایی هەشتاکاندا لەئەفغانستان تووشی بوو. بڕیاری ناردنی هێزی زیاتر بۆ ئەفغانستان لەلایەن ئەمریکاوە نیشانەی ئەوەیە کە تەرازووی شەڕ لەبەرژەوەندییاندا نییە، ئەوە جگە لەوەی کە حکومەتەکی کارزای یەکێکە لە گەندەڵترین حکومەتەکانی دنیا لە کاتێکدا کە ناتۆ و نەتەوەیەکگرتووەکان چاودێری باری ئەمنی ئەو وڵاتە دەکەن. لە عێراق دەبینین کە چۆن ئەو دیموکراتییەی ئەمریکا بەڵێنی دابوو لەوێوە بەسەر هەموو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ببیەخشێتەوە، خەریکە بەتەواوی فەشەل دەهێنێت، ئاخر لە هیچ وڵاتێکدا نەبووە لە گۆترە ژمارەی دانیشتوانی شارەکان بقەبڵێندرێت کە هەندێک شار جگە لەوەی لە بارێکی ئەمنی خراپ دایە، رێژەی دانیشتوانەکەی دووقات زیادی کردبێت، گەندەڵی دارایی و سیاسی لەو ناوچانەی کە ئەمریکا حاکمە لێی تا دێت بەرفراوانتر دەبێت.

هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە ئەمریکا بۆ خۆ رزگاکردن لەو تەنگژانە لەژێرەوە لەگەڵ بەعسییەکاندا دانوستاندن دەکات و لە ئەفغانستانیش خوازیاری ئەوەیە کە کارزای لەگەڵ تالیبانەکاندا بکەوێتە گفتوگۆوە، ئەوە تالیبانەکانن کە هەموو دانیشتنێک رەتدەکەنەوە، چونکە ئەوان پێیانوایە کە کارزای پیاوێکی ئەڵقەلەگوێی ئەمریکایە و هیچیتر.

گەورەترین کێشە کە رووبەڕووی ئەفغانستان و عێراق بووەتەوە، گەندەڵییە، کە وەک میکرۆبێک هەموو لاشەی سیستێمی سیاسی ئەو وڵاتانەی گرتووەتەوەو ئەگەر فریای خۆیان نەکەون ئەوا لەپەلوپۆیان دەخات و دادەڕمێن. مامۆستایەکی قۆناخی ئامادەیی لەئەفغانستان بۆ رۆژنامەیەک دەڵێت:"لە هەڵبژاردنی ساڵی 2004دا، خەڵک بە دەهۆڵ و زوڕناوە پێشوازییان لە دیموکراتی و ئەو پارەیە کرد کە لە دەرەوە هات و پێمان وابوو وڵاتەکەمان دەکەوێتە سەر پێی خۆی، بەڵام ئەوەتا لەم هەڵبژاردنەی دواییدا بینیتان کە خەڵک زۆر بەکەمی بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا کرد، چونکە پیاوەکانی حکومەت هەرچی پارەی ئەم وڵاتەیە لوشیانداوە."

ئەمریکا لەم شەڕانەدا سەرناکەوێت، چونکە ئەوان هیچ کاتێک مەبەستیان نەبووە و نییە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دیموکراتی بەو مانایەی کە لە رۆژئاودا باوە، بەخۆیەوە ببینێت، ئاخر کاتێک دیموکراتی هەبێت، هاووڵاتیان زیاترکاتی بیرکردنەوەیان دەبێت، کە ئەوەشیان بوو زیاتر تێدەگەن مافەکانیان چ وەک تاک و چ وەک نەتەوە چییە، ئەوکاتەش خەڵک هەروا بەسانایی رازی نابێت سەروەتی سەر زەوی و ژێر زەوی بەتاڵان ببرێت، یانیش زۆربەی بودجەی وڵات بۆ چەک کڕین لە وڵاتانی وەک ئەمریکا تەرخانبکرێت. رەنگە ئەمریکا بتوانێت هەندێک رژێم چەند ساڵێکی دیکەیش بە پێوە بوەستێنێت، وەک چۆن بۆ شای ئێران و سەدام و هەندێک وڵاتی ئەمریکای لاتین و ئەفریقیا کردیان، بەڵام ئەمریکا چەندیش بەهێز بێت ناتوانێ لەو هەموو بەرەی شەڕانەدا سەرکەوێت.

جۆی لیبیرمان، سیناتۆری ئەمریکی کە لەم رۆژانەدا لە عێراق بووە دەڵێت: "دوێنێ شەڕی عێراق، ئەمڕۆ شەڕی ئەفغانستان و ئەگەر فریای خۆمان نەکەوین، یەمەن دەبێتە ساحەی شەڕی سبەینێمان".

بەڵام ئەمریکا نایەوێت ئەوە بەبیر خۆی بێنێتەوە کە عومەر ئەبدولموتەلیبی، نێجیرییایی، لە لەندەن پەیوەندی بە قاعیدەوە دەکات و لە یەمەن مەشق دەکات و لەئاسمانی دیترۆید دەیەوێت خۆی بتەقێنێتەوە. عومەرەکانی قاعیدە لەو کۆمەڵگایانەوە پەیدادەبن کە گەندەڵەکان دوا پارووی مەمرەو مەژی لە دەمی هەژارەکان دەفڕێنن، هەتا ئەو ژینگانەیش هەبێت کە ئەمریکا خۆی لە ئافراندنیاندا شارەزایە، گۆڕەپانی شەڕەکان زیاتر دەبن، نەک بە پێچەوانەوە.



گاریس ستانسفیلد*

g.r.v.stansfield@ex.ac.uk

# دیاری کریسمس بۆ کورد

## ئایا کورد دەتوانێ خواستە زەحمەتەکانی بەدەستبێنێ تا ئەوکاتەی هیواکانی تەریبە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا؟

لە هەرێمی کوردستانی عێراق، سیاسەت و دیپلۆماسی پێچکردنەوەیەکی چاوەڕواننەکراوی بەخۆوە بینی. مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق 2009یەکی زەحمەتیان هەبوو. ئەوان سەرکەوتوو نەبوون لەوەی ماددەی 140ی دەستووری عێراق جێبەجێبکەن کە بریتییە لە پرۆسەیەکی سێ قۆناخی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی عێراق، کە ناوچەیەکی زۆر دەگرێتەوەو لەهەموویان گرنگتریش شاری کەرکووکە.

گرژی نێوان نەتەوەکان لەدوای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی ساڵی رابردوو، توندتربوون، کە کەرکووک لەو هەڵبژاردنەدا بەشدارنەبوو. لە نەینەوا کورد لە ئەنجوومەنی پارێزگا وەلانران و پارتێکی نەتەوەپەرستی عەرەبی بەناوی حەدبا شوێنی گرتنەوەو لە پەرلەمانی کوردستانیش، بارزانی و تاڵەبانی دووچاری رکابەرییەکی سەرسەخت بوونەوە لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە. بەڵام گەورەترین نیگەرانی بۆ سەرۆک بارزانی مەسەلەی ناکۆکی نێوان ئەوان و حکوومەتی بەغدابوو لەسەر بەرهەمهێنانی نەوت، کە حکوومەتی عێراق ئەو گرێبەستانە بە یاسایی دانانێت کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیای بیانییەکان مۆری کردوون.

بەڵام جارێکی دیکە و لە ساڵی 2003وە، بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بەرێکەوت لەگەڵ هیواکانی کورد گونجایەوە. پێویستبوون بەوەی کە دەبێ لەسەرەتای ساڵی 2010 هەڵبژاردن بەڕێوەبچێت، بۆ ئەوەی هەندێ سەقامگیری لە عێراقدا دابین ببێ، ئەمریکای زۆر پێویستی کورد کرد، بۆ ئەوەی پشتیوانی لە تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردنەکان بکات. ئەوانیش رازیبوون و بارزانیش لەلایەن رۆبەرت گەیتسەوە سەردانی کرا و قسەشی لەگەڵ بایدن و ئۆباما کرد. ئەو روونکردنەوانەی دوای ئەو قسەکردنانەش هاتن، باشترین دیاری کریسمس بوون بۆ کورد، کە ئەوانیش بریتی بوون لە پشتیوانیکردنێکی ئاشکرا لەبارەی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و نەوت و، هەوڵێکی ئاشکراش بوون بۆ دامرکاندنەوەی دڵەڕاوکێی سەرکردایەتی کورد لەبارەی گرەنتییەکانەوە.

ئەمە بەمانای سەربەخۆ بوونی کورد نییە، بەڵام بەو مانایە دێت کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی 2010ی عێراق و لە پرۆسەی سیاسی ئەو وڵاتەدا، ئەمریکا پشتیوانییەکی گەورە لە کورد دەکات. بێگومان کورد لە رابردوودا گوێی لە بەڵێنی ئەمریکا بووە (دیاریترینیان ساڵی 1991) کە جێبەجێ نەکران. بەڵام وادەردەکەوێت کە ئەمجارەیان جیاواز بێت، رەنگە تەنیا لەسەر ئەوەش بێت کە ئەمجارە ئەمریکا پێویستی بە کوردە بۆ بەردەوامبوونی پرۆسەی سیاسی عێراق. ئێستاش ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە ئایا کورد دەتوانێ خواستە زەحمەتەکانی بەدەستبێنێت تا ئەوکاتەی هیواکانی هاوتەریبە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا.

***گاریس ستانسفیلد، شارەزای سیاسەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە لە زانکۆی EXETER لە بەریتانیا و لێکۆڵەرە لە دەزگای جاسامی ئەمریکا.**

لە رۆژنامەی Independentی بەریتانی وەرگیراوە



گۆران محەممەد

goransalih@hotmail.com

# وڵاتێکی شلۆق

دەرکەوت، ئەگەر سیی ساڵیش بێت دەوڵەت بین، ئەگەر هەموو مانگێک دوو جار حکوومەتی یەکگرتوو دروست بکەین، ئەگەر هەموو سێ مانگ جارێک هەڵبژاردن بکەین و لە نێویدا دەیەها هاوپەیمانی دروستبکەین، دەرکەوت هەمووی فشۆڵ و ترەکەلەکێیە.

ئەی ئەوە نییە تاڵەبانی و نەوشیروان، کە پتری 40 ساڵ دۆستایەتی و هاوجەنگی یەکترین، هاوسەرکەوتن و هاوژێرکەوتنیان پێکەوە هەیە، لەکاتی جیابوونەوەی بەرژەوەندییەکانیاندا، لە یەکتری کەوتنە تەقە و بە رۆژی رووناک ئەم، ئەو تۆمەتبار دەکات و ئەمیان، کارە نابەجێیەکانی ئەویدیکەیان ئاشکرا دەکات. ئەها کورد هەر کە بەرژەوەندییان پێکەوە نەما چۆن لە یەکتری دەبنە دوژمن و سەنگەر لە یەکدی دەبەستن.

مایەی پێکەنین نییە تاڵەبانی و نەوشیروان، 40 ساڵ مێژوویان پێکەوە هەبێت، کەچی ئەمڕۆ بۆ ئەوەی لەوە پتر نەقەومێ، عەلی باپیر بکەوێتە نێوانیانەوە؟ مایەی ترس و تۆقانە بۆ ئێمەی خەڵکی ئەم وڵاتە، کاتێک دوو دەسەڵاتداری یەک حیزب، دوای وتارێکی ئەم و وەڵامدانەوەیەکی ئەو، ماڵ سووتاندن و تیرۆر و تۆقاندن لە شارەکانماندا بڵاوببێتەوە.

دەسەڵاتداری کورد، ئارەزووی خۆیەتی لە گەڵ کێ تەبایە و کەیفی بە کێ نایێت، بەڵام کەس بۆی نییە ئارامیمان لێ بخاتە مەترسییەوە، هیچ ئینسانێکی ئەم وڵاتە، هەرچی بێت پلەو پایەی، بۆی نییە مەترسی بۆ ژیانی رۆژانەمان دروست بکات. لەکوێ نموونەی وا هەیە، کاتێک سەرانی وڵات کە خۆیان بە پارێزەری ئەزموونی حوکمڕانی و زامنکاری خۆشگوزەرانی دەزانن، لە شەو و رۆژێکدا ببنە دادوەر و حوکمی مردن بە سەر نەیارەکانیاندا بدەن و لە تاریکایی شەودا پیاوە ترسناکەکان جێبەجێی بکەن؟ قوربان ئەوەی ئێوە دەیکەن نە دەچێتە قاڵبی خیلافی سیاسییەوە، نە پێی دەوترێت رای جیاواز. ئەمە شەرحی زۆری ناوێ چونکە یەک ناوی هەیە ئەویش تیرۆرە تیرۆر.

ئێوە هەر نەیارانی یەکتری ناتۆقێنن، ئێوە هەمووومان دەتۆقێنن، ژیانی هەمووومان دەخەنە مەترسییەوە، ئەرێ ئێوە ئەو راستییە دەزانن، کە ئارامی یەک سەعاتی بەر سەهۆڵەکە، هەموو مێژوو و خەباتی ئێوە دێنێت ئەگەر ئەو ترسەی بەدواوەبێت؟ ئێوە ئەو راستییە دەزانن کە بە ململانێی ناشەریفانە و تیرۆرئاساتان، هێندەی دیکە خۆتان رەزا گران و چارە نەویست دەکەن؟ ئەگەر باجی ئەوەی پەرلەمانێکی ئیفلیج و مردووومان هەبێت ئەوە بێت تیرۆرمان بۆ بڵاوبکەنەوە، ئەوە نە پەرلەمانەکەتان و نە خۆتانمان گەرەک نییە.

کورد نزیکەی سەت ساڵە داوای (تەساموح) لە نەیارانی بێگانەی دەکات، کەچی لە نێو خۆیدا یەکتری قەبووڵ نییە. ئەی ئەوە نییە بیست ساڵە بە دەستێکی زوڕنای دیموکراسی لێ دەدا و، بە دەستەکەی دیکەی دەهۆڵی شەڕ.



wanwilgenburg@gmail.com
ولادیمیر ڤان ویلخنبێرخ

# دۆزینه‌وه‌ی کوردایه‌تی له‌ کوردستان

سۆزان مه‌نده‌لاوی گۆشـــه‌یه‌کی له‌ ڕۆژنامه‌ی گاردیانی به‌ریتانی نووسیبوو و باسی ئه‌وه‌ی ده‌کرد که‌ سه‌رله‌نوێ هه‌ستی کوردایه‌تی له‌ کوردستان دۆزیوه‌ته‌وه‌، به‌ڵام من وا هه‌ستده‌که‌م که‌ به‌شێوه‌یه‌کی گشتی کورده‌کانی ئه‌ورووپا و ئه‌مریکا ناسیۆنالیستترن له‌ کورده‌کانی نێوخۆی کوردســـتان. ئـــه‌و ده‌رئه‌نجامگیرییه‌یش کـــه‌ مه‌نده‌لاوی کردوویه‌تی، هه‌ڵه‌یه‌.

مه‌نـــده‌لاوی چیرۆکی خۆی ده‌گێڕێته‌وه‌ که‌ چۆن له‌ ئوســـترالیا گه‌وره‌بـــووه‌ و هیچ بڕوایه‌کـــی به‌ کوردایه‌تی نه‌بـــووه‌. ئه‌و ده‌ڵێ "به‌هـــۆی ئه‌و فره‌ ڕه‌نگییه‌ی له‌ ئوســـترالیای فره‌کولتووردا هه‌یه‌، من وه‌ک کوردێک، یاخود عێراقی یان ئوسترالییه‌ک هیچ هه‌ستێکی ناسیۆنالیســـتانه‌م نه‌بوو". به‌ڵام ئه‌مـــه‌ش له‌به‌رئه‌وه‌یه‌ که‌ ئه‌و له‌ کولتوورێکی بیانیدا گه‌وره‌ بووه‌ و خه‌ریکه‌ زیاتر بیر له‌ ناســـنامه‌ی خۆی ده‌کاته‌وه‌.

قه‌ت له‌ کوردســـتان کوردێک له‌ کوردێکی دیکه‌ ناپرسێ "کورد" چییه‌، به‌ڵام ئوســـترالییه‌ک ده‌یه‌وێ بزانێ "عێراقی" یاخود "کورد" کێیه‌. ئێستا به‌هۆی ئه‌وه‌ی له‌ کوردستان ده‌ژیت، سۆزان هه‌ستده‌کات که‌ زیاتر شانازی به‌ کوردبوونی خۆیه‌وه‌ ده‌کات.

هه‌روه‌ها بۆ ئه‌و شتێکی چاوه‌ڕواننه‌کراو بووه‌ کاتێک هاوولاتییه‌کی کورد که‌ بۆ چه‌ندین ساڵ له‌ باشووری کوردستان ژیاوه‌، پێیگوتبوو "کوردســـتان هیچی بۆ من نه‌کردووه‌". ئه‌مه‌ش ئـــه‌وی زۆر تووڕه‌ کردبوو.

ئه‌وه‌ی من دوای چه‌ندین ســـاڵ تێبینیم کردووه‌ ئه‌وه‌یه‌ که‌ ئه‌و کوردانه‌ی له‌ کوردستان ده‌ژین که‌متر ناسیۆنالیستین وه‌ک ئه‌وانه‌ی له‌نێو کولتوورێکی بیانیدا ده‌ژین. ئه‌و په‌نابه‌رانه‌ی له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات ده‌ژین، زۆربه‌ی کات زیاتر شانازی به‌ ناسنامه‌ی خۆیانه‌وه‌ ده‌که‌ن. زۆربه‌ی کات ئه‌وانه‌ ته‌ماشا ده‌کرێن و پرسیاریان لێده‌کرێ: خه‌ڵکی کوێیت؟ به‌هۆی ئه‌و جیاکردنه‌وه‌یه‌شه‌وه‌، ئه‌وان بۆیان ده‌رده‌که‌وێت که‌ کولتووریان جیـــاوازه‌ له‌گه‌ڵ کولتووری ئه‌و وڵاته‌ی لێی ده‌ژین، بۆیه‌ش ناسنامه‌ی خۆیان لا گرنگتر ده‌بێت.

بێگومان ته‌نیا کورد وانین. من له‌ زانکۆ ناسیۆنالیزمم خوێندووه‌ و ئـــه‌وه‌ فێر بووم کـــه‌ زۆربه‌ی ئه‌و نه‌ته‌وانه‌ی لـــه‌ ئه‌ورووپا ده‌ژین وه‌ک تامیلـــه‌کان، تورکه‌کان، مه‌غریبییه‌کان و نه‌ته‌وه‌کانی دیکه‌ش به‌ هه‌مان شێوه‌ن. هه‌روه‌ها ئه‌و هۆڵه‌ندیانه‌ی که‌ له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵاتی خۆیان ده‌ژین زۆربه‌ی کات هۆشیارتر ده‌بنه‌وه‌ ده‌رباره‌ی ناسنامه‌ی خۆیان و رادیکاڵتر به‌رگریی لێده‌که‌ن. خۆیشم ئه‌وه‌م ئه‌زموون کرد کاتێک بۆ دوو مانگ له‌ کوردســـتان ژیام. بۆیه‌ ســـۆزان مه‌نده‌لاوی بـــه‌ ژیان له‌ کوردســـتان نا، به‌ڵکـــو به‌هۆی ژیان له‌ ئوســـترالیا ناسیۆنالیستتر بووه‌.

هه‌روه‌هـــا کاتێک ڕۆژنامه‌نووســـانی (ڕووداو) له‌ هۆڵه‌ندا له‌گه‌ڵ ڕۆژنامه‌نووســـانی (ڕووداو) لـــه‌ کوردســـتان بـــه‌راورد بکه‌ی، ئه‌و جیاوازییه‌ ده‌بینـــی. ڕۆژنامه‌نووســـانی (ڕووداو) له‌ هۆڵه‌ندا زیاتر له‌پێناو نیشـــتیمانپه‌روه‌ری و دڵســـۆزییان بۆ ناســـنامه‌که‌یان کار ده‌که‌ن، له‌کاتێکدا له‌ کوردســـتان ڕۆژنامه‌نووســـی ته‌نیا پیشه‌یه‌. له‌ هۆڵه‌ندا ژۆرناســـیۆنالیزمه‌ (ڕۆژنامه‌وانیی ناسیۆنالیستانه‌) یه‌، له‌کاتێکدا له‌ کوردســـتان زیاتر ژۆرنالیزم (ڕۆژنامه‌نووسی)یه‌. ئه‌و کوردانه‌ی عێراق که‌ لـــه‌ هۆڵه‌ندا ده‌ژین له‌ ئاهه‌نگه‌کانیاندا گۆرانی عه‌ره‌بی لێناده‌ن، له‌کاتێکدا له‌ کوردســـتان ئه‌وه‌ هیچ گرفتێک نییه‌ و زۆربـــه‌ی کات میوزیکی "دوژمن" لێده‌درێ. هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاشـــدا ناسیونالیزمی کوردی له‌لایه‌ن ده‌سته‌بژێری کوردییه‌وه‌ له‌ سه‌ده‌ی 19 له‌ ئیسته‌نبول و قاهیره‌ سه‌ریهه‌ڵدا، نه‌ک له‌ هه‌ولێر و دیاربه‌کر.

بۆیـــه‌ش له‌کاتێکدا کورده‌کانی کوردســـتان پێمده‌ڵێن ده‌یانه‌وێ بچنه‌ ئه‌ورووپا و کوردســـتان هیچی بۆ نه‌کـــردوون و هیچ هه‌لێکی بـــۆ نه‌ره‌خســـاندوون، کورده‌کانـــی ده‌ره‌وه‌ هه‌میشـــه‌ خۆزگه‌ به‌ گه‌ڕانه‌وه‌ بۆ کوردســـتان ده‌خوازن و په‌یوه‌ســـتبوونێکی سۆزدارانه‌ به‌ ناسنامه‌که‌یانه‌وه‌ هه‌یه‌ و هه‌ستده‌که‌ن ده‌بێ به‌رامبه‌ر کاریگه‌ریی ده‌ره‌کی به‌رگریی لێ بکه‌ن، نموونه‌شـــیان سۆزان مه‌نده‌لاوییه‌، که‌ ئێستا زیاتر له‌ هه‌ر کاتێک کولتووری کوردی لا گرنگه‌.





حه‌کیم کاکه‌وه‌یس
kakaways@hotmail.com

# زۆردار هه‌ر زۆرداره‌ سه‌ددام بێ یان مالیکی

ده‌ڵێن ئه‌مه‌ریکا پشـــتگیری له‌ کورد ده‌کا و مادده‌ی 140ی بۆ جێبه‌جێده‌کا. من به‌ هیچ شـــێوه‌یه‌ک باوه‌ڕ به‌و به‌ڵێن و پشـــتگیرییه‌ی ئه‌مه‌ریکا ناکه‌م، به‌ڵام هه‌ر ئه‌وه‌نده‌یه‌ له‌ سه‌ر کورد بووه‌ته‌ ماڵ و باوه‌ڕیش ناکه‌م نـــووری مالیکی ئه‌و به‌ڵێنه‌ی به‌ خه‌یاڵدا بێ. مالیکی، هه‌ر بۆ قه‌رزارکردنی کورد، له‌ به‌رپه‌رچدانه‌وه‌دا گوتوویه‌تی:"ڕاست نییه‌ لایه‌نێکی عێراقی پشتیوانی لایه‌نێکی ده‌ره‌کی وه‌ربگرێت، ئیتر ئه‌مه‌ریـــکا بێت یان هه‌ر لایه‌نێکی دیکه‌" (ڕووداو-92).

ئـــه‌و قســـه‌یه‌ی مالیکـــی، هه‌مـــان ئـــه‌و تۆمه‌تانـــه‌ی لـــه‌ نێوه‌ڕۆکدان که‌ به‌عسییه‌کان و ده‌سه‌ڵاته‌کانی پێشتری به‌غدا خوێنی کوردیان پێ حه‌ڵاڵ ده‌کرد، وه‌ک به‌کرێگیراویی ئیسرائیل و ئه‌مریکا، وه‌ک کرێگرته‌ی مه‌جووس و ئێران، وه‌ک تابووری پێنجه‌م و موخه‌ڕیب و خائینی وڵات، وه‌ک خه‌نجه‌ری به‌ر په‌راســـووی ئوممه‌ی عاره‌بی. به‌ڵام ئه‌مه‌یان نه‌ختێک ســـه‌رده‌میانه‌یه‌ و له‌گـــه‌ڵ ئاووهه‌وای دیموکراتییه‌ شـــپرزه‌ عیبره‌تکراوه‌که‌ی عێراقـــدا یـــه‌ک دێته‌وه‌. ده‌بـــێ کورد له‌ ســـێبه‌ری ئه‌و قســـه‌یه‌ی مالیکیدا، سێداره‌ و کوشـــتن و کۆڕه‌و و ته‌عریب ببینێ نه‌ک وه‌ک ده‌ربڕینێکی ڕاگه‌یاندن لێکیبداته‌وه‌ یا باوه‌ڕ بێنێ که‌ جه‌نابی، به‌پێـــی ده‌ســـتوور و یاســـا مافه‌کانی کورد ده‌ســـه‌لمێنێ. ئێســـتا که‌ عێراق به‌ره‌و هه‌ڵبژاردن ده‌چێ، مالیکی ئاوها قســـان بکا، دوور نییه‌ دوای هه‌ڵبژاردن هه‌مان ئه‌و قسانه‌ ورد بکاته‌وه‌ و قسه‌ی ســـه‌رده‌مه‌کانی دیکه‌ کاوێـــژ بکاته‌وه‌، ئه‌گه‌رچی دیار نییه‌ به‌ پیاوی کامه‌ لایه‌ن تۆمه‌تبارمان ده‌کا و خۆی ناحه‌زی بێ. تۆ بڵێی کورد جارێ له‌ جاران له‌ گوته‌ و ڕه‌فتـــاری ده‌ســـه‌ڵاتی به‌غدا به‌ده‌نگ بێ و ببێته‌ هۆی ڕووخاندنی ســـه‌رۆک وه‌زیرانێک یا تێکدانی حکوومه‌تێکیان؟!

تۆ بڵێی کورد له‌ به‌غدا، قورسایی هه‌رچه‌ندێک بێ، زاتی ئه‌وه‌ بکا گه‌مه‌ی سیاســـی له‌ ده‌سه‌ڵاتداران تێکبدا و پیلانیان ئاشکرا بکا؟

نـــووری مالیکی، هه‌مـــوو پشـــتگیرییه‌ک له‌ ده‌وڵه‌تـــی ئێران وه‌رده‌گرێ و به‌ لایه‌وه‌ ڕاســـته‌، ئه‌گه‌رچی ئێران له‌ باشووره‌وه‌ کێڵگه‌ نه‌وتییه‌کانی عێراقیش داگیر ده‌کا. عاره‌به‌ سوننه‌کانی عێراق پشـــتگیری ســـوورییایان بۆ کوشـــتن و بڕینیش هه‌یـــه‌ و قه‌یدی نییه‌، بـــه‌ره‌ی تورکمانی بووه‌ته‌ ســـه‌فاره‌تخانه‌ی تورکیا و چ عه‌یبه‌ی تێدا نییه‌، به‌ڵام درۆیه‌کی ئه‌مریکا بۆ هێورکردنه‌وه‌ی کورد، به‌ لای مالیکیه‌وه‌ ڕاست نییه‌ چونکه‌ کوردیش به‌ر یاســـا و ده‌ستووری عێراق ده‌که‌وێ!. ئه‌و یاسا و ده‌ســـتووره‌ش له‌ هه‌ر ڕووییه‌که‌وه‌ له‌ به‌رژه‌وه‌ندی کـــورددا بێ، که‌ لـــه‌ به‌رژه‌وه‌ندیشـــیدا نییه‌، له‌ عه‌مه‌لی ده‌خه‌ن و ســـاڵ له‌ دوای ســـاڵ بیانوو بـــۆ جێگیرنه‌بوون و جێبه‌جێنه‌کردنی ده‌هێننه‌وه‌ و ته‌نانه‌ت هه‌ندێ جار ئۆباڵی ده‌خه‌نه‌ ئه‌ســـتۆی کورد خۆی. که‌ زمانی کوردی له‌ عێراقدا بووه‌ته‌ زمانی ڕه‌ســـمی، کوا به‌ کوردی له‌ ســـه‌ر دراوی عێراقی نووســـراوه‌ و کـــوا کاری پێده‌کرێ؟ کوا جێبه‌جێکردنـــی مادده‌ی په‌کخـــراوی 140 و کوا گه‌ڕانه‌وه‌ی عاره‌بی ته‌عریب بۆ جێ و ڕێی خۆیان؟ ئه‌و یاسا و ڕێسایانه‌ خۆیان ناگرنه‌وه‌ که‌ هاوکاری لـــه‌ ئێران وه‌رده‌گرن و نه‌یاری سیاســـی خۆیانی پێ ده‌سڕنه‌وه‌، به‌ڵام قسه‌یه‌کی له‌ ئه‌مریکا کراو، کـــوردی پـــێ تۆمه‌تبار ده‌کـــرێ و ده‌یکه‌نه‌ ئه‌و درکه‌ی له‌ بن پێمانی ده‌ردێنن!

ئه‌مریـــکا پشـــتگیری لـــه‌ کورد نـــاکا به‌ڵکو قســـه‌یه‌کی بێ بـــاج ده‌کا و بیانوویـــه‌ک ده‌داته‌ ده‌ســـتی ده‌ســـه‌ڵاتی به‌غدا تاوه‌کـــو خۆیان بۆ کرده‌ی سه‌ربازی له‌ گه‌رمیان ئاماده‌ بکه‌ن و ده‌بێ کوردیش وه‌ک یه‌تیم ده‌ست بخاته‌ بان سه‌ری تا که‌مترین زلله‌ و چه‌پۆکی به‌ر بکه‌ون!

وا بۆ حه‌وت ساڵ ده‌چێ به‌عس ڕووخاوه‌، به‌ڵام که‌رکووک هه‌ر به‌ داگیرکراوی ماوه‌ته‌وه‌ و عاره‌بی ته‌عریب زیادیـــان کردووه‌، که‌میـــان نه‌کردووه‌. کێشه‌ی نێوان هه‌ولێر و به‌غدا له‌ مه‌سه‌له‌ی دارایی و نه‌وت و ده‌ســـه‌ڵات و بودجه‌، جگه‌ له‌ مادده‌ی 140 که‌ وه‌ک خۆی ماوه‌ته‌وه‌، هیچیان چاره‌سه‌ر نه‌کراون و نوێنه‌رانی کـــورد له‌ به‌غدا نه‌ باکیانه‌ نه‌ که‌س لێیان ده‌پێچێته‌وه‌، نه‌ ده‌کشـــێنه‌وه‌ و دڵیشـــمان خۆشـــه‌ یه‌کڕیزی و یه‌کهه‌ڵوێستییان پارێزراوه‌! ڕاسته‌ له‌ ته‌نازولکردن و ئاسانکاری بۆ ده‌ســـه‌ڵاتی مالیکی و به‌ فیڕۆدانی ماف و کات و خوێنی کورددا یه‌کڕیزی و یه‌کهه‌ڵوێستی خۆیان پاراســـتووه‌ و ئه‌گه‌ر ئه‌و یه‌کڕیزییه‌ ده‌ستکه‌وت بێ، خوای ده‌کرد کورد له‌ به‌غدا ده‌بووه‌ ده‌ ڕیز، تـــا هیچ نه‌بێ یه‌کێکیـــان نووزه‌یه‌کی لێوه‌ بێ و ئه‌وه‌نـــده‌ ئازایه‌تی تێدابێ جارێـــک له‌ جاران به‌ ده‌ســـه‌ڵاتدارانی نوێی به‌غدا بڵێ "نا!" یان یه‌ک دوو نه‌فـــه‌ر بۆ ناڕه‌زایی ده‌ربڕین هۆڵی په‌رله‌مان به‌جێبهێڵن!

کورد له‌ سه‌رده‌می گفتوگۆی شۆڕشی ئه‌یلوول و به‌عســـدا به‌وه‌ ناڕازی بوو مه‌سه‌له‌ی که‌رکووک بۆ ســـاڵی 1974 دوا بخرێ، که‌چی له‌ 2003وه‌ مه‌ســـه‌له‌ی که‌رکووک و گه‌رمیان بۆ کاتی نادیار دوا خـــراوه‌و وا حه‌وت ســـاڵ تێده‌په‌ڕێ و که‌س نییه‌ ناڕه‌زایی ده‌ربـــڕێ. ته‌نانه‌ت داوای ئه‌وه‌ش ناکه‌یـــن کفری و که‌لار و چه‌مچه‌ماڵ و خورماتوو بگه‌ڕێنه‌وه‌ ســـه‌ر که‌رکووک که‌ کارێکی ساکاره‌و ته‌نهـــا به‌یاننامه‌ یـــان مه‌رســـوومێکی کۆماری خۆمانه‌ی گه‌ره‌که‌!

باوه‌ڕکردن به‌ ده‌ســـه‌ڵاتی به‌غدا هه‌ڵخســـتنی په‌تی سێداره‌یه‌ بۆ سبه‌ینێکی نزیک و درۆزن هه‌ر درۆزنـــه‌ و زۆردار هـــه‌ر زۆرداره‌ و داگیرکه‌ر هه‌ر داگیرکه‌ره‌، جا چ ســـه‌ددام حوسێن بێ چ نووری مالیکی!



سلێمانێ ئالیخان - ئه‌ڵمانیا
silemani_alixani@yahoo.com

# خه‌بات و خێر

به‌ری ده‌مه‌کی پێشمه‌رگه‌یه‌کی قاره‌مان ب کۆمه‌کا برینانڤه‌، ســـه‌ره‌دانا ئه‌ڵمانیا کـــر و ل ده‌رمانێ وان دگه‌ریا. دۆســـتێن وی شۆره‌شـــگێرێ خانه‌نشـــین ژی کـــو کاربه‌ده‌ســـتێن حکومه‌تێ نه‌ و هه‌ر گاڤا حه‌زبکه‌ن بۆ زه‌وق و که‌یفێ سه‌ره‌دانا ڤان وه‌لاتـــان دکه‌ن. ڤیزه‌یـــه‌ک بۆ وی که‌ڤنه‌ هه‌ڤال یێ په‌ککه‌فتی وه‌رنه‌گرتن کو ڕاست ژ وه‌لاتـــی بفریت. ئه‌ڤجا قاره‌مانێ دووهی و که‌ڕ و کۆره‌یێ ئه‌ڤرۆ، نه‌چارما چه‌پده‌ته‌ وه‌لاته‌کـــێ دی و بهێت. ئه‌ڤـــه‌ ژی دیاره‌ قـــه‌ده‌را وی یه‌ وه‌کو پێشـــمه‌رگه‌ کو بۆ گه‌هه‌شـــتنا ئارمانجێ، ڕێکێن چه‌پوچویر ب بڕیت.

ده‌ما مه‌ بهیستی ئه‌و هێژایێ کو نیڤه‌کا زه‌لامێن مالا وی دشۆره‌شێ دا گیانێن خوه‌ ژ ده‌ست داین، ل ماله‌کا نزیک مه‌ یه‌، مه‌ ب پێویســـت زانی ئه‌م بچینه‌ خزمه‌تا وی به‌رکه‌تیێ کو شۆره‌شـــێ خوه‌شیێن ژیانا گه‌نجینیێ ژێ ستاندین و ئاگر و بارووتێ نیعمه‌تا دیتن و بهیســـتنێ لێ لاوازکرین. جوامێـــری گه‌له‌ک که‌یفا خوه‌ ب مه‌ ئینا، لـــێ داخواز ژ مه‌ کر ئه‌م خوه‌ ب ئاخفتنا دگه‌ل وی ماندی و مژوول نه‌که‌ین. چونکی وی نه‌باش های ژ مه‌ دبیت و نه‌ باش مه‌ دبینیت. دسه‌ر وێ ڕه‌وشا وی یا هه‌ڕفتی را ژی مه‌ حه‌ســـوودی پـــێ دبر، ژبه‌ر کو شیایه‌ ب سه‌رفه‌رازی قه‌رزێ وه‌لاتێ خوه‌ ل سه‌ر خوه‌ راکه‌ت.

نیڤرۆیـــا وێ ڕۆژێ ژی ئـــه‌م پێکڤـــه‌ ده‌رکه‌تینه‌ بازاری و ل ســـه‌ر داخوازا وی خه‌باتکه‌رێ کو به‌ری دوو ســـالان بوویه‌ حه‌جی، ئه‌م چووینـــه‌ مزگه‌فتا مه‌زنا ڤێ هه‌رێمێ و دگه‌ل ژۆرکه‌تنێ، بۆ مه‌ دیاربوو کو ئه‌و زه‌حمه‌تکێشـــه‌ هه‌ست ناکه‌ت کو خه‌باتا وی کاره‌کێ باشێ هێژای خه‌لاتکرنێ یـــه‌. چونکی ده‌ما چاڤـــێ حه‌جی ب وی ئاڤاهیێ جوان که‌تی گۆته‌ هه‌ڤاله‌کێ مه‌، "ئه‌ڤه‌یه‌ کارێ باش، ئه‌گه‌ر مرۆڤ جهه‌کێ هوســـا ئاڤاکه‌ت دێ پشتراســـت بیت و پالده‌ت". مه‌به‌ستا وی ژی ئه‌وبوو کو دێ جهه‌کی ل به‌هه‌شـــتێ مسۆگه‌رکه‌ت. واته‌ ئه‌و هه‌موو خه‌بـــات و قوربانیدانا وی، ب دیتنـــا وی نه‌ کاره‌کێ چاکه‌ کو ل ســـه‌ر بهێته‌ پاداشتکرن یان بچیته‌ به‌هه‌شتێ!.

ئه‌ڤ هزرکرنه‌ ژی ب باوه‌رییا من ئیسلامێ کرینه‌ دسه‌رێن لایه‌نگرێن خوه‌دا کو هه‌موو کارێن ل ده‌رڤـــه‌ی عیباده‌تێن وی ئۆلی، ناچنه‌ درێزا باشـــیێ دا ل ده‌ف خودێ و نابنه‌ بنگه‌ه بۆ چوونا به‌هه‌شتێ. له‌وما ئه‌و پێشمه‌رگه‌یه‌ ژی دبینیت کو خێرا پاراستنا گیانێ مرۆڤـــان و ڕزگارکرنا ئاخا وه‌لاتی، ناگه‌هیته‌ خێرا ئاڤاکرنا مزگه‌فته‌کا کو دێ زمان و کولتورێ وی مللەتی به‌لاڤکه‌ت یێ کو به‌ری هه‌ر تشتی مزگه‌فتێن وه‌لاتێ وی هه‌رفاندیـــن، ژن هه‌تکرین، زارۆک ئێتیم و سێوی هێلاین، زه‌لام ب زنیدی بنئاخ کرین، ئاسمان، ئاخ و ئاڤا وه‌لاتی ژی ب ڕه‌نگێن ژه‌هران تژی کرین؟! هه‌روه‌ســـا ئه‌ز دبێژم سه‌ده‌مه‌کێ دی یێ ڤێ بیرکرنا نێگه‌تیڤ، ڕه‌فتارێن ده‌ســـهه‌لاتدارانه‌ کو وی هه‌ستی بۆ شۆره‌شـــگێرێن خوه‌ چێناکه‌ن کو ئه‌و بزانن وان کارێـــن باش کرینه‌ دا ده‌روونێ وان ژی ئارام ببیت.

هه‌رچـــاوه‌ بیت پێشـــمه‌رگه‌یێ مه‌ ب برینێن خوه‌ڤه‌ زڤریڤه‌ کوردســـتانێ، ژبه‌ر کو چاره‌سه‌ریێ چه‌ندین هه‌یڤ و ب ده‌هان هزار یورۆ دڤیـــان، وی ژی تنێ ڤیزه‌یه‌کا چه‌ند ڕۆژی و چه‌ند هزار یورۆ هه‌بوون؟!.



ئه‌میر فندی
point@pointnumber.com

# شامی شه‌ریفه‌!

لـــه‌ ماوه‌ی چه‌نـــد ڕۆژی ڕابـــردوودا هه‌موومـــان چ لـــه‌ کوردســـتان و چ له‌ ده‌ره‌وه‌ی کوردستان ته‌ماشای چه‌ندین به‌رنامـــه‌ی ته‌له‌ڤزیۆنـــی تایبـــه‌ت به‌ ئاهه‌نگه‌کانی سه‌ری ساڵمان کرد.

له‌ ڕاستیدا به‌پێی دیکۆر و جلوبه‌رگ و مێـــز و کورســـی و بلاجکتۆره‌کانـــی ئه‌و به‌رنامانه‌ ده‌بێ کوردســـتان شامی شـــه‌ریف بێت! ده‌بـــێ وڵاتێکی پڕ بێت له‌ کێک و گاتۆ! ده‌بێ میلله‌ته‌که‌شـــی یه‌کجار ده‌وڵه‌مه‌ند بێت! هه‌روه‌ها ده‌بێت هه‌موو کۆڵانه‌کانی شـــار و شارۆچکه‌ و گونده‌کانیشی ڕۆناک و خاوه‌ن کاره‌بای به‌رده‌وامبن!.

بـــه‌ڵام به‌داخه‌وه‌،ئه‌م کوردســـتانه‌ی خۆمان که‌ خه‌ڵکی هه‌ژار و نه‌دار و دوور له‌ شاشـــه‌ ڕه‌نگینه‌کانی سه‌ته‌لایته‌کان باشـــتر ده‌یناســـن له‌ به‌رپرس و وه‌زیر و په‌رله‌مانتـــار و وه‌به‌رهێنـــه‌ره‌کان، وڵاتێکـــه‌ نه‌ کێـــک و گاتـــۆی هه‌یه‌ و خه‌ڵکه‌ ڕاسته‌قینه‌که‌شی نه‌ ده‌وڵه‌مه‌ند و نـــه‌ خـــاوه‌ن "وه‌نه‌وشـــه‌" یـــه‌ و نه‌ کۆڵانه‌ ته‌سکه‌کانیشـــی ڕۆناک و خاوه‌ن کاره‌بان!.

مه‌گـــه‌ر ئه‌و به‌رنامه‌ بـــێ ڕه‌نگ و پڕ له‌ مکیاژ و مێکاپ و ماســـک و درۆیانه‌ چین؟!

مـــن ده‌زانـــم ئه‌مانـــه‌ ســـه‌ته‌لایتی تایبـــه‌ت به‌ گۆرانـــی و کلیپ و ئاهه‌نگ و به‌رنامه‌ی هونه‌رین، به‌ڵام پێویستبوو ئه‌و هونه‌رمه‌نده‌ به‌ڕێزانه‌ی له‌و به‌نامانه‌دا ئاماده‌ببـــوون ئاوڕێکـــی بچووکیان له‌ مه‌ینه‌تییه‌کانی گه‌لـــی خۆیان له‌ ڕۆژ و ده‌رفه‌تێکی زێڕینی وادا بدابایه‌وه‌.

من سه‌یرم به‌ زۆربه‌ی هونه‌رمه‌ندانی کوردستان دێت که‌ پێشکه‌شکارانی ئه‌و به‌رنامانه‌ لێیان ده‌پرســـین: "تۆ چیت هه‌یـــه‌ بڵێی؟" لـــه‌ وڵامـــدا ده‌یانگۆت: "پیرۆزبایی له‌ گه‌لی کوردستان ده‌که‌م"! که‌چی ده‌بووایه‌ بڵێن: "من حه‌ز ده‌که‌م له‌ ڕۆژێکی ئه‌وها دا به‌ سه‌رۆکی کوردستان و تـــا ده‌گاته‌ بچووکترین به‌رپرســـی ئه‌م وڵاتـــه‌ بڵێم که‌ 100 هه‌زار دینار به‌شـــی خێزانێکی ئه‌نفالکراو ناکات. 150 هه‌زار دینار به‌شـــی که‌سوکاری شه‌هیده‌کان ناکات. 130 هه‌زار دینار به‌شـــی گه‌نجێکی تازه‌ دامه‌زراو یان گرێبه‌ستدار ناکات. (3-4-5) کاژێری کاره‌با به‌شـــی ژیان نـــاکات. (500) دۆلار زۆره‌ بـــۆ کرێـــی خانوویه‌کـــی نۆرمـــاڵ. نرخی برنج و شـــه‌کر و چا و شـــیر و میوه‌ له‌ نرخه‌کانی هه‌مان شـــتومه‌ک له‌ (دیمه‌شق و عه‌ممان و ته‌هران و ئه‌نقه‌ره‌) به‌رزترن".

پێویســـت بـــوو هۆنه‌رمه‌ندانـــی کوردســـتان که‌ زۆر خۆشه‌ویســـت و هێژانه‌ له‌لای خه‌ڵـــک له‌ ڕێگه‌ی ئه‌و به‌رنامانه‌ به‌ به‌رپرسه‌کانی کوردستان بڵێـــن: "با به‌س بێـــت گه‌نده‌ڵی. با به‌س بێـــت دوورکه‌وتنه‌وه‌ له‌ خه‌ڵک (ته‌نها ڕۆژانـــی هه‌ڵبژاردن نه‌بێت!"، بـــۆ ئه‌وه‌ی ئیدی ئـــه‌م وڵاته‌ش وه‌ک وڵاتانی جیهان پڕ بێت له‌ خۆشـــی، ده‌وڵه‌مه‌ندی،ڕۆناکـــی و تێر تێر بێت له‌ ئاوی خواردنه‌وه‌ و ڕزگاری بێت له‌ شـــه‌قامه‌ پیس و پڕ له‌ قۆرته‌کانی. ئه‌وسا هه‌موو سه‌ته‌لایته‌کانی خاوه‌ن به‌رنامـــه‌ ڕه‌نگینـــه‌کان ده‌توانـــن به‌ یه‌کده‌نگ بڵێن: کوردســـتان شـــامی شه‌ریفه‌!.

